# ژن و توندوتیژی

ناوی کتێب: ژن و توندوتیژی
نوسینی: زنجیره وتار
وەرگێڕانی: کنێر عەبدوڵڵا
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: بەختیار ئەورحمان
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: ٧٥٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
ژمارەسی سپاردن، (٢٢٧٩)ی ٢٠٠٨
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم - سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info

# ژن و توندوتیژی

وەرگێڕانی
کنێر عەبدوڵڵا

سلێمانی - ٢٠٠٨

زنجیره كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
كتێبی گیرفانی ژمارە(٩٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیره
ئازاد بەرزنجی

## ناوەڕۆک


١. توندوتیژی دژ بە ژنان

٢. توندوتیژی دژ بە ژنان ...(هۆکار و چارەسەر)

٣.نەخۆشی سەدەی ئێستا:توندوتیژی دژ بە ژنان: ئابڕوچوونە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا

٤. ژنان و توندوتیژییەکانی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (مرۆڤ وەک فەرش وایە چەند بەسەریدا بڕۆیت ڕەونەقتر دەبێت)

٥.ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و توندوتیژی خێزانیی

٦.گێچەڵپێکردنی سێکسی دژ بە ژنان

٧.ڕێبەری مەشقکردن بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژیی توندوتیژی خوێندنگەیی

پێشکەشە بەو مرۆڤانەی بەردەوام کار لەسەر خۆیان دەکەن تا توندوتیژی نەبێتە خەسڵەتێکی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویدا .

# پێشەکی

توندوتیـژی لـە سەرتاسـەری کۆمەڵگەکانـی دونیادا بە گشتی یەکێکە لە ڕەفتارە باوەکان کە بە جیاوازی کولتوور و سیستمە جۆربەجۆرەکانەوە بوونی هەیە.جۆر و شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت، دیارتریـن جـۆری توندوتیـژی ئـەو شـێوەیەیە کـە بەرامبـەر ژنان ئەنجـام دەدرێـت، ئەگەرچی هۆکاری جۆربەجۆر لەخۆ دەگرێت و پیادەکردنی لە شوێنێکەوە بۆ ئەوی دی جیاوازە.

کاریگـەری ئـەو پیادەکردنـەش نـەک تەنهـا ئاسـەواری خراپـی دەروونیـی و جەسـتەیی بۆ ژنـان لێدەکەوێتەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسـەر لەقکردنـی مرۆڤایەتـی و دواخسـتنی ڕەوتـی گەشەکردنی کۆمەڵگەش دەبێت.

لەو ڕوانگەیـەوە کارکردن بـۆ کەمکردنەوەو نەهێشـتنی توندوتیـژی دژ بەژنـان ئەرکـی هەمەلایەنـەی گەرەکە هەریەک بە پێی سـنوور و چوارچێوەی دەسـەڵاتی. هەڵبژاردن و وەرگێڕانی ئەم کۆمەڵە بابەتە جۆربەجۆرە دەروازەیەکی تری

کارکردنە سەبارەت ئاشنابوون وتێگەیشتنی زیاتر بــە چەمک، هــۆکار، ئاســەوار و دەرئەنجامەکانی توندوتیــژی دژ بــە ژنان جگــە لــەوەی هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنــی کتێبخانەی کوردی وبوونی ســەرچاوەی زیاتــر بە زمانی کــوردی تایبەت بە مەسەلەکانی ژنان.

بە هیوای سوودمەندی بۆ گشت خوێنەرێک

کنێر عەبدوڵلا

## توندوتیژی دژ بە ژنان

توندوتیـژی دژ بـە ژنـان لەسـەر بناغـەی ڕەگـەز لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا پیـادە دەکرێت و لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بۆ یەکێکـی دیکە ناگۆڕێت تەنهـا لـە چوارچێوەکەیدا نەبێـت، مێرد و باوک و نێرینەکانـی دیکـە بەشـێکی زۆری توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان پیادە دەکەن و دەشـێت ماڵ بە مەترسـیدارترین شـوێن دابنرێت بۆ ژنان جگە لەوەی ژن لە دەرەوەی خێزانەکەیدا بە کردارەکانی توندوتیژییەوە دەناڵێنێ لە ڕووی فرەشـێوازی و ئاسـتەکانەوە کـە پیاوانێک بەرامبەریـان دەکەن هیـچ نزیکبوونەوەیەکـی خزمایەتیـان نییـە لـە گەڵیانـدا، تەنها لە ڕوانگەی هەسـتکردنەوەیە بە سەرکەوتنی پیاوەتی، هەروەها ژنان لە دەرەوەی ماڵەکانیانـدا دووچـاری توندوتیـژی زارەکیـی، دەروونیی، جەسـتەیی و سێکسـی دەبنەوە هەر لە قسەی ناخۆش و گێچەڵ پێکردن تا کۆتاییهاتن بە لاقەکردن، جگە لەوەی لە شـوێنی کارەکانیاندا دەچێتـە ژێر باری مەترسـی وهەڕەشـە و تەنگ

پێهەڵچنینــی بەردەوامەوە لەلایەن لێپرســراوان و برادەرانیەوە (توندوتیژی گشتی).

دیــاردەی توندوتیــژی دژ بە ژنــان هیچ کات وەک ئیمــڕۆ جێی بایەخدان نەبووە بە شــێوەیەک دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان درکیان بە ڕادەی بڵاوبوونــەوەی ئەم دیاردەیە کــردووە لە جیهاندا بە گشت ناوچە پێشــکەوتوو و دواکەوتوەکانەوە وەک یــەک. ئــەوەش بووە هــۆی گۆڕانێکی نوێ بۆ کارکردن لەســەر مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ژنــان، پاش ئــەوەش بڕیارە نێــو دەوڵەتییەکانی بــە دوادا هات کە بــە دیاردەیەکی دەبینێت دەبێت بەرەنگاری لێبکرێت و ڕۆشنایی بخرێتە سەری بە مەبەستی بەرهەڵستیکردن لێی.

بڕیاری (ژمارە ١٩٩٠ / ١٥) ی ســاڵی (١٩٩٠) کــە لــە ئەنجومەنــی ئابــووری و کۆمەڵایەتیەوە دەرچوو بەو پێیەی (توندوتیژی دژ بە ژنان ئەگەر لە خێزان یان کۆمەڵگەدا بێت دیاردەیەکی بەربڵاوە سنوری داهات و چین و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە و پێویستە هەنگاوی بە پەلە بگرێتە بەر بۆ بەرگرتن لێی بەو پێیەی هۆکارێکی سەرەکییە بۆکەوڵکردنی ژنان بە مافەکانیان تەنانەت وەرگیراوەکانیشــیان و گەیاندنیان بە ئاســتێکی ئاشتیانەی کۆمەڵایەتی بەوەی بکرێتە هەژاری هەژارەکان.

له دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکاریانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیان کرد بە تەرخانکردنی ماوەیەکی دیاریکراو لەهەر ساڵێکدا لە (٢٥/ ١١ تا ١٠/ ١٢ لە ساڵی ١٩٩١)ەوە کە لەو ماوەیەدا هەڵمەتی جیهانی ڕێک بخرێت بۆ قەڵاچۆکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان و ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەم دیاردەیە لە گشت ڕوویەکیەوە جگە لە هەڵێنجانی ئامرازە پێویستەکان وجوڵاندنی گشت پێداویستییەکانی پێویستن بۆ زاڵبوون.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی(١٩٩٣)دا ڕاگەیاندننامەیەکیان دەرکرد تایبەت بە ڕێگرتن لە توندوتیژی دژ بە ژنان و بڕیاری دامەزراندنی موقەررێکی تایبەتی بۆ درا لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ساڵی ڕۆژی جیهانیدا بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژی دژ بە ژنان بۆ یەکەم جار لە لایەن داکۆکیکەرانی مافەکانی ژنانەوە لە ئەمریکای لاتینی و کاریبیدا بڵاوکرایەوە، ئەم هەنگاوە ڕووداوی سێ ڕاهبەی بە بیرهێنانەوە لە کۆماری دومنیکان و لاقەکردن و کوشتنیان کە دواتر بوونە هێمایەک بۆ بەرگریکردن، لە ساڵی(١٩٩٩)دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا کە ڕۆژی(٢٥ی تشرینی دووەم) بە ڕۆژی جیهانی

دابنرێـت بۆ زاڵبوون بەســەر توندوتیـژی دژ بە ژنــان بــە بڕیــاری (ژمــارە ١٥٣/٥٤)، پاشــان لە لایــەن کۆنگــرە نێونەتەوەییەکانی پەیوەســتن بە کاروبــاری ژنــان و مافەکانی مرۆڤــەوە بایەخی بەخــۆوە بینی دەربارەی ئەم دیاردەیە بووە هۆی دروســتبوونی زۆرێـک لە کۆمەڵــە ئەهلییەکان لە پێناو چارەسەرکردن و پێشکەشکردنی یارمەتی و ڕاهێنان و چارەسەرکردنی قوربانییەکان لە گشت وڵاتانی جیهاندا لەسەر ئەو بناغەیەی دیاردەیەکی جیهانییــە ســنووری جوگرافــی و ڕۆشــنبیری و سیاســی وڵاتــان دەبەزێنێ بــەدەر لــە جیاوازی ڕادە و شــێوازەکانی نێوان وڵاتێک و ئەویدیا یان ڕۆشنبیری و یەکێکی تر.

## پێناسەی توندوتیژی دژ بە ژنان

هــەر کارێکی تونــدی دوژمنکارانە یان بەزەبر یاخــود ڕســواکردن دەگرێتــەوە کــە بەهــۆی دەمارگیری ڕەگەزییــەوە ڕوودەدات بەهۆی هەر ئامرازێکــەوە کە بەهۆی مێینەبوونی هەر ژنێکەوە دەرهەقی دەکرێت و بەهۆیەوە ئازاردانی دەروونیی، جەســتەیی، سێکســی لێدەکەوێتەوە، یان نالاندن لەوانە: هەڕەشــەکردن بە کــردەوە لەو بارەیەوە، زۆرلێکردن، ناچارکردن و بێبەشبونی زۆردارانە لە ئازادی گەر ئەوە لە ژیانی گشــتی یان تایبەتیدا ڕوو بدات. لەو پێناسەیەوە تێدەگەین توندوتیژی هەر کردەوەیەکی مەبەســتدار یان بێمەبەستە کە دەبێتە هۆی ئازاردانی دەروونیی یان جەســتەیی یاخود سێکســی بۆ ژنــان، بۆ نمونە دوژمنکاری، ســوکایەتی بە توندوتیژی دادەنرێن جگە لە گشت ئەو ئازارانــەی دەبێتە هــۆی بێزاربوون، ترس و هەڕەشە یان هەر کردەوەیەک کەلە لایەن پیاوەوە پیادەدەکرێــت لە خێزان یان لــە کۆمەڵدا بێت هەر لە لۆمــە، گێچەڵپێکردنی سێکســی، بەکارهێنانی

توندی دژیان، کەمکردنەوە لە بەهایان وەک مرۆڤێک، ناچارکردنیان بەکردەوەیەک کە نەیانەوێت ئەنجامی بدەن، بێبەشبوونیان لە مافەکانیان تا ڕادەی لاقەکردن یان کوشتن کە بە توندوتیژی دژ بە ژنان دادەنرێت.

## هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

-١هۆکاری مێژوویی ڕۆشنبیری: توندوتیژی دژ بــە ژنــان وەک دیاردەیــەک بەهــۆی بوونــی پەیوەندییــە ناهاوســەنگەکانی ژن و پیــاوەوە لە کۆنــەوە ســەریهەڵداوە، بەپێی مێــژوو بوە هۆی زاڵیتی دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا و پیادەکردنی جیاکاریەکان دژیان جگە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بــۆی، لــەو ڕوانگەیەوە د. لیلی عبــد الوهاب بەم جۆرە لەسەر توندوتیژی خێزانیی دەدوێت: یەکێکە لە لایەنەکانی ڕەفتاری دوژمنکارانە کە دەرئەنجام پەیوەندیەکی هێــزی ناهاوســەنگی لێدەکەوێتەوە لــە چوارچێوەی دابەشــبوونی کاردا لە نێوان ژن و پیــاوی نێوەنــدی خێزانــەکان وئەوەی لەســەر ئــەو بناغەیە ڕێکدەخرێت ســەبارەت دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگــەی هــەر تاکێــک لە تاکەکانــی خێزان و بــە پێی ئەو سســتمە ئابــووری و کۆمەڵایەتیە بــاوەی لە کۆمەڵگــەدا پیادە دەکرێــت، ئەو پیادە کردنــە کۆمەڵایەتییــەی وابەســتەیی ژن بە پیاوە وە دەســەپینێ بــە پێی مێــژوو دەرهاویشــتەی

کۆمەڵــێ چەمکــی رۆشــنبیری دەق پێوەگرتووی بەرهەمهێناوە بۆ هەریەک لە رۆڵی پیاوان و ژنان وهەریەکەیان بە شــێوەیەک پەروەردە دەکات کە بەهای پیاوەتی و توندوتیژی تیایاندا دەچێنێ.

پەیوەست بوونی توندوتیژی بە ژیانی ژنانەوە لە گشت لایەنەکانیەوە لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی ئەو چەمک و بەها رۆشــنبیرییە نێرینــە جێگیرەیە کە رۆڵــی گێرا لە تەشــەنەکردنی ئــەو دیاردەیەدا و سەرشۆڕکردنی ژنان بۆی بەدەر لەو رۆشنبیری و داب و نەریتانــەی سیاســەتێکی کوێرانــە و خۆســەهوکردنیان هەیە سەبارەت ژنان کە وایان لێدەکات بە ساناترین مافیان نائاشنا بن و نەتوانن چێژی لێوەربگرن.

-٢هۆکارەکانــی راگەیانــدن: ئامرازەکانــی راگەیانــدن کە هەڵدەســتێت بە پەخشــکردنی ئەو وێنــە و پروپاگەنــدە و ریکلامانــەی ژنــان وەک کالایەکــی ســووک بەکاردەهێنن کــە کاریگەری دەبێــت بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و تێڕوانینی جنســیانە ســەبارەت بە ژنان جگە لەوەی هاندەر دەبێت بۆ ئیباحیەت و مەسەلە خراپەکانی دیکە بۆ ئەخلاقیاتی گشتی.

-٣هــۆکارە پەروەردەییــەکان: کەموکــوڕی یــان پێواری (غیــاب) گەورەی نــاو ئامرازەکانی

پــەروەردە و فێرکــردن لــە بناغــەی پێکهاتــەی کۆمەڵایەتی ڕاســتیدا تایبەت بــە کاری پەیوەندی نێــوان ژن و پیــاو، گرنگــی ئاڵوگۆڕکردنی ڕێز، یارمەتــی ودڵســۆزی نێوانیــان جگــە لــە تەرکیز نەخســتنە ســەر پەرەپێدانی کەســایەتی تەواوی کچان و کوڕان لەسەر بناغەی ڕێزی خود و ئەوی دیکــە دەرفەت لەبــەردەم هەڵمەتبردن واڵا دەکات سەبارەت چەمکە زیانبەخشەکان لە ئەقڵیەتەکاندا.

٤-هــۆکارە کۆمەڵایەتییــەکان: بایــەخ نــەدان بــە بابەتــی توندوتیــژی دژ بــە ژنــان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەر لە لایەن خودی قوربانی یــان کۆمەڵگەوە بێت بەو پێیــەی کارێکی تایبەتی خێزانییە یان شــاردنەوەی لەســەر گشــت ئاستە کۆمەڵایەتیــەکان و غیابی لێکۆڵینەوە و ئامارەکان لــەو بارەیەوە یاخود نەبوونی ناوەندی ڕاهێنان و یارمەتیدانی قوربانیەکان مەسەلەیەکە دەبێتە هۆی زیادبوونی توندوتیژی دژ بە ژنان.

٥- هــۆکارە ئابوورییــەکان: بارودۆخــی ئابــووری خێزانەکان و نیشــتەجێ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێــڕێ لــە بوونی توندوتیــژی دژ بــە ژنان لە خێزانــدا بەشــێوەیەک نەتوانیــن بــۆ دابینکردنی پێداویســتیەکانی خێــزان و ڕاکــردن لێــی یاخود تەســکی مــاڵ و زۆری خزمەتــکار تیایــدا دەبێتە

هۆی ڕوودانی ناکۆکی بەردەوام کە دەگاتە ئاستی توندوتیژی، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت فاکتەری ئابووری گرنگ نیە هۆکارێک بێت بۆ ڕوودانی توندوتیژی دژ بە ژنان هەروەک زۆربەی لێکۆڵینەوە و ئامارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە توندوتیژی تەنها بە چینێکی کۆمە ڵایەتیەوە قەتیس نەکراوە

## سەرچاوەی زانیارییەکان دەربارەی توندوتیژی خێزانیی دژ بە ژنان:

تـا ئیمـڕۆ کێشــەی توندوتیـژی دژ بـە ژنان لــە وڵاتەکەمانــدا دەناڵێنێ بە دەسـت کەمیی ئەو زانیاریانەی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە مەوداکانی ئەم کێشە گرنگە لە ڕووی هۆکار و دەرئەنجامەکانیەوە ئەوەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لەوانە: تا ئێستا ئــەو باســانە دەچێتە چوارچێــوەی تایبەتمەندێتی خێزانــەوە کــە بۆ کەســانی دیکــە نییــە بیزانن و بەشداری تێدا بکەن، کارکردن بەوەی توندوتیژی یەکێکــە لە ئامڕازەکانی پەروەردە و تەمێکردن کە خاوەندارێتــی دەدرێتە پیاوانی خێــزان، نەبوونی ئامــاری ڕەســمی لــەو بارەیــەوە، تۆمارنەکردن یان بەدۆکیومێنتنەکردنــی توندوتیژی خێزانیی لە وڵاتەکەمانــدا، نەبوونــی ســەنتەری زانیاری کە ئامار و ژمــارەی ورد دەربارەی ئەو مەســەلەیە بــدات، لەبــەر ئــەوە دەتوانین وەک کێشــەیەکی کۆمەڵایەتــی دابنێین جگــە لەوەی ئامــاژەکان بە بوونــی ئەو کێشــەیە هەن بە شــێوەیەک زۆرێک

لەو کەســانەی بایەخ بە مەسەلەکانی ژنان دەدەن لێکۆڵینەوەیان لەو بارەیەوە کردووە و هەندێ لەو لێکۆڵینەوانە دەکرێت وەک نموونە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت نەک دەستی بەسەردا بگیرێ:

- لێکۆلینەوەیــەک کــە مامۆســتا انــس حبیب ئەنجامیــدا لەســەر پەیمانــگای کچــان (لە ٩-١٨ ساڵ) لە دیمشقدا

- لێکۆڵینەوەیەک کە دکتۆر عدنان مسلم ئەنجامیدا لــە ژێر ناوی (لاوان و گۆڕانــکاری کۆمەڵایەتی لە سوریا) (نمونەی لێکۆڵینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی دیمشق بوون) ساڵی ١٩٩٧.

- لێکۆڵینەوەیــەک کە د. نجوی قصاب حســین ئەنجامیدا بە ناوی (تەڵاق) لە یەکێتی ژنانی سوریا.

- لێکۆڵینەوەیــەک بە ناوی (توندوتیژی دژ بە ژنان لە سوریا) کە لە لایەن د. ئامال عبد الرحیم ئەنجامدرا ساڵی ١٩٩٦.

- کتێبێک کە د. ئامال عبد الرحیم دەریکرد بە ناوی (تەڵاق کێشەیە یان چارەسەر) لە دیمشق ١٩٩٥.

- لێکۆڵینەوەیــەک کە یەکێتی ژنانی گشــتی لە سوریا ئەنجامیدا بۆ ساڵی ٢٠٠٠.

- لێکۆڵینەوەیەک کە لە لایەن دەزگای شموس ئەنجامــدرا بــە بۆنــەی دیــداری دووەم لــە ڕێی دیاریکردنــی نموونەیەکــی هەڕەمەکــی لە گشــت

ناوچەکانی سوریا دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان ساڵی ٢٠٠٢.

- زۆرێک لەو بابەتانەی کە لەم دواییەدا بڵاوبۆوە لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا بۆ نموونە ئاماژە دەدەین بەوەی لە ڕۆژنامەی (نور) دا بڵاوبۆوە ژمارە ١٧ لە بەرواری ٢-٩-٢٠٠١.

کە جەختی لە بوونی ڕێژەیەکی ترسناک کردەوە بۆ توندوتیژی خێزانی لە سوریادا لەوەی لە لاپەڕە ١١ نووسرابوو دەربارەی ئەو حاڵەتانەی سەردانی کۆمەڵەی سوری دەکەن بۆ زانستە دەروونییەکان.

هەروەها ئاماژەمان بەوە کرد ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجامدرا بۆ نموونە مامۆستایان، و خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردە لە زانکۆکانی سوریادا هەستان بە ئەنجامدانی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان دەربارەی ئەم کێشەیە بەڵام پێواری سەنتەرێکی پسپۆر بە مەسەلەکانی ژنان وا دەکات دەستکەوتنی هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و ژمارە ئامارییانە مەسەلەیەکی مەحاڵ بێت هەروەها یەکێتی ژنانی سوریا و هەندێ لە کۆمەڵە ئەهلییەکانی وەک کۆمەڵەی ڕێکخستنی خێزان هەندێ لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا

دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ڕێی وەرشەی کار و ئەو ژنانەی سـەردانی ئەو کۆمەڵانە دەکەن بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و هاوکاری.

وە لە پاڵ ئەو لێکۆڵینەوانەدا ڕاگەیاندن بە یەکێک لە سـەرچاوە زانیارییـەکان دادەنرێت دەربارەی توندوتیـژی دژ بە ژنان بۆیە لە گۆڤار و ڕۆژنامە ڕۆژانەکانـدا زۆرێک لە تاوانـەکان بڵاودەکەنەوە دەربـارەی ئـەو توندوتیژییەی دووچـاری ژنان و کچـان بۆتـەوە لەناو خێـزان و دەرەوەیدا، بە شـێوەیەک لەلاپەڕە (شۆڕش) ی (ژمارە ١١٠٨٧ لـە بـەرواری ٢/٢/ ٢٠٠٠) چیرۆکـی منداڵێکـی بڵاوکـردەوە بە ناوی زینەی تەمەن (٨) سـاڵ کە پاش لە دەسـتدانی گیانی ڕەوانەی نەخۆشـخانە کـرا و بـە پێـی گومانـی پزیشـکەکان توێکاری جەستەییان بۆ ئەنجامدا و دەرکەوت کە دووچاری لاقەکردن و هێرشـکردنێکی وەحشیانە بۆتەوە لە لایـەن کۆمەڵێک هەرزەکار کـە تەمەنیان لە نێوان (١٢-١٥) سـاڵە لە کاتێکدا لەگەڵ کەسـوکاری بۆ ئاهەنگێک ڕۆشـتوە و پاشان ڕاپێچیان کردووە و هێرشـیان کردۆتە سـەری و بەسـەختی تووشی خوێنبەربـوون بووە وکوشـتویانە، وە لە هەمان ژمارەی ئـەو ڕۆژنامەیەدا چیرۆکی مێردێک باس دەکات کـە ژنەکەی کوشـتووە و لێکۆڵینەوەکانی

پۆلیســیش ئامــاژه بــەوه دەکــەن کــە تووشــی نەخۆشــی مێشــک بووه.  وه لە هەمان ڕۆژنامەدا بــەڵام لە (ژماره ١١٠٩٠له بــەرواری ٢/٥/ ٢٠٠٠) دا بــاس لە چیرۆکــی ڕوَزیت دەکات کە لەکاتی لە دایکبوونیەوەی باوکی دایکی تەڵاق دابوو و ڕۆژێک دایکی نەبینیبوو و لەسایەی باوک و باپیریدا دەژیا کە بەتوندی و لێدان مامەڵەیان لە گەڵیدا دەکرد تا ئەو کاتەی لە ماڵەوه هەڵهات و لەباخی گشتیدا بە لاوێک گەیشــت کە ناوی ئەحمەد بوو و بردی بۆ ماڵی خوشکەکەی و پاشان بۆ سەربازی ڕۆشت و زۆری پێچوو و لەو کاتەدا مێردی خوشکەکەی ئەو دەرفەتەی بەهەلزانی و هاوسەگیری لەگەڵ پێکهێنا و داوای بازرگانیلێکردنــی لێکــرد بەجەســتەیەوه بۆیــە هەڵهات و گەڕایــەوه بۆ ماڵی باوکی ودواتر باپیری هاوکاری کرد تا تەڵاقی وەرگرت،  پاشــان بــۆ جاری دووەم باوکی بە شــوویدا بەرامبەر بە ســەد هەزار بۆ پیاوێــک کە ئامانجــی بوو کاری داوێنپیســی پێ بکات لەسەرەتاوه قایل بوو بەڵام نەیتوانــی تەحمــول بــکات بۆیە خۆی تەســلیمی پۆلیس کرد  ومالْئاوایی لە پەیمانگەی کچان کرد.

ویســتم وەک نموونەیــەک بــاس لــەو دوو چیرۆکــە بکــەم. چونکــە ڕۆژانــە ولــە گشــت هەفتەیەکی ڕۆژنامەکاندا  چیرۆکی ئەو کچ و ژنانە

دەخوێنینەوە کە دووچاری لاقەکردن یان کوشتن و شێوازەکانی تری توندوتیژی بوونەتەوە.

بەدەر لــە ئامڕازەکانی ڕاگەیانــدن تۆمارگەی دادگاکان شـــەرعی بێت یـــان دادوەری لێپێچینەوە یاخود دادگای ســزادان بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریەکان دادەنرێت دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان بۆ نموونە لە تۆمارگەی دادگا شەرعییەکاندا ســکاڵای جیابوونـــەوە هەیــە بەهــۆی لێــدان، لۆمەکردن و خراپ بەکارهێنان و کۆدەنگی لەسەر جیاوازیەکان وە لە تۆمارگەی ســزادانـدا ســکاڵای لاقەکردن و گێچەڵپێکردن وئازاردان و شــێواندنی ئەندامەکانی لەش و کوشتن بەدیدەکرێت.

## توندوتیژی خێزانی چییە ؟

ئەو سـەرچاوە گەورەیـەی بـێ جیاکردنەوە هەڕەشـە لـە ژنـان دەکات پیاوانـی ناسـیاون نـەک بێگانـە، کـە زۆرجار خـۆی لـە تاکەکانی خێـزان و مێردەکانـدا دەبینێتەوە، ئـەوەی جێی سەرسوڕمانە ڕادەی چوارچێوەی ئەو کێشەیەیە کـە لە زۆربـەی ناوچەکانـی جیهانـدا لێکدەچن. بەشـێوەیەک لـە لایـەن ملیۆنەها ژنـەوە ماڵ بە شـوێنێک دانانرێت کە متمانەیـی و ئارامییان پێ ببەخشـێ، بەڵکوجێگەیەکە ترس باڵی بەسـەردا کێشاوە چونکە توندوتیژی خێزانیی بە زیاترین و بەربڵاوترین شێوازەکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان دادەنرێت کە لە کۆمەڵگەدا قبوڵ کراوە و دووچاری گشت ژنانێکیش دەبێتەوە بە جیاوازی گشت چینە کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، ئاین و تەمەنەکان لە لایەن ئەو پیاوانەی ژیانیان لە گەڵدا دەگوزەرێنن.

هەروەهـا توندوتیـژی خێزانیـی دیاردەیەکی جیهانییـە و بـەدەر لـە جیـاوازی ژمـارەکان لە نێـوان وڵاتێک بۆ ئەویدی ئـازار و مەینەتییەکان

هاوشـێوەن  و هۆکارەکانی لە گشـت شـوێنێکدا وەک یەکن.  بە شێوەیەک تێڕوانین بۆ توندوتیژی خێزانـی دژ بـە ژنـان لـە ڕابـردوودا کارێکـی کەسـێتییە نەک مەسـەلەیەک بێت پەیوەست بێت بە مافە مەدەنییەکانەوە. بەڵام لە مرۆدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی ڕاست پەی بەو ڕاستییە برد بـەوەی مەسـەلەیەکە لە مەسـەلەکانی مافی مرۆڤ.  وە بەپێی ژمارەکانی لە بانکی نێودەوڵەتیدا هەن،  ئەو ژنانەی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا دووچـاری ئـازاری جەسـتەیی و دەسـتدرێژی سێکسـی بوونەتەوە کەمتر نییـن لە (٪٢٠).  جگە لەوەی ڕاپۆرتە ڕەسمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بـاس لەوە دەکەن کە:  لەگەڵ تێپەڕبوونی گشـت پانـزە چرکەیەکدا ژنێـک دووچـاری لێدانی توند دەبێتەوە وە لە گشـت سـاڵێکدا (٧٠٠) هەزار ژن دووچاری لاقەکـردن دەبێتـەوە و(٪٣٠)ی ژنانی ئەمریکـی ڕووبـەرووی توندوتیـژی و (٪٩٥) ی قوربانیانـی توندوتیژی لە فەرەنسـا و (٪٥١) یان قوربانـی توندوتیژیـن لە لایەن مێـردەوە  وە لە هنـددا (٪٤٠) ی ئەو ژنانەی ژیانی هاوسـەرێتیان پێکهێناوە دووچاری شەق و شەپازلە و ئازاردانی جنسـی دەبنەوە بەهـۆی نارەزایـی مێردەکانیان لـە پاکردنـەوەی مـاڵ یـان ئیرەیـی یاخـود بێ

هیــچ هۆیەک، وە لــە (٣٥٪) ی ژنان لە میســردا دووچاری لێدان دەبنەوە لە لایەن مێردەکانیانەوە. هەروەهــا توندوتیــژی خێزانیــی لــە لوبنانــدا بە ڕێژەی (٣٥٪) ناوزەند دەکرێت. دەشــێت بوترێت توندوتیــژی خێزانیی ئەو مامەڵە خراپەیە کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە گەر لە ماڵە باوک بێت یان ماڵی مێرد کە تەمێکردن بە مافێکی خۆیان دەزانن. جگــە لەوەی توندوتیژی خێزانیــی بە ئابڕوبردنی مافی ژنان دادەنرێت لە ســەلامەتی جەســتەیی و دەروونی و دوور نییە کە ساڵانی زۆر بخایەنێ و لەگەڵ زەمەندا گەورە بێ.

دەشێت ببێتە هۆی کێشەی تەندروستی ترسناکی درێژخایەن و لە سنووری توشبوونی ڕاستەوخۆ تێپەڕێ، وەئەوەی ئاشکرایە ئاسەوارە جەستەیی و دەروونییــەکان سروشــتێکی کەڵەکەبــووی لە خۆگرتــووە کــە ئەگــەری بەردەوامبوونــی هەیە تەنانەت گــەر خودی توندوتیژییەکــەش نەمێنێت. چونکە توندوتیژی خێزانیی ترس، هەستکردن بە ســوکایەتی، ئازار و نەمانی ڕێزی خودی مرۆڤ دەخولقێنــێ جگــە لــەوەی شــێوازی جۆربەجۆر وەردەگرێت....

## شێوازەکانی توندوتیژی خێزانیی

توندوتیــژی گیانــی: بــە مەترســیدارترین جۆرەکانی توندوتیژی دادەنریت کە هەســتپێکراو و بەرجەســتە نییە و هیچ ئاســەوارێکی ئاشکرای لــێ ناکەوێتــەوە جگە لــەوەی لە گشــت کۆمەڵگە دەوڵەمەند و هەژارەکاندا بەربڵاوە، پێشــکەوتوو بێــت یــان دواکەوتــوو و هەروەهــا ئاســەواری ڕوخێنــەری لەســەر تەندروســتی و دەروونیــی ژنــان هەیــە وێــڕای ئــەوەی مەترســییەکەی لــەوەدا چڕدەبێتــەوە کە یاســا پەی پــێ نابات و سەلماندنیشــی قورســە. بە شــێوەیەک ژنــان لە نێوەنــدی خێزانەکانیاندا هاوســەر بن یان (دایک، کچ یان خوشــک بــەو توندوتیژییــە دەروونییەوە دەناڵێنــن کــە لــە لایــەن پیاوانــی خێزانەکەیەوە دەرهەقیــان دەکرێــت لەوانــە ســوکایەتیپێکردن، فەرامۆشــکردن، سووک تەماشاکردن، جنێودان، قســەی ناشــرین، ســوکایەتی، بێبەشــبوون لــە ئازادی، هێرشــکردن ســەر مافی لــە هەڵبژاردنی هاوسەردا، دەســتێوەردان لە کاروباری تایبەتیدا وەک چوونــە ژوورەوە و هاتنــە دەرەوە لە کاتی

دیاریکراودا و لەبەرکردنی جل و بەرگی دیاریکراو، دەستێوەردان لە هاوڕێیەتی، چاودێریکردنی ڕەفتارەکانی بەگشتی و ناچارکردنیی بۆ نموونە لەسەر وەچەخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و ناچارکردنی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گشت تاکەکانی خێزان و میوانەکانی بە گشتی هەموو ئەوانە کردەوەن کەوا لە ژنان بکات ڕقی لە ژیان و مێینەبوون و خودی خۆی بکاتەوە و کاریگەری بخاتە سەر ورە و باوەڕبوون بەخۆی وە لەژێر ناوی توندوتیژی گیانیدا جۆرێکی دیکەی توندوتیژی دینێتە ئاراوە بە ناوی توندوتیژی هێمایی (ڕمزی) کە هیچ کردارێکی جێبەجیکردن لەخۆ ناگریت بەڵکو لە گاڵتەجاری و وەڕسبووندا کورت دەبێتەوە وبەکارهێنانی شێوازێک مەبەست لێی سڕینەوەی کەسایەتی یان لاوازکردنی توانای جەستەیی یاخود ئەقڵیی قوربانییەکە دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی ڕوودانی کاریگەرییەکی خراپ لەسەر بەردەوامبوونی لە ژیانێکی خۆش و ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانی بە شێوەیەکی سروشتی. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە د. عدنان مسلم ئەنجامیدا (وەک نموونەیەکی خوێندکارانی زانکۆی دیمشق) ڕوونی کردەوە کەسوکار لە کاتی چوونە دەرەوەی مێینەکانیان لەماڵەوە

لەکاتی دیاریکراودا توندوتیژیان لە ئاسـتدا بەکار دەهێنن وە لە (٪۸٥)ی کەسـوکارەکان توندوتیژی دژ بەکچەکانیـان بەکاردەهێنـن لەبـەر ئـەوەی لەسـەر مۆدە دەڕۆن و (٪۲٦،٥)یـان لە بەرامبەر هێنانـەوەی هاوڕێکانیان بۆ ماڵـەوە و (٪۲٥)یش لەوانـە بەرامبەر خـراپ مامەڵەکردنـی براکانیان وە لە ئەنجامدانـی لێکۆڵینەوەی د. نجوی قصاب حسـن لەسەر (٦۰۰) خێزانی تەڵاقدراوبۆی ڕوون بـۆوە ژنـان دووچـاری سـوکایەتی و جنیودان دەبنـەوە و بەخەفەکردنی دەروونییەوە دەناڵێنن... هەروەهـا د.ئامـال عبدوالرحیـم لـە کتێبەکەیـدا لەژێرنـاوی (تەڵاق کێشـەیە یان چارەسـەر) وە لە ڕێـی جێبەجێکردنـی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی لەسـەر (۳۷٥) حاڵەتـی تـەڵاق لـە ژن وپیـاو لە دیمشـق و لادێکانـدا دەرکەوتـووە لـە (٪٥۷)ی تاکەکانـی نموونەکە سـوکایەتیپێکردن و لێدان و بەجێهێشتنی ماڵیان لەنێواندا هەبووە.

## توندوتیژی گیانیی:

بەشـێوەیەکی زۆر گـەورە بەهـۆی بەهـا ڕۆشنبیری و تقلیدیەکانەوە بەربڵاوە کە پێکهاتەی ژنـان لـە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەچەسـپێنێ و وایلێدەکات لە منداڵییەوە کڕنۆش بەرێت هەروەها عورفە ڕۆشنبیرییەکان بەسەر ڕەفتاری نێرینەکاندا زاڵ دەبێت بەشـێوەیەک کە پیـاون ومافی زاڵێتی و بەهێزیـان بەسـەر ژنانـدا هەیـە و پەیوەنـدی بیرۆکـەی توندوتیژی بە پیاوەتی ونێرینەبوونەوە گـرێ دەدەن، چونکـە مامەڵەکردنـی ژنـان لـە نێـو خێزاندا لەسـەر بنەمای ئەوەیـە کە لاوازە و لەسـەرێتی کڕنۆش بۆ پیاوانی خێزانەکەی بەرێت وە سـوکایەتی و جنێـودان وپێشکەشـکردنی خزمەت و بێبەشـبوون لە مافە کەسـایەتییەکانی مەسـەلەیەکە نابێت گفتوگۆی لەسـەر بکرێ یان جێی قبوڵنەکردن بێت.

## توندوتیژی یاسایی:

لـە ڕوانگـەی پەیوەنـدی توندوتیـژی گیانیی کـە بەسـەر ژناندا پیـادە دەکـرێ و دەبێتە هۆی

کرنـۆش بـردن و ناحـەزی بـە جیبەجێکردنـی یاسـای جیا دژ بە ژنان کە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی توندوتیژی جەسـتەیی و سێکسـی، ویستم ئەم شـێوەیە لە شـێوەکانی توندوتیـژی لە نێوان توندوتیـژی گیانی و جەسـتەییدا جـێ بکەمەوە. لە کۆمەڵگـەی ئێمەدا ژنـان بەهۆی یاسـاکانەوە ملکەچی توندوتیژی دەبن هەر لەسەرەتای یاسای ناسنامە وە بە تێپەڕبوون بە یاساکانی سزادان تا کۆتایی یاساکانی باری کەسێتی کە بە ناشیاوترین شـێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان دەناسـرێت لـە بابەتەکانی تایبەت بە تەڵاق، هاوسـەرگیری، ولایە، میرات و دایەن بەشـێوەیەک بەشـوودانی کچ لـە تەمەنێکی زوودا بـە توندترین جۆرەکانی توندوتیـژی دەزانـرێ کـە لـە ڕووی دەروونـی و تەندروسـتیەوە کۆتایـی بە ژیانیـان دەهێنێ لە کاتێکدا یاسـای باری کەسـێتی لە مادده (١٦) دا بـاس لەوە دەکات تەمەنی هاوسـەریتی بۆ کچان لە (١٧) سـاڵیەوەیە و بەم شـێوەیە باسـی لێوە دەکات دادوەر بۆی هەیە هاوسـەرگیری لە نێوان دوو کەسـدا بکات کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا بێت و کوڕەکە (١٥) سـاڵی تەواو کردبێت وکچەکەش (١٣) ئەگەر هاتوو لەڕووی جەستەیی و ڕاستگۆیی سکالانامەکەیانەوە پەسند بکرێ، تەمەنی یاسایی

هاوســەرگیری لەو کاتەدا (١٣) ســاڵییە نەک (١٧) لەبەر ئەوەی لەواقعدا خزم و کەسوکار کچەکانیان لــە تەمەنێکی منداڵیدا بەشــوو دەدەن و زۆر جار بــە تەمەنێکــی گەورەتــر لە خۆیــان لێرەشــەوە دووچاری مەترســییە تەندروســتییەکان دەبنەوە و بە چەوســاندنەوەی جەستەییەوە دەناڵێنن جگە لــەوەی لــە ڕووی چالاکــی جنســییەوە ناچاری جەســتەیان دەکرێــت بــەدەر لە فشــار و ئازاری منداڵبــوون و ســکپڕی. وێڕای ئــەوەی فرەژنی و تەڵاقی تەعەسوفی بێ ڕەزامەندی ئاگاداری خۆی بە دڕندانەترین شــێوازەکانی توندوتیژی یاسایی دادەنرێت کە بەهۆی کێشەکانی نەفەقە ودایەنەوە دەناڵێنــێ جگــە لــە ڕێگەنــەدان بەســەفەرکردنی لەگەڵ منداڵەکانیدا پاشــان بێبەشــکردنی لە مافی میرات، لێرەوە یاسا جیاکاری دژ بە ژنان دەکات بەشــێوەیەک پیــاوان لە ســزادان دەربــاز دەکات ئەگــەر یەکێکی کوشــت یــان ئــازاری ژنەکەی دا یاخود لــە حاڵەتی زیناکردندا بینــی یاخود لەگەڵ پیاوێکــدا لەبارودۆخیکی ترســناکدا بینــی لێرەوە بەهۆی گومان وترسەوە سزای سووکی بەسەردا دەدرێــت لــە کاتێکدا ژنەکەی زنای کردووە ســزا دەدرێت و پیاوەکەی سزا نادرێت تەنها لەو کاتەدا نەبێــت کە زینای لــە ناوماڵەکەیدا کــرد بێت یان

به ئاشكرا لەگەڵ كەسـێكی دیاریكراودا هەروەها مـادەی ٤٨٩ ڕێگـە بـە پیـاو دەدات لـە ڕووی یاساییەوە لاقەی ژنەكەی بكات بە پێی ناوەڕۆكی ماددەكە كە دەڵێت: هەر كەسێك بە زوویی لە ڕێی ئـازاردان یان بە هەڕەشـەكردنی هاوسـەرەكەی لەسـەر ممارسـەی سـێكس بـە كاری قورس و حوكم دانی بە پانزە ساڵ بە لایەنی كەمەوە سزا دەدرێت جگە لەوەی بەدەسـتهێنانی پاسـپۆرتی منـداڵان لەسـەر ڕەگەزنامـەی سـووری تەنهـا لـە ڕێی باوكـەوە دەبێت نەک لە ڕێـی پەیوەندی دایكایەتی بەشێوەیەک دایكێكی سووری ناتوانێت ڕەگەزنامەی كوڕەكەی دەركات لەسەر ئەو بناغەیە دیاردەكانـی جیاكاری لە نێوان پیاوان و ژناندا كە لـە دایكبوو و بەرهەمهێنەرە بۆ توندوتیژی لە نێو خێزاندا سەرچاوە و ئسولەكەی لە یاساكانی باری كەسێتی و سزادان لە ڕەگەزنامە و هەندێ لە یاسا جیاكارییەكانی دیكە كە بیروباوەری جیاكاری دژ بـە ژنـان دێنێتـە ئـاراوە و دووری دەخاتەوە و بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەكات كە ڕەگەزێكی كەمتر بێت و پاشكۆی پیاوە و دەشێت دووچاری گشت شێوازێكی زاڵێتی و لەناوچوون ببێتەوە.

توندوتیژی جەسـتەیی و سێكسـی: ئاشكرا و دیـار دەبێت و ئاسـەواری لەسـەر دەردەكەوێت

جگە لەوەی شێوازی جۆربەجۆری بۆ بەکار دێت و زۆر جــار ئەو ئامرازانــە بەکارهێنانی هەردوو دەســت و قــاچ دەبێت لــە ڕێگەی بۆکس لەســەر دەم وچاو، ســەر و ناوچەکانی تری جەستە جگە لە ڕاکێشــانی قــژ و گرتنەبەری ئامــرازی دیکەی وەک دار و چەقــۆ... یــان شــکاندنی ئامرازەکانی ماڵ و پیاکێشانی بەســەر قوربانیەکەدا. دەکرێت پێناســەی توندوتیژی جەســتەیی و سێکسی بەم شــێوەیە بکەیــن بــەوەی ئازاردانی جەســتەیی و جنسییە بە دەستپێکردنی بە لەقەلێدان، پیاکێشان، ڕاکێشــانی قژ، لێــدان، گێچەڵپێکردنی سێکســی، هێــرش کردنە ســەر محرەمەکانــی، خوێنڕێژی، ئەتککــردن، فڕاندن، بەدڕەوشــتی و خراپەکردن جگە لە پیادەکردنی جنســی شــاز و زەوتکردن و کوشــتنی بە بیانووی شــەرەف و ڕوودانی بەڵاو نەهامەتی بەردەوام و سووتان تا ڕادەی کوشتن. لێــرەوە چیرۆکی دەلال جێێ ســەرنج بوو کاتێک شــووی بە جــاک کــرد و ماوەی ٤ ســاڵ خۆش ژیانیــان بەســەر بــرد پاشــان خەم و ناخۆشــی دەستی پێکرد بەشــێوەیەک پیاوەکەی جنێوی پێ دەدات و لێی دەدات و ناچاری دەکرد کە یاوەری بکات و چیرۆک دروســت بکات لە پێناوی لێدان و ڕاکێشــی قژیدا تا ئەو ئاســتەی ڕووی لە دادگای

ڕۆحـــی کرد لەوێدا قەشـــەکە پێـی ووت بڕۆرەوە ماڵەوە و گوێڕایەڵی مێردەکەت بکە و گەڕایەوە بۆ ماڵی مێردەکـــەی وە جارێکیان کە لێی دابووبووە هـــۆی شـــکانی لووتـــی و دراوســـێکانی بردیـــان بۆ نەخۆشـــخانە و پاشـــان پۆلیس ئامـــادە بوو و مێردەکـــەی بەندکرد پاش ئـــەوە توانی تەڵاقی لێ وەر بگرێت. پاشان ڕۆژنامەی (بعت) لە ژمارەی ١١١٣٢ دا بـــە ژمـــارەی ٢٠٠٠\١٢\١٧ چیرۆکـــی خدیجـــەی بڵاوکـــردەوە کـــە پـــاش دەمەبۆڵـــەی نێوانیـــان برازاکەی کوشـــتبووی و ناوی (محمد) بوو. بۆیە لێدان و شکان و شێواندنی ئەندامەکانی لەش و بەدەر لە جۆرەکانی تر ئازاری جەســـتەیی هەیە و لێکۆڵینەوە و تۆمارگەی دادوەرە شـــەرعی و جەزائیـــەکان و ڕۆژنامەگەرییـــەکان ئامـــاژەی پێـــدەدەن تەنانـــەت کوشـــتنی ژن یان کـــچ یاخود خوشـــک وئامـــۆژن بـــە هـــۆکاری جۆربەجـــۆر و دەشێت بە بیانووی شەرەفیش بێت. وە توندوتیژی سێکسی بە مەترسیدارترین جۆرەکانی توندوتیژی دادەنرێـــت کـــە ژنان لـــە نێو خێزانـــدا دووچاریان دەبێتەوە و خەفە دەکرێت بە شـــێوەیەک هەر یەک لەو توندوتیژیانەی بەشێوەی جیا جیا ڕووبەڕووی ژنـــان دەبێتـــەوە وەک گێچەڵپێکردنی سێکســـی و شـــاردنەوە و لاقەکردن و خوێنڕێژی و ئەتککردن

و لەشفرۆشی.... هتد لە لایەن پیاوانی خێزانەکەوە پیادە دەکرێ دژ بە (ژن، کچ، خوشک و دایک). لــە یەکێک لە ســەردانەکانم بــۆ پەیمانگای کچان چاوم بــە دوو کچ کەوت لە تەمەنی (١٢-١٥) کە لە لایــەن براکانیانەوە لاقە کرابــوون و یەکێکیان ســکپڕ بوو وماوەی یەک ســاڵ پێکەوە بەردەوام بوون پاشــان مەسەلەکەیان ئاشــکرا بوو یەکێکی دیکــە لە لایەن باوکێــوە لاقە کرا بوو و ئەوی دی لە لایەن مێردی دایکێوە و ئەوانی دیکە ناچار کرا بوون بە کارکردنی لەشفرۆشی و یەکێکیان باسی لــەوە کــرد کە لەگــەڵ باوکی و ژنەکــەی باوکیدا دەژی، دایکــی تەڵاقدراوە و خوشــکەکەی کاری لەشفرۆشــی دەکات باوکــی لە پێــواری ژنەکەیدا لە ماڵەوە هێرشــی کردۆتە ســەر وە ئــەو کاتەی ســکاڵای کرد لای پێــی وت کە بەکــەس نەڵێ بۆ ئــەوەی باوکــی تووڕە نەبێ و لێی نەدات پاشــان بردیان بۆ لوبنان بە مەبەستی خزمەتکار، ڕایکرد و گەڕایــەوە و ئــاگاداری دایکی و پۆلیســی کرد ئێســتا لــە پەیمانگای کچانــە و باوکەکەیشــی لە بەندیخانەدایە. ئــەو ڕووداوانەی لە قوربانیانەوە گوێبیستی بووم هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە توندوتیــژی جنســیی لە خێزاندا لەســەر کچان و ژنان پیادە دەکرێ بەڵام کەمجار دەگاتە دادگاکان

وه لــه لێكۆلینەوەیەكدا كە مامۆســتا ئەنس حبیب ئەنجامیدا لە كۆمەڵەی ڕێكخســتنی خێزان  لەسەر ئەوانەی لە پەیمانگای كچان لە دیمشق دا دەركەوت كە لە ٪٣٥ لەوانە بە لەشفرۆشی تاوانبار كراون و ٪٢٥ یان قوربانیانی لاقەكردنن و لە ٪٦٠ لەوانەش لە قۆناغی سەرەتاییدا قوتابخانەیان بەجێهێشتووە بەهــۆی فشــاری كەســوكار و ڕێگریكردنیــان لە

چونیان بۆ قوتابخانە.

## ئاسەوارەکانی توندوتیژی لەسەر ژنان و کۆمەڵگە

توندوتیژی دژ بە ژنان جەخت لەسەر تەمەنی گەنجـان دەکاتەوە کـە کاریگەری دەخاتە سـەر تەندروستیان لە ڕووی دەروونیی و جەستەییەوە و ئاسـەواری زیانبەخـش بە کۆمەڵگـە دەگەیەنێ لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەبێتە بەربەسـتێک لەبـەردەم بەشـداریکردنی تەواوی بنیادنانی: داخۆ ئەو ئاسەوارانە چی بن ؟

-١ ئاسـەواری تەندروسـتی و دەروونیـی: سـەبارەت توندوتیـژی خێزانـی ئاسـەواری تەندروسـتی ڕەنگدانـەوەی دەبێـت لەسـەر تەندروسـتی و جەستەی ژنان و دەبێتە هۆکارێک بـۆ مردنی یـان ڕوودانی بـەڵاو نەهامەتی یاخود شـێواندنی وەک شکان، سـوتان و برینداربوون ئەگـەر هاتـوو توندوتیژییەکە جەسـتەیی بوو وە بە پێی ڕای شـارەزایانی چاودێری تەندروسـتی دەشێت توندوتیژی هۆکارێکی مەترسیدار بێت بۆ

زۆرێک لە نەخۆشییە ئەندامییەکانی وەک پەستانی خوێن و نەخۆشـــیەکانی پێست وەک ئەکزیما یان نەخۆشـــیە دەروونیەکانـــی وەک خەمۆکـــی یـــان ....هتد

-٢ ئاســـەواری کۆمەڵایەتـــی: توندوتیـــژی خێزانـــی دەبێتە هـــۆی هەڵوەشـــاندنەوەی خێزان و تێکچوونـــی متمانـــە و ئاڵوگۆڕی ڕێـــز لە نێوان ئەندامەکانیـــدا جگـــە لـــەوەی توندوتیـــژی بەرهەم دەهینـــێ چونکـــە ئـــەو منداڵانەی کاتێـــک باوکێک دەبینـــن کە توندوتیـــژی بەرامبـــەر دایکیان پیادە دەکات ئەوانیش بەو ڕۆڵە هەڵدەســـتن و دەشـــێت لـــە داهاتوودا بەرامبـــەر کچەکانیان یان ژنەکانیان توندوتیـــژ بـــن جگـــە لـــەوەی توندوتیـــژی دەبێتە هۆی جیابوونـــەوەی هاوســـەرەکان، کۆچکردن، دەرکردنی ژنە هاوســـەر لە ماڵ و بێبەشـــبوونی لـــە بینینـــی منداڵەکانـــی ولێکەوتنـــەوەی تـــەلاق، هەروەها دەشـــێت ببێتە هۆکارێک بـــۆ وازهێنانی منداڵ لە قوتابخانە یان لادان و شـــوکردنی کچان لە تەمەنێکی منداڵیدا وئیشکردنیان.

-٣ ئاسەواری ئابووریی: توندوتیژی خێزانیی ئاســـەواری ئابووریشـــی لێ دەکەوێتـــەوە تایبەت بـــە ژنان بێت یان کۆمەڵگە یاخود لەســـەرکرداری پەرەپێدان، لەو ئاسەوارانەش:

-١ ئەگــەر هاتوو ژنەکە کارکردوو خوێندەوار بێــت کاردانــەوەی خراپی لەســەر گەشــەکردنی خودی خۆی و توانا و پیشــە و فێرکردنی دەبێت جگــە لــە بەفیرۆدانی توانای بەرهەمهێــن لە کارە پەراوێزکراوەکانــدا یــان تەواونەکردنی خوێندنی کچان و بەدەســتهێنانی مافەکانی بەو دەرفەتانەی لــە کاتی هاوســەرگیریدا بــۆی دێتە پێشــەوە لە کاتێکــدا منداڵــە بــۆ نموونە یــان ڕێگرتــن لێی لە بەدواداچوونــی خوێندن لــە لایــەن نێرینەکانەوە لە خێزانــدا ئەو مەســەلەیەی کاردانەوەی خراپی دەبێت لەســەر بەرنامــەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

-٢ ڕێگری داخوازیەکانی پەرەپێدانی ئابووری لەبەر ئەوەی توندوتیــژی خێزانی وا دادەنرێ کە بەرپرســە لە پاڵنانی ژمارەیەک لە کارکردووان بە ژن و پیــاوی بێ توانا و خاوەن خوێندنی کەم بۆ بازاڕی کار جگە لەوەی دەبێتە ســەرچاوەیەک بۆ کڕین و فرۆشتن بە منداڵانەوە و ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە کە زیان بە خۆیان و تەندروســتیان دەگەیەنــێ جگە گەشــەکردنی ئەقڵیــی و گیانی و کۆمەڵایەتیان.

-٣ توندوتیــژی خێزانیی ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشــداریکردنی ژنان لە

کار و ژیانــی ئابووری و بەرهەمهێندا جگە لەوەی توانای ژنان ســنووردار دەکات لە سوود وەرگرتن لــەو دەرفەتانــەی بۆیــان دەرەخســێ هەروەهــا کاتــەکان بەســەر دەچێ بــە ســوود وەرگرتن لە تەوزیفکردنی توانای ژنان لە کرداری پەرەپێداندا، ئەو مەسەلەیەی کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر خێــزان و کەمکردنەوەی داهاتی جگە لەوەی زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێ لە بەشــدارینەکردنی گشتی ئەندامەکانی لە پەرەپێدان و گەشەکردندا.

## توندوتیژی دژ بە ژنان جیاوازی کۆمەڵایەتی یان ئابووری نازانێت

تاوانەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لەسەر توێژێک یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی ژنان پیادە ناکرێ بەڵکو لە گشت توێژە کۆمەڵایەتیە دەوڵەمەند و هەژارەکاندا بوونــی هەیە و تەنانەت ئەوانــەی خاوەن داهاتێکی مام ناوەندن جگە لەوەی لە نێوان نێوەندە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکان و شــار و لادێکانــدا وەک یەک بڵاودەبێتــەوە، وێڕای ئەوەی ئەو تاوانانەی لە چینە هەژارەکانــدا دژ بە ژنان ڕوودەدەن دەشــێت بگاتە پۆلیس یــان دادگاکان لــە کاتێکــدا دەوڵەمەندەکان

دەتوانن کێشـــەکانیان چارەسەر بکەن بێ زانین یان دەستێوەردانی هیچ کەسێک.

د. ئامـــال عبدوالرحیـــم لە زانکۆی دیمشـــق لە لێکۆلینەوەکەیـــدا تایبـــەت بـــە توندوتیـــژی دژ بە ژنـــان جەختی لەوە کـــردەوە جیـــاوازی لە نێوان خوێندەوار و نەخوێنـــدەواردا نییە لە بەکارهێنانی لێدان لە نێوان هاوسەرەکاندا بەشێوەیەک ڕێژەی ٥٧٪ ی تاکەکانـــی نموونەکـــە کـــە توندوتیژی تێدا ئەنجامـــدراوە و لێدانیـــان بەکارهێنا بـــوو خاوەن ئاســـتێکی خوێندنـــی بـــاڵان، جگـــە لـــەوەی ئـــەو لێکۆڵینەوەیـــە لەو کەســـایەتیانەی گرتـــەوە کە لە شاری دیمشـــق و لادێکانیدان، ئەو توندوتیژیەی ڕووبـــەڕووی ژنـــان و کچان دەبێتـــەوە جیاوازی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخود فێرکردن نازانێت بەڵام دەشـــێت خوێندەوارێکی دەوڵەمەند بتوانێت مافەکانی وەربگرێ و بەشێوەیەکی باشتر داکۆکی

لە خۆی بکات.

## جۆرەکانی پاڵپشتی و کۆمەکە دابینکراوەکان بۆ ئەو ژنانەی توندوتیژیان دەرهەق کراوە

ســاڵانە زۆرێک لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بابەت سەبارەت هۆشــیارکردنەوەی ژنان بە مافەکانیان و یارمەتیدانیان بۆ چارەســەرکردنی کێشەکانیان ســاز دەکرێت ئەو کــۆڕ و کۆبوونەوانە باس لەو توندوتیژیانە دەکات کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە بە گشــت شــێوەکانێوە جگــە لــە بڵاوکردنەوەی ئــەم دیاردەیە لە ڕێی ڕۆژنامەکانەوە بە شــێوەی بابــەت و لێکۆڵینەوە هەروەها لیژنەیەک هەیە بۆ نەهێشــتنی توندوتیــژی دژ بە ژنان لــە کۆمەڵەی (رابتــە النســاو الســوریات) کە هەڵدەســتێت بە پێشکەشــکردنی یارمەتی هۆشیارکردنەوەی ئەو ژنانەی توندوتیژیان دەرهەق کراوە وێڕای بوونی کۆمەڵەی ڕێکخســتنی خێزان کە هەڵدەســتێت بە ســازکردنی بەرنامەی وشیارکردنەوەی پیاوان و ژنان و پێشکەشکردنی یارمەتی دەروونیی بە ژنانی قوربانیانی توندوتیژی لە ڕێگەی هێڵێکی تایبەتەوە، هەروەها ڕێکخراوی یونســیف کە هەڵدەستێت بە پێشکەشــکردنی یارمەتی بۆ ســەنتەری مانەوە و

داڵدەدانی کچـــان لە ڕێگەی  (پێدانی ئامێر، بابەتی ڕاهێنـــان،  کتێب و ئامێری چنیـــن..) هەروەها دادگا ڕادەهینـــێ دەربـــارەی ڕێکەوتننامـــەی مافەکانـــی منداڵان.

جگـــە لەوەی ســـەنتەری گوێگرتـــن و ڕێنمایی پسپۆر نییە تایبەت بە مەسەلەکانی ژنانی قوربانیانی توندوتیـــژی خێزانی،  بۆیـــە زۆر جار ئەو ژنانەی توندوتیژیـــان دەرهـــەق کـــراوە دەگەڕێنـــەوە لای کەســـوکار و هاوڕێکانیان.  لە ڕابردوودا لە کاتی ڕوودانی کێشـــەیەکی ژنـــان لەناوخێزاندا جۆرێک لە لاســـاییکردنەوەی کۆمەڵایەتـــی هەبوو  بەوەی ڕووی دەکردە گەورەی خێزان یان شێخی گەڕەک یاخود موختار کە هەڵدەستا بە سەرزەنشتکردنی مێردەکە و چاکســـازی ناو بە ناو بەڵام لە ئێستادا زۆربـــەی ژنـــان ڕوودەکەنـــە هاوڕێکانیـــان یـــان دراوسێ یاخود کەسوکار و هەندێ جاری دیکەش بۆ لای قەشـــەی کەنیسەکان یان شێخی مزگەوت دەچن بۆ ئەوەی دەســـتیان هەبێت لە چارەسەری ناکۆکییەکانـــدا،  ئـــەو مەســـەلانە بـــە شـــێوەیەک دەمێنێتەوە کە چارەسەری ڕیشەیی و بنەڕەتی بۆ کێشـــەکە پێک ناهینێ و زۆر جار لەســـەر حسابی ژنەکـــە دەبێـــت و داوای گوێڕایەڵـــی و تەحەمولی لـــێ دەکرێت لە پێناو منداڵەکانی و لەدەســـتنەدانی

مێرد و خێزانەکەی.

## سەنتەرەکانی داڵدەدان
## بۆ ژنانی قوربانیانی توندوتیژی

لەسەر ئەو بنەمایەی توندوتیژی دژ بە ژنان تا ئێستا لە چوارچێوەی خێزانێکدا قەتیس کراوە بۆیە چارەسەرکردن لە ئاستیدا تا ئیمڕۆ لاوازە، بە شێوەیەک لە سوریا سەنتەر هەیە بۆ داڵدەدانی کچان لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ کە ژمارەیان دەگاتە ١٥ سەنتەر هەندێکی حکومییە و هەندێکی دیکەی ناحکومی و لە لایەن وەزارەتی کاروبارەوە تمویل دەکرێت جگە لەوەی لە لایەن هەندێ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و سەفارەت و کۆمەڵە ئەهلییەکانەوە پشتیوانی دارایی دەکرێن و ئەو کچانە لەخۆ دەگرێ کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە لە پێناو پاراستن و پارێزگاری کردنیان لە سزادانی کەسوکار و کوشتن... (کچانێک کە دووچاری لاقەکردن، فڕاندن، ئەتککردن، دەربەدەریی، سواڵ، لەشفرۆشی و ڕاکردن لە ماڵ دەبنەوە بە هۆی توندوتیژی بە شێوەیەک هاوکاری

و یارمەتـی تەندروسـتی دەروونـی و یاسـاییان پێشکەش دەکرێت جگە لەوەی فێر دەکرێن و ئامادە دەکرێن بە پێی ئارەزووەکانیان یان بەدواداچونی خوێندنیان تا ئەو کاتەی دەچنەوە ناو خێزانەکانیان پـاش باشـکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیـان و زۆر جـار ناکۆکیەکانیـش لەگەڵ خێزانەکانـدا کۆتایی دێت و کەسـەکان خۆیان دەگەڕێنەوە چونکە ئەو سـەنتەرانە خزمەتگوزارییەکانیان لە ئاستێکی خۆ بەکەم زانیندان(متـوازع) بەدەر لەوەی ئیمکانیەتی دیاریکراویـان هەیە و تێڕوانینـی کۆمەڵگە خراپە بەرامبەریان بەوەی کەسوکاریان بەجێهێشتووە و لە سـەنتەرێکدا دەژین. وێڕای هاوکاری کردنیان لە ڕێی کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری و ئامادەکاری تەکنیکی و ڕاهینان و چارەسـەری دەروونی و تەندروستی بۆ هەندێ لەو حاڵەتانەی بوونیان هەیە لە پەیمانگای کچان لە دیمشق و ئەو ژنانەی بەردەوام لە زینداندان. بوونی سـەنتەری داڵدەدانـی ئـەو ژنانـەی قوربانیانـی توندوتیژین زەرورەتێکی گرنگە چونکە ئەو ژنانەی توندوتیژیان دەرهـەق کـراوە بەهـۆی ئازارێکـی دەروونی و تەندروسـتییەوە دەناڵێنن پێویستیان بە شوێنێکی حەوانـەوە هەیە تا هێز و توانایـان بۆ بگەڕێتەوە و باوەڕیـان بەخۆ هەبێت و وایان لێبکرێت بیر لە

چارەســەر بکەنەوە بۆ کێشــەکانیان بــە دوور لە فشــاری کەسوکار وخزم جگە لەوەی ئەو ژنانەی شوویان کردووە و توندوتیژیان دەرهەق دەکرێت و دەگەڕێنــەوە بۆ ماڵی کەســوکاریان دەناڵێنن بە هۆی ســوکایەتی، ڕیســواکردن و زۆرلێکردن بە گەڕانەوەیان بۆ لای مێردەکەیان بێ ئەوەی ئازادی هەڵبژاردنیان هەبێت، بۆیە ئەم شــێوە سەنتەرانە وایان لێدەکات بەهێز بن و بتوانن هەڵبژاردن بکەن جگە لەوەی لە هەمان کاتدا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئەو سەنتەرانە خراپە کە دەشێت لە داهاتودا ببێتە هۆی لێکەوتنە زیانی گیانی و جەستەیی.

## پێشنیار

بیرکردنــەوە لــە چارەســەری کێشــەکانی ئــەو ژنانــەی توندوتیژیــان دەرهــەق کــراوە مەســەلەیەکی باشــە بەڵام بەس نییە تا بتوانرێت بەســەر توندوتیژیدا زاڵبین، بۆیە پێویســتە بیر لە چارەســەری خۆپاراســتن بکرێتــەوە کــە ڕێگری بــکات لە ڕوودانــی توندوتیژی و ئــەوەی داب و نەریت و تێڕوانینی پیاوســالاری دەیهێنێتە ئاراوە لە ڕۆڵی ژنــان و پیاوان لە خێزاندا بۆیە دەتوانین لەو ڕووانگانەوە باس لەو چارەسەرانە بکەین:

-١ دۆزینــەوەی بەرنامــە بــە شــێوەیەک بەر

له ڕوودانــی توندوتیژی هەوڵی چارەســەر بدات چونکــە یارمەتیدانی کوڕان و کچان بۆ فێرکردنی چۆنیتــی ڕێکخســتنی ناکۆکییەکان بــە ڕێگەیەکی ناتوندوتیژ و پێشکەشــکردنی بەرنامەی فێرکردن بــۆ چۆنیتــی دەرچوون لەو بیروبــاوەڕە باوانەی لەســەر پیاوەتی و قوامە و شــتی دیکە بنیادنراوە کارێکی پێویستە، جگە لەو بەرنامانەی ئەو چەمک و بیروڕایانە دەگۆڕێت کە هاندەرە بۆ پیادەکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان.

-٢ دانــان و جێبەجێکردنــی بەرنامــەی پەروەردەیــی تایبەت کە ئامانــج لێی ئامادەکردنی کچــان و گیرانەوەی بــاوەر ـو متمانە بەخۆبوون بێت جگە لــە توانین و بەهێزکردنــی ڕێزگرتن بۆ خودی خۆی.

-٣ کارکــردن بــۆ پشــتگیری ڕۆشــنبیری دیالــۆک و ڕێزگرتنی ئەوی دی لە نێوان خێزاندا لە ڕێی بەرنامەی ڕووبەڕووی خێزانیی و ئەوانەی لەبەردەم پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیریدان.

-٤ باســکردن لــە چەمکــی (جێنــدەر) واتــە ئاڵوگۆڕکردنــی ڕۆڵەکانــی کــچ و کوڕ لــە نێوان خێزانــدا بــۆ بەرنامــەی خوێنــدن و فێرکردنــی کچــان و کــوڕان لەســەر کارامەیی چارەســەری ناکۆکییەکان بە ڕێگەی ســلمی لە ڕێگەی چالاکییە

لاوەکییەکانەوە.

-٥ بڵاوکردنــەوەی هۆشــیاری ســەبارەت بــە دیــاردەی توندوتیــژی خێزانیی و گواســتنەوەی لە باری خێزانییەوە بۆ باری گشــتی لە ڕێی هەڵمەتی وشــیارکردنەوەی فــراوان بۆ هەریەک لــە ژنان و پیاوان.

-٦ ئەنجامدانــی لێکۆڵینــەوە و توێژینــەوە دەربارەی ئەم دیاردەیە بۆ دیاریکردنی جۆرەکان و هۆکارەکانی ســەبارەت گەیشــتن بە چارەسەر و ڕوونەدانــی و زاڵبوون بەســەر ناهۆشــمەندی یاســایی بۆ ژنان تا ئاشنا بن بە مافە یاساییەکانی هەیانە لە یاساکاندا.

-٧ زامنکردنی ســەنتەری گوێگرتن تایبەت بە ژنانــی قوربانیانی توندوتیژی بۆ پێشکەشــکردنی ڕێنمایــی یاســایی و دەروونیــی بۆ ئــەو ژنانەی توندوتیژیان لە ئاســتدا کراوە و پێشکەشــکردنی خزمەتگــوزاری ئامادەکــردن بــۆ قوربانیــان و بەرنامــە بۆ یارمەتیدانیان ســەبارەت تێپەڕکردنی کێشەکە لە گشت ڕوویەکەوە

-٨ کارکردن بۆ دەرچوونی ناوەڕۆکی یاسایی کــە توندوتیژی خێزانــی بە تاوان دابنــێ ودانانی ڕێ و شــوێن کــە هــەواڵ و پێووتنــەکان بگرێتە خۆ ســەبارەت توندوتیژی خێزانی گەر لەبەردەم

پۆلیس بێت یان ڕاستەوخۆ لەبەردەم دادگاکان و حوکومداندا بێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوەکان لە پاڵ سزادانی جزائیدا.

## سەرچاوە

العنف ضد المراة على ضوء) الاعلان العالمي بشأن القضاء على العنف ضد المرأة - المحامية دعد موسى

www.nesasy.ory

## توندوتیژی دژ بە ژنان...
## هۆکار و چارەسەر

وێڕای سـەرهەڵدانی سەدەی بیست و یەک و گشت ئەو پێشـکەوتنانەی مرۆڤ بەدەستیهێنا لە سەرجەم ئاست و بوارەکانی ژیاندا وئەو مرۆڤەی ئیمـڕۆ لە سـەردەمی تازەگەریـی و جیهانگیریدا ژیـان دەگوزەرێنـێ، بـەڵام لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئـەو پێشـکەوتنانە نەیانتوانـی ئاشـتی و تەبایی وخۆشەویسـتی وپێکەوەیی بۆ گشـت مرۆڤەکان بەرجەسـتە بکات، بە شـێوەیەک تا ئیمڕۆ زۆرێک لە دیـاردە دڕندەیی ودواکەوتوەکانی سـەردەمی ڕابردوو بە سـەرداری و هەڵواسراوی ماونەتەوە و لـە دەروونـی مرۆڤەکانـدا جێگیر بـوون، جگە لـەوەی گۆڕانکارییەکە تەنها ڕواڵەتکارانەیە واتە لە ڕووی دەرەوەدا خۆی دەبینێتەوە..

دیـاردەی توندوتیژی بە گشـتی لەو جۆرەیە کە ئـەم ڕێچکەیـە لـە خۆدەگرێت، بەشـێوەیەک هەڕەشـە لەو دەسـتکەوتانە دەکات کە مرۆڤ لە ماوەی ساڵەکانی پێشودا بەدەستیهێناوە، خراپتر

لــەوەش ئەو کاتەیە کە ئەو توندوتیژیە بۆ کۆمەڵە لاوازەکانی نموونەی وەک ژنان درێژە دەکێشــێت لە کۆمەڵگەدا.

توندوتیــژی دژ بە ژنان لەو مەســەلانەیە کە ســەرنجی بە دواداچوانــی ڕووداوەکان بۆ خۆی ڕاکێش دەکات.. ژمارەکان بەم شێوەیە دەدوێن:

٪٥٢ ی ژنانــی فەلەســتینی دووچــاری لێــدان بوونەتەوە لایەنی کەم یەک جار لە ساڵی ٢٠٠٠ دا .

٪٤٧ ی ژنــان لــە ئــوردون بــە شــێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە.

٪٣٠ ی ژنانی ئەمریکی لە لایەن مێردەکانیانەوە دووچاری توندوتیژی جەستەیی دەبنەوە.

٪٩٥ ی قوربانیانی توندوتیژی لە فەرەنسادا، ژنانن.

هەشت کەس لە ژمارەی دە کەسی قوربانیانی توندوتیژی لە هند دایە.

٪٦٠ ی دانیشتوانی زەفەی ڕۆژئاوا و غەزە لە تەمەنی خوار نۆزدە ســاڵی دووچاری هەڕەشەی جەســتەیی، زارەکــی، ڕاوەدوونــان، بەندکردن و دەستگیرکردن دەبنەوە .

ئــەوەی لــەو ئامارانــە ووردبێتــەوە ئــەوە بەدیــدەکات کــە ئــەو توندوتیژییــەی دەرهەق بە ژنــان دەکرێت تەنها کۆمەڵەیەکــی دیاریکراو یان ڕۆشنبیریەکی تایبەت یاخود ڕەگەزێکی دیاریکراو

ناگرێتــەوە، بەڵکــو زۆربەی ڕۆشــنبیریی و ولاَتە پێشــکەوتووەکان دەگرێتــەوە لەوانــە ئەوانەی بە ولاَتانــی گەشەســـەندوو یان بە ولاَتانــی جیهانی سێیەم ناسراون.

مەبەســت لە توندوتیژی بەدەستهێنانی زەبر و هێزە، یان ڕەفتار یاخود کردارێکی دوژمنکارانەیە لە لایەنێکەوە پیادە دەکرێ بە مەبەستی بەکارهێنان و کڕنۆشــپێبردنی لایەنــی دیکە لــە چوارچێوەی پەیوەندیەکــی بەهێــزی ناهاوســەنگدا کــە دەبێتە هــۆی ڕوودانی زیانی ماددیی یــان گیانیی یاخود دەروونیــی. وە بەپێــی ئەو پێناســەیە توندوتیژی جوێــن، توانج، لێدان، کوشــتن و دەســتدرێژی..... دەگرێتەوە کە لە لایەن پیاو یان دامەزراوە یاخود سســتم و تەنانــەت لە لایەن ژنانــەوە ڕوودەدات لــە پێنــاوی کڕنۆشــپێبردنی ژنــان و زاڵبــوون بەسەریدا.

هەندێک پێیان وایە توندوتیژی زمانی ئاخاوتنی کۆتاییــە کــە دەشــێت لەگــەڵ کەســانی دیکــەدا بەکاربهێنرێ ئەو کاتەی مرۆڤ هەست بە لاوازی گەیاندنــی دەنگــی دەکات بە ئامــرازی گفتوگۆی ئاسایی، بەڵام لەگەڵ ژناندا زمانی یەکەم دەکرێتە ئاخاوتــن هــەر وەک هەندێــک بــەکاری دەهینــێ وەک ئــەوەی ئەوی دیکە زمانێکــی دیکەی نەبێت

بۆ بەکارهێنانــی بۆ ئەوەی ئەو توندوتیژییە بکاتە دێوزمەیەک بۆ سڕینەوەی بوونی و تا ببێتە ئیفلیج بوونی جووڵە و هێزەکانی، تەنانەت یادەوەریەک لە ناخۆشی و کڕنۆشبردن و خەمۆکیی.

## هۆکارەکانی توندوتیژی

بۆ تیشک خستنە سەر هۆکارەکانی دەبنە هۆی ئەم جۆرە توندوتیژییە ئاماژە بەم خاڵانە دەکەین:

-١ژن خۆی بە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هەنــدێ لە جۆرەکانی توندوتیژی و چەوســانەوە دادەنرێت، ئەوەش بەهۆی قبوڵکردنی بە توندوتیژی ولێبوردن وکڕنۆشــبردن و بێدەنگبوون لێی وەک کاردانەوەیەک، بەشــێوەیەک وا لە ئەویدی دەکات بەردەوامیــەت و بوێری زیاتــر و زیاتری هەبێت. ئــەوەش زیاتر لەو حاڵەتانەدا خۆی دەبینێتەوە کە ژنان هەست بە بێلانەیی و بێ پاراستنیی دەکەن.

-٢هــۆکارە ڕۆشــنبیرییەکان: وەک نەفامیــی، نەزانینــی چۆنیتــی مامەڵەکردن لەگەڵ کەســانی دیکــەدا و ڕێزلێنەگرتنیــان، وە ئــەوەی لە ماف و ئەرکەکانی بە دەستیهێناوە بە ئامرازێکی سەرەکیی توندوتیــژی دادەنرێت. دەشــێت ئــەو نەفامییە لە هــەردوو لایەنــەوە بێت ژن وکەســی پیادەکەری

توندوتیــژی، چونکە نا وشــیاری ژنان بە ماف و ئەرکەکانیــان لــە لایــەک ودرک نەکردنــی لایەنی بەرامبەریــش بەو مافانە لە لایەکی دیکە دەشــێت ببێتە هۆی تێپەڕکردن و بەزاندنی سنوور .

بــەدەر لــەوە نزمیــی ئاســتی ڕۆشــنبیری خێــزان و تاکەکان، جیاوازی ڕۆشــنبیری زۆر لە نێــوان هاوســەرەکاندا بــە تایبەت گــەر ژنەکە لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە بالاتر بوو دڵەراوکێ و ناهاوســەنگی لای مێردەکــە دێنێتە ئاراوە وەک کاردانەوەیــەک، بۆیە هەوڵــی قەرەبووکردنەوەی ئــەو کەموکوڕییە دەدات بە گــەڕان بە دوای ئەو بۆنانەی دەشێت کەم بکرێت یان بچوک بکرێتەوە بە جوێن و سوکایەتی یاخود تەنانەت لێدان.

-٣هۆکارە پەروەردەییەکان: دەشێت بنەماکانی پەروەردەیی توند کە لەگەڵ تاکدا دروســت بووە توندوتیژی بنیادبنێ، بەشێوەیەک دەیکاتە قوربانی و کەســایەتییەکی لاواز، ونبــوو، بێمتمانــەی لــێ دروســتدەکات ئــەوەش لــە داهاتــوودا دەبێتــە هــۆی ناچارکردنی ئــەو لاوازییە بــە توندوتیژی، بەشــێوەیەک بەســەر کەســە لاوازەکــەدا بەزەبر دەبێت کە ژنەکەیە، ئەوەی ئاشــکرایە توندوتیژی خۆی بەدەســت دەهینێ و ئەو بەشــەش نزیکەی ٪٨٣ ی حاڵەتــەکان پێکدەهینــێ ودەشــێت تــاک

گەواهیکـی نەخـۆش بێـت بـۆ توندوتیـژی وەک ئـەوەی بەسـەر دایکەکانیانـەوە ڕوودەدات لـە لایەن باوکیانەوە بەشێوەیەک لەسەر بێ ڕێزی و پێنەزانین و بچوککردنەوەی ژنان دروست دەبێت و وایلێدەکات بە شـێوەیەکی توندڕەوانە مامەڵەی لە گەڵدا بکات ئەو سەرچاوەیەش ٣٩ ی حاڵەتەکان پێکدەهێنێ.

-٤داب و نەریتـەکان: هەنـدێ بیروڕاو نەریت هـەن کە ڕەگیان داکوتاوە لە ڕۆشـنبیری زۆرێک لـە کەسـەکان کـە لـە ناوەرۆکـدا تێڕوانینێکـی دواکەوتوانەیـان لەخۆ گرتووە بـۆ جیاکردنەوەی نێـر و مێ ئـەوەش دەبێتە هـۆی بچوککردنەوە و کەمکردنـەوەی ڕۆڵی مێینـە، بەرامبەر بەوەش گەورەکـردن ولەچوارچێوەدانـی ڕۆڵی نێرینەکان بەشێوەیەک بەردەوام ماف بە کۆمەڵی نێرینە دەدات کە زاڵێتی و دەسـەلاَت و پیادەکردنی توندوتیژی بەسەر مێینەکانەوە بکات لە منداڵییەوە، وە ڕاهاتنی مێینـەکان بە قبوولکردنی ئەومامەڵەکردنە جگە لە پشـوودرێژی و کڕنوَشبردن بۆی لە کاتێکدا هیچ تاوانێکـی نییە بەدەر لەوەی بـە مێینەیی لە دایک بووە. جگە لەوەی وتە و نموونە و گوزارشتەکان کە سـەروێردی زمانـی خەڵکن لـە کۆمەڵگەدا بە گشـتی وخودی ژنانیش بەشێکن لەوان و هەوڵی

دەرکەوتنی ڕادەی بناغە داکوتانی ئەو ڕۆشنبیریە دەکات بەشـێوەیەک مافـی بەکێشـکردنی دژ بـە مێینـە دەدات بـۆ کۆمەڵگـەی نێرینـە وەک وتەی ژنان لەلایەن پیاوانەوە لە کاتی لێدانیان (سێبەری پیاو باشـترە لە سـێبەری دیوار) یـان (ژن وەک فەرش وایە تا بەسەریدا بڕۆیت خشڵدارتر دەبێت ).....و.... جگـە لـەوەی ئامڕازەکانـی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵیان هەیە لە یارمەتیدان بۆ پشتیوانیکردنی ئەو جیاوازیانـە و قبوولکردنی لایەنەکانی توندوتیژی دژ بـە ژنـان لـە بەرنامەکانی پەخـش دەکرێن و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی نادروست.

-٥هـۆکارە ژینگەییەکان: کێشـە ژینگەییەکانی فشـار لەسـەر مرۆڤەکان دروسـت دەکەن وەک قەرەباڵغـی و لاوازی خزمەتگـوزاری و کێشـەی نیشـتەجێ و زیادبوونی دانیشتوان ... بەدەر لەوە ئـەوەی ژینگە دەبێتە هۆکار بـۆ خەفەکردنی تاک بە شـێوەیەک یارمەتیدەری نابێـت بۆ بەدیهێنانی خود و سـەرکەوتن تیایدا وەک دابینکردنی کاری گونجـاو بـۆ لاوان ئـەوەش پاڵنـەرێ دەبێـت بۆ توندوتیژی بۆ ئەوەی بتەقێتەوە بەسەر لاوازتر لە خۆیدا کە ژنەکەیە.

-٦هـۆکـارە ئـابـووریـیـەکـان: خـەوشـە ئابوورییەکەی تاک یان خێزانەکان کە دووچاریان

دەبێتەوە ... وە هەڵئاوسانی ئابووری کە ڕەنگدانەوەی بەسەر ئاستی بژێوی هەر تاک یان کۆمەڵێکدا دەبێت بەشێوەیەک بەدەستهێنانی بژێوی ژیان کارێکی قورس دەبێت وە... لە کێشە ئابوورییەکانی کە فشار دەخاتە سەر ئەویدی کە توندڕەو بێت و تورەییەکەی بەسەر ژندا بتەقێتەوە، هەروەها نەفەقەی ئابووری دەروازەیەکی دیکەیە کە وا لە پیاوان دەکات بەو پێیەی دەیژێنێ مافی ئەوەی بەسەردا دەدات کێ توندڕەو بێت لە ئاستیدا ئەوەش لە ڕێی بچوککردنەوە و ڕیسواکردنی لەو لایەنەدا وە لە لایەنێکی دیکەش قبووڵکردنی ژنان بەو توندوتیژییە هۆیەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناتوانێت خۆی یان منداڵەکانی بژێنێ جگە لەوەی فاکتەری ئابوری ریژەی ٪٤٥ ی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان پێکدەهێنێ.

-٧توندوتیژی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتەکان: هۆکارەکان چوارچێوەیەکی فراوانتر و بازنەیەکی گەورەتر وەردەگرێت ئەو کاتەی دەکەوێتە دەستی دەسەڵاتی باڵای باڵادەست، ئەوەش بە دەرچونی یاساو ڕێسایەک کە ژنان بەرەو توندوتیژی دەبات یان پشتگیری لەو یاسایانە دەکات لە بەرژەوەندی ئەوانەی توندوتیژی پیادە دەکەن یاخود پشتیوان نەکردنی لەو کاتەی داوای یارمەتیدان دەکات.

وە هەرچەنــدە هــۆکار و ئەوانــەی دەبنــە هۆکار جیــاوازی بــە خۆیانــەوە ببینــن بەڵام دیــاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕێژەی (٧٪) ی گشــت ئەو ژنانــە پێکدەهێنێ کــە تەمەنیان لە نێوان ١٥ — ٤٤ ســاڵدایە لە گشــت ناوچەکانی جیهاندا بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی لە ڕێکخراوی تەندروســتی جیهانییەوە دەرچووە.

## چارەسەر لە کوێدایە ؟

لەگەڵ ئەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان دیاردەیەکــی کۆن و بەرفراوانە لــەو کاتەوەی لە ســەردەمی جاهلیەتدا مامەڵەی کڕین و فرۆشــتن بــە ژنانەوە دەکرا، و بە زیندوێتــی زیندە بە چاڵ دەکران بۆیە لەو باوەڕەدا نین کە چارەسەری ئەم دیاردەیە یان خۆپاراستن لێی شتێکی کورتخایەن وهەنوکەیــی بێت بەڵکو پێویســتە بە شــێوەیەکی تدریجــی و لــە ڕەگ و ڕیشــەوە بێــت لــە پێنــاو بنبڕکردنــی یان چارەســەر بــۆ کەمکردنەوەی بە زۆرترین ڕادە ئەوەش لە ڕێگەی:

-هۆشــیارکردنەوەی کۆمەڵایەتــی گــەر لــە نێــو کۆمەڵگــەی مێینەکانــدا بێــت یــان کۆمەڵگە بــە گشــتی چونکە پێویســتە ژنان بــە مافەکانیان

ئاشـنا بـن، جگە لـە چۆنیتـی داکۆکیکـردن لییَ، گەیشـتنی دەنگـی سـتەملێکردنیان بـە جیهان بە هـۆی گشـت کەناڵەکانـی ڕاگەیاندنـەوە، بێدەنگ نەبوون وئابڕونەبردن لێنەبووردن لە سەندنەوەی مافەکانیان و دروستکردنی کیانێکی هۆشمەندی و سەربەخۆ بوونیان. لە لایەکی دیکە بڵاوکردنەوەی ئەو هۆشمەندییە لە کۆمەڵگە نێرسالارییەکاندا، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیری ڕێز و ڕێزگرتنی ژنان کە نیوەی کۆمەڵگە پێک دەهێنن بەڵکو گشت کۆمەڵگە.

-ڕۆڵـی ڕاگەیاندنەکانـی بینراو و بیسـتراوو نووسـراو لـە بڵاوکردنـەوەی زۆریـک لـە ڕۆشنبیرییەکان بۆ گشت کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی خـراپ یان باش بـۆ هەمـووان ئاشـکرایە، بۆیە گرنگە ئەو ڕۆشـنبیرییە گشتگیر بکریّ بۆ ئەوەی بگاتە ئەو شـێوازانە کە هەستێت بە تەغتیەکردنی پێویسـت بـۆی. جگە لەوەی پێویسـتە ئەو هەوڵە دووهێنـدە بێـت لـە شـێوازەکانی تەلەفزیۆندا بۆ لابـردن و سـڕینەوەی ئەو بڕگـە ودیمەنانەی لە دوور و نزیک ئاماژە بەپشـتگیریکردنی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەن.

-دروسـتکردنی ئەو دامەزراوانەی هەڵدەستن بـە فێرکردنی هاوسـەرە نوێکان لەسـەر چۆنیتی

مامەڵەکردنی ڕاســت لەگەڵ یەکتریدا و پاراستنی مافەکانیان بەرامبەر یەکتری.......

لە کۆتاییدا ڕێگەی چارەسەرەکانی توندوتیژی تا ئێســتا لە ســەرەتاکەیدایە بۆ ئەوەی ئەقڵیەت و تێڕوانینی گشــتی بەرامبــەر ژنان بگۆڕێت و ژنان ببنــە مرۆڤیکی خاوەن کیــان و وپێگەی جێگیر کە هیــچ کاتێک دەســت لــە مافەکانــی هەڵنەگرێت و قوربانی بە دەستکەوتەکانی نەدات.

جگــە لــەوەی گرنگتریــن ئــەو بەربەســتانەی ڕووبــەرووی خۆپاراســتنی ژنــان دەبێتــەوە لــە توندوتیژی و هەڕەشەی لێدەکات ئەو جیاوازییەیە لە نێوان ئەوەی دەوترێت و ئەوەی پیادە دەکرێت واتە لە نێوان قســەکردن و کرداردا چونکە قسەکردنێکی زۆر لەمەڕ مەســەلەی ژنان دەوترێت بەڵام ئەوەی ممارســە دەکرێت جیاوازە وناکۆکــی هەیە لە گەڵ ئەوەی وتراوە بۆیە گرنگ ئەوەیە قســە و مامەڵە لە مامەڵەکردنی ژناندا چوونیەک بێت.

## سەرچاوە

(العنف ضد المرأة.. الاسباب و العلاج) مجلة بشرى- العدد ٧٧ محرم ١٤٢٤ه

www.annabaa.ory

## نەخۆشی سەدەی ئێستا
## توندوتیژی دژ بە ژنان:
## ئابڕوچوونە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا

توندوتیژی دژ بە ژنان دیاردەیەکی کوشندەیەو یەکێکە لە زیاترین پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ کــە بەربــلاَوی و بەرفراوانــی بەخــۆوە دەبینێت و سنووورە ڕۆشنبیری، هەرێمی، ئاینیی و ئابوورییەکان دەبەزێنێ و درێژە دەکێشێت بۆ گشت چین، ڕەگەز، بنەچــە، تەمەن، ئایین، بیروباوەڕ، نەتەوە، ناســنامە و ڕەگەزنامەکان.وێــڕای ئــەوەی لــە زۆربەی کاتدا پێشــێلکارییەکانی دژ بــە ژنان لەو وڵاتــە بیانیانەدا ڕوودەدەن کە بانگەشەی دیموکراسیەت دەکەن،.....

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پزیشکی گشتی لــەوەی بەئاگاکردینــەوە کــە توندوتیــژی خێزانیی مەترســی گەورەی لەســەر ژنان دەبێــت: گەورەتر لە مەترســی لاقەکردن، پەلاماردان و ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێــل بەشــێوەیەک ئەو توندوتیژییــە بۆ وڵاتە

یەکگرتووەکان تەشەنە دەسێنێت.

- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە پاکستان ڕایگەیاند لە ســاڵی (١٩٩٩)دا زیاتر لە (١٠٠٠) ژن لە وڵاتدا بوونە قوربانیی « تاوانەکانی شەرەف « .

- لــە ڕوانــدا، بــە ئاشــکراکردنی کــرداری لەناوبردنی بە کۆمەڵ لە ساڵی (١٩٩٤) دا نزیکەی (٥٠٠،٠٠٠) ژن ڕووبــەڕووی لاقەکــردن بوونەوە کە نزیکەی (٥،٠٠٠) حاڵەتی سکپڕی لێکەوتەوە.

- لە ڕوســیا، حکومەت ساڵانە (١٤،٠٠٠) ژنی تۆمارکرد کە هەموو ســاڵێک لــە لایەن هاوکار و خــزم و کەســوکاریانەوە لەناودەچــن. وە ماوەی بیســت و پێنج ســاڵی ڕابردووی کارکــردن بووە هــۆی تەشەنەســەندنی توندوتیــژی دژ بــە ژنان بــۆ دۆزینــەوەی بەڵگەی زیاتر ســەبارەت زۆری قەبارەی ئەم دیاردەیە لەســەر ئاستی جیهانیی. لە کاتێکــدا گرنگــە ئاماژە بەوە بکرێت کــە ئاگاداری ناکرێــت لە گشــت ڕووداوەکانــی توندوتیژی دژ بــە ژنان ئەوەش بەهۆی هەســتیاری بابەتەکەوە، وە دەشــێت بوترێت دەرئەنجامەکانی بەدەستدێن ئاســتێکی کەمیی ئــەو ڕووداوانــە دەگرێتەوە کە ڕوودەدەن. جگە لەوەی توندوتیژی بە ئاشــکرا و نهێنــی ڕوو دەدات، لــە کاتی(ئاشــتی و کاتەکانی جەنــگ) بەڵگــەکان دەریدەخــەن کــە سســتمێکی

سیاســی یــان ئابــووری جیــا نییــە ئــەو کاتەی مەسەلەکە پەیوەندیدار دەبێت بە ڕێپێدان و پاساو هێنانەوە بەپیادەکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان،.وە خــراپ مامەڵەکردن لە لایەن مێرد یان هاوکارەوە بڵاوتریــن جۆری توندوتیژییە دژ بــە ژنان کە لە گشت ناوچەکانی دونیادا زیاتر ڕادەگەیەنرێت.

- لــە بنغلادیشــدا: لــە کــۆی ڕووداوەکانــی کوشتن ڕێژەی ئەو ژنانەی بەدەستی مێردەکانیان دەکوژرێن دەگاتە (٥٠٪).

- لیژنەی چاککردنی یاســایی لە بابوا نیوغینیادا دەریخست کە ٦٧٪ ی ژنانی لادێنشین و ٥٦٪ ی ژنانی شارنشین بەهۆی خراپ مامەڵەکردنی مێردەکانیانەوە بوونەتەقوربانیی.

- ئامارە تایبەتەکان بە لاقەکردن لە باشووری ئەفریقیادا باســیان لەوەکرد کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ٥٢،٩٧٥ حاڵەتی لاقەکردن ڕاگەیەندرا، وە زیاترین کۆمــەڵ کە ڕووبــەرووی ئــەم تاوانانــە دەبنەوە تەمەنی نێوان ١٧-١٢ ســاڵە، کە ڕێژەکەی لە کۆی ١٠٠،٠٠٠ حاڵەتدا گەیشــتە ٤٧٢، وە گەیشتە ٢٨٦ حاڵــەت لە کۆی ١٠٠،٠٠٠ حاڵەتــی تەمەنی نێوان ٤٩-١٨ ســاڵ، وە ١٣١ لــە کۆی ١٠٠،٠٠٠ حاڵەتی ئەو کچانەی تەمەنیان لە ١٢ ساڵ کەمترە.

- بــە پێــی ئــەو ژمارانــەی ســاڵی (١٩٩٧) لە

ڕاپۆرتـــی کۆمەڵەی ڕێکخســتنی خێزانی ســەر بە نەتــەوە یەکگرتوەکانــدا هاتــووە کە بایــەخ بە» بارودۆخی دانیشتوان لە جیهاندا « دەدەن، نزیکەی ١٢٠ ملیۆن کچ لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا کۆئەندامی زاووزێیان شێوێنراوە.

– لە هەندێ ولاَتانی ناوەڕاســتی ڕۆژهەلاَت و ئەمریکای لاتینی و باشــووری ئاســیادا ڕوودانی « تاوانەکانــی شــەرەف ڕاگەیەنــدرا، لــە کاتێکدا خەملاَندنی ڕادەی تەشەنەســەندنی ئەم دیاردەیە کارێکــی قورســە لــە و ڕوانگەیــەی زۆربــەی ڕووداوەکان لە ووردبینی ڕەسمی قوتار دەبن.

– ڕووداوەکانی لاقەکردن، توندوتیژی جەستەیی دژ بە ژنان وکچان بە ئاشکراکردنی جەنگ، ناکۆکیی و کارەساتە مرۆییەکان لەئاستێکی زۆردا ڕوودەدەن. وە لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا ژمارەی ئەو ژنانــەی ناچارکران بە کارکــردن « وەک ژنانێک بــۆ ڕابــواردن بــە نزیکــەی ٢٠٠ ژن خەملێنرا وەک هەوەسێکی سەربازی لە سوپای ئیمبراتۆریەتی یاباندا ڕۆڵیان بینــی، وە لە کۆی ژمارەی پەناهەندەکان و کەســانی دیکەی کۆچکردو و بە گشتی لە جیهاندا دەگاتە ٪٨٠.

– بە ئاشــکرابوونی ناکۆکییەکان لە سیرالیۆندا ســاڵی ١٩٩٩ زیاتــر لــە ٪٥٠ ی ژنــان دووچاری

یەکێک لە شێوەکانی توندوتیژی سێکسی بونەوە.

- ژنان و کچان دووچاری ناچارکردن دەکرێن بەداوێنپیسی یان بە نهێنی بازرگانیان پێوەدەکەن یاخــود بەشــداریکردن لە لایەن هێزی پاراســتنی ئاشتییەوە.

- لــە وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکادا، دامەزرانــدن لــە ئیــدارەی بۆش لە چارەنووســی کەسانێکی دیاردا خۆی دەبینێتەوە بەوەی ئینتمایان بۆ نەریتی مەسیحیی دەبێت. دەرئەنجامی ئەوەش حکومەتــی وڵاتــە یەکگرتــووەکان تەرخانکردنی پارەی کێشایەوە لەهەر ڕێکخراوێک کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لە بواری لەبارچوون دا. جگە لەوەی حکومەت چووە ڕیزی وڵاَتانی دیکە بۆ بانگەشەکردن لەپاشگەزبوونەوە لەو پشتیوانیەی پێشکەش بە کۆمەڵەی ڕێکخستنی خێــزان دەکرا، وەک گوزارشــتێک بــۆ کاردانەوە دژ بــە مافــە تەندروســتیەکانی ژنــان و توانــای وەچەخستنەوە.

- لــە هنددا، هەندێ لە ژنانی کۆمەڵەی (دالیت) ئەوانــەی ئینتمایــان بۆ زیاد لــە کۆمەڵەیەک هەیە دووچــاری داپڵۆســین بوونــەوە. جگــە لەوانەی لــە ئەنجومەنــی لادێنشــینەکاندا هەڵبژێــردران ڕووبــەڕووی لاقەکردنی بە کۆمــەڵ و ئازاردانی

سێکسی بوونەوە بەدەستی پیاوانی هندوس کە ئینتمایان بۆ کۆمەڵەیەکی باڵاتر هەیە.

– لە بنغلادشـدا، بەرپرسانی ئاینیی فەرمانیان دەرکـرد بـە مافـی ژمارەیـەک لـە ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی کار لـە بـواری تەعزیزکردنـی مافەکانـی ژنانـدا دەکەن. وە لەسـەر بناغەی ئەو فەرمانـە دە کـەس لە ژنان بە تەڵاقـدران بەهۆی کارکردنیـان لـە ڕێکخـراوی ناحکومییدا.ئەمـە تەنهـا نموونەیەکی کەمە لەسەرپێشـێلکاریی مافە مرۆییەکانـی ژنـان، کـە لەلایـەن جێبەجێکەرانی هێـزە کۆمەڵایەتی و سیاسـیەکانەوە ڕوودەدات، وە هەنـدێ جاریـش لە لایەن خـودی دەوڵەتەوە نەک تەنها تاکەکان. وە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، دەوڵەت بەرپرسـیارێتییەکی گـەورە هەڵدەگرێت سەبارەت پێشـێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە بارودۆخێـک دەخوڵقێنـێ تعزیـزی توندوتیـژی دژ بـە ژنـان دەکات. ودەشـێت فەرمانڕەوایـان جێبجێکەری ڕاسـتەوخۆ بێت بۆ توندوتیژی، یان دەشێت بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بەرپرس بێت لە پێشـێلکارییەکانی مافە مرۆییەکانی ژنان ئەگەر وەک ئەرکێـک سـنگی دەرپەڕاند لـە پیادەکردنی کۆڵنەدان بۆ ڕێگرتنی پێشێلکارییەکان و لێکۆلینەوە لێی و سزادان لەسەری.

هەنـدێ لەو مافانەی بە مافە ڕۆشـنبیرییەکان دادەنرێـت ئۆپۆزسـیۆنێکی گـەورە پێکدەهێنـێ. وەزۆرێـک لـەو وڵاتانـە پشـتیان بە شـێوازێکی ڕۆشـنبیری ڕێژەیی بەسـتووە ـ کە ژنان بێبەش دەکـەن لە هەندێ لـە مافەکانیان ـ لەوانەش ئەو ژنانـە دەگرێتـەوە کـە ئینتمایان بـۆ کەمینەیەکی چەوساندنەوەکان هەیە لەسـەر ئەو بناغەیەی بە (نەریتێکی ڕۆشـنبیری) دیاریکراوەوە پەیوەسـت دەبێت .

- لـە ئوسـترالیادا یەکێـک لـە دادوەرەکان حوکمێکـی ڕەمزی بەسـەر پیاوێکـدا دەرکرد کە هاوسـەگیری لەگەڵ داوێنپیسێکدا کردبوو کچێکی تەمەن پانزە ساڵ لە دانیشتووەیەکی ڕەسەن بوو، بە شێوەیەکی توندوتیژیانە لاقەی کرد. ڕەوشتەکەی بە بەشـێک لە (نەریتە دانیشـتوانە ڕەسـەنەکان) دانرا وە (بە بەشـێک لە ڕۆشـنبیرییەکەی). بۆیە ژنانی دانیشتوانە ڕەسەنەکان و کەمینە بنەچەکانی تێدەکۆشـن لـە پێناو پەیبـردن بـە کۆمەڵەکەیان ناچار دەبن بە بەرهەڵسـتیکردنی ئەو شـوبهاندنە سـەرکوتکردنە بۆ ڕۆشنبیریەکەیان، کە بەو چاوە تەماشا دەکرێت وەک ئەوەی جێگیرە و ناگۆڕێت، نـەک ئەوەی لە باری ناکۆکیەکی توندە و ئەگەری چاککردنە. وە لەهەمان کاتدا پێویسـتە لەسەریان

وەک ژنانێکــی نێو کۆمەڵگەکەیان جەخت لەســەر مافەکانیان بکەنەوە.

دەشــێت ژنانــی ڕۆژئــاوا وەک ئــەوە وا بــن درک بــە نەریتــە ڕۆشــنبیرییەکان نەکــەن کــە دەشــێت ڕێســاکانی ڕەفتار و هەڵبژاردنەکان لە هاوســەرگیری و ژیانــدا بەنــد بکەن یــان بنیادی بنێــن. چونکە (ڕۆشــنبیری) زۆرجار بەوە ســەیر دەکرێت کە موڵکــی (کۆمەڵگەکانی دیکە بێت)نەک کۆمەڵێک بیروباوەڕ و مومارەسات بێت کە کاری دەوڵەمەندکردنی ڕێسا و هەڵبژاردە ئەخلاقییەکان بێت لە گشت کۆمەڵگەیەکدا. ڕاپۆرتێکی بڕیاردەری تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە پەیوەندیدارە بــە توندوتیــژی دژ بــە ژنــان باســی لــەوە کرد ئارەزووکــردن لە (جوانیدا) بە ڕێگەی جۆربەجۆر کاریگەری لەسەر ژنان هەیە ئەگەرچی زەرەرمەند بێت.وە ئەو داســتانە جوانییەی دەڵێت جەســتەی مێینەی لاواز تاکە شێوەی ژنانە کە پەسەندە و لە لایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواوە بەســەر ژنانــدا دەســەپێنرێت لــە ڕێی گۆڤــار و ڕیکلام و تەلەفزیۆنەکانەوە، کە بە شێوەیەکی تایبەتی کچانی تەمــەن منداڵ دەکاتە ئامانج چونکە زووتر کاریان تێدەکات.جگە لــەوەی ئامرازەکانی بەیەکگەیاندنی جەماوەر لە وێنەکردنی ژناندا بەردەوام دەبن یان

له ڕووە تقلیدیەکەیەوە، یاخود وەک جەستەیەک بۆ فرۆشتنی بەروبوومەکان.ڕادیکا کوماراسوامی بڕیاردەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەتن بە توندوتیژی دژ بە ژنان، شێوازی جۆراوجۆری توندوتیژی دژ بە ژنانی لەخۆگرت، لە سێ ڕووی سەرەکییەوە:

## توندوتیژی لە خێزاندا:

ئەوەش توندوتیژی خێزانییە و ئەمانە لەخۆ دەگرێت، لێدان، لاقەکردنی هاوسەرگیری، خوێنڕێژ و کردارە باوەکان لەوانە: شێواندنی ئەندامی زاووزێی مێینە، بە باشتر زانینی منداڵ و هاوسەرگیری پێشوەخت وە ئەو توندوتیژییەی بە سزاکان پەیوەندیدارە، لە ڕێی بەردهاویشتن یان فەلاقەکردن بە پێی یاسا ئاینیی و عورفییەکان.

## توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا:

ئەمانە دەگرێتەوە: لاقەکردن، گێچەڵپێکردنی سێکسی، تەنگپێهەڵچنینی سێکسی لە شوێنی کارکردن و دامەزراوەکانی فێرکردن و شوێنەکانی تردا، زۆرلێکردنی داوێنپیسی، بازرگانیکردن بە کەسانەوە بە مەبەستی لەشفرۆشی یان کاری ناومال، توندوتیژی دژ بە کارکردووانی کۆچکردوو،

وێنەی ڕووت کــە پەیوەندیدارە بە توندوتیژی دژ بە ژنانــەوە، ئەو توندوتیژییــەی دەوڵەت دەیکات یان لەســـەری ڕێکدەکەوێــت، توندوتیژی لە کاتی بەندکردندا، کە لاقەکــردن، لێدان و گێچەڵپێکردنی سێکسی دەبێتە بەشێک لێی، توندوتیژی دژ بە ژنان لە کاتی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا، توندوتیژی دژی ژنانی پەناهەندە و کۆچکردووە ناوخۆییەکان.

– تاڵــە دەزوویــەک کــە گشــت شــێوازەکانی توندوتیــژی دژ بــە ژنان و شــوێنی ڕووداوەکان پێکــەوە گرێــدەدات، ئــەوەش لەبــەر ئــەوەی بە شێوەیەکی ســـەرەکیی ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشی جیاوازی لە ڕەفتارەکاندا چەسپاندووە کە بۆتە هۆی بەردەوامیەتتــدان بە جیاوازییــەکان و توندوتیژی دژ بــە ژنــان. وە زۆر جار شــێوازە جیاوازەکانی توندوتیژی تێهەڵکێشــی یەکتری دەبن، بۆ نموونە فرە لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە کە توندوتیژی جەستەیی لە لایەن هاوکارێکی خزمەوە زۆرجار توندوتیژی سێکسیش بەخۆیەوە ڕاکێش دەکات.

## هۆكارە بنەڕەتییەكانی
## توندوتیژی دژ بە ژنان

ڕاپۆرتـــی بڕیـــاردەری تایبـــەت بـــە نەتـــەوە یەكگرتووەكان كە تایبەتە بە توندوتیژی دژ بە ژنان و پێشـــكەش بە خولـــی پەنجای لیژنـــەی مافەكانی مرۆڤ كراوە، وەک هۆكار و ئاكامەكانی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەم مەسەلانەی دیاریكرد:

### ١- پەیوەندییە ناهاوسەنگەكانی دەسەلات لە ڕووی مێژووییەوە:

كردارە سیاســـی، ئابووری و كۆمەلاَیەتییەكانی كە بۆ چەند ســـەدەیەک گەشـــەكردنی بەخۆوە دی بـــووە هۆی ئـــەوەی پیـــاوان پارێـــزگاری بكەن بە شـــوێنی دەســـەڵاتەوە، وە بە كردەیی وای لە ژنان كرد هاووڵاتی پلە دوو بن. لەســـەر ئەو ڕێكخستنە كۆمەڵایەتییـــەش یاســـا و پیادەكردنێک هاتە كایەوە كە ببێتە هۆی لاوازبوونی ژنان لە ڕووی سیاســـی و ئابوورییـــەوە. وە زۆر جـــار پیاویـــش بـــۆ بـــەرز ڕاگرتنی دەســـەڵاتی خۆی توندوتیـــژی دژ بە ژنان بەكاردەهێنێت.

## -٢ زاڵبوون بەسەر ئارەزووە سێکسییەکانی ژناندا:

ژنـان لـە لایـەن تاکەکانـی خێزان، گـروپ و دامەزراوەکان لە کۆمەڵگەدا یان لە لایەن دەوڵەتەوە لـە پێنـاو سـەلامەتی جەسـتەیی و ئەقڵییـان و بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئارەزووە سێکسییەکانیاندا دووچاری تۆقاندن و پێشـێلکارییە مەترسیدارەکان دەبنـەوە، دەشـێت ژنـان دووچاری پێشـێلکاریی سێکسـی ببنـەوە، ئەو کاتـەی پیاوان ئـارەزوو لە ترساندنی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەدەکەن کە ئینتمای بۆ دەکەن لە (لاقەکردن، گێچەڵپێکردنی سێکسـی لە کاتی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا) یان هێرشکردنە سەر ناسنامەی یەکێک لە لایەنەکان.

## -٣ بیروڕایەکی ڕۆشنبیری:

ڕۆشـنبیرییە کە دەتوانێت ڕۆڵـی ڕەگەزەکان دیـاری بکات. لەو کاتەی بیروڕا ڕۆشـنبیرییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر بانگەشـە بۆ تعزیزکردنی مافە مرۆییەکانـی ژنـان دەکات و داکۆکیـان لێدەکات چەندیـن پاسـاو بەکاردەهێنرێت بـۆ توندوتیژی

دژ بــه ژنان لەڕووی عورف ودابو نەریت و بەها ئاینییەكانی زۆرێك لە كۆمەڵگەكان. وە لە كۆمەڵگە جۆربەجۆرەكانــدا لەڕێی ســتراتیجیی جیاوازەوە زاڵبــوون بەســەر ژنانــدا پیــادە دەكرێــت لەوانە بەهــۆی خۆشەویســتی پاك یان پێویســت یاخود پێوەرەكانی (شــەرەف) و عەیبە. وە وا تەماشــای ڕەفتــاری ژنان دەكرێت كە ڕەنگدانەوەی بەســەر خێزان و كۆمەڵگەكەیدا دەبێت .

## ٤- بیروباوەڕە تایبەتمەندەكان:

بزوتنەوەكانــی ژنــان لــە پێنــاو ڕاگەیاندنــی دیــاردەی توندوتیژی دژ بە ژنــان خەباتیان كرد بەوەی وەك تاوانێك تەماشای دەكەن دەرهەق بە ژنان نەك دەرئەنجامی ڕق ئەستوری بێت.

ئــەو بیروبــاوەڕە جێگیــرە لــە زۆربــەی كۆمەڵگەكانــدا بووە هۆی ئــەوەی توندوتیژی دژ بــە ژنان لــە خێــزان و چوارچێــوەی پەیوەندییە خزمایەتییەكاندا بە مەسەلەیەكی تایبەتی بزانرێت بــۆ بەردەوامییەتــدان بــەو مومارەســەكردنە بێ هیــچ بەربەســتێك .وە دەوڵــەت خــۆی تعزیــزی زاڵبوونــی كرد بەســەر ژناندا لە ڕێی یاســاكانی باری كەســێتییەوە لە بوارەكانی هاوســەرگیری،

میـرات، وەسـیـەت وە لە یاسـاکانی سـزاداندا لە ڕێی ئەگەرەکانـی پەیوەندیدارە بە هەڵسـوکەوتە گونجـاوەکان و ئـەو ڕێگەیـەی تەرخانکردنـی سـەرچاوەکانی لێوە دەکرێت. لە هەندێ ناوچەی ولاَتـە یەکگرتـووەکان دا ئەو کچانـەی بوون بە دایـک و بێ ئەوەی باڵق بن ڕووبەڕووی ڕێگری دەبنەوە بۆ بەدەسـتهێنانی موڵکی گشـتی، لەبەر ئەوەی ناتوانن خێزانی نموونەیی پێکبهێنن.

### ٥- شێوازەکانی چارەسەری ناکۆکییەکان:

هەندێ لـە لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە کرد بەوەی سـەرکوتکردن وکەڵەکەبوون ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـدارن بـە زیادبوونـی ڕووداوەکانـی توندوتیـژی دژ بـە ژنـان لـە مـاڵ و کۆمەڵگەدا. وە لـە کاتـی بارودۆخـە کردەییەکانـی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا شێوازی ڕووداوەکانی توندوتیژی دژ بـە ژنان بەهـۆی بەکارهێنانی نیشـانەکردنی ناسـەربازەکانەوە زیادبوونێکی گەورەتر بەخۆوە دەبینـێ کە زۆربەیان ژنـان و منداڵان دەگرێتەوە وەک تەکتیکێکی سەربازی ڕەسمی.

### ٦- تەحبەڵی فەرمانڕەوایان:

وەرنەگرتنی کارڕایی لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە بـۆ بەرگرتن و سـنوردانان لـە توندوتیژی دژ بە ژنان وادەکات ڕێککەوتن و کەشـێک بخولقێنێ کە تاوانباران لە سزادان قوتار بن. بەهەمان شێوەیەش بۆ توندوتیژیەکانی لەناو ماڵدا ڕوو دەدات. ئەگەر فەرمانڕەوایـان ئەم دیاردەیەیـان فەرامۆش کرد دەبێتە هـۆی لێبوردەیی لەئاسـت توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەوەش بۆخۆی ڕۆشـنبیریەکی بێدەنگی دەخولقێنێ، ئەو مەسەلەیەی لە ئیرادە و خواستی ژنـان دادەبەزێنـێ لـە داواکردنـی پشـتیوانی و پاراسـتن لە دەوڵەت یان وەکیلەکانیان (بۆ نموونە پۆلیـس بێـت یـان دادگا)، وا دەکات توندوتیـژی کارێکی نەبینراو بێت .

## ڕێکخستنی چارەسەرکان

تایبـەت بە هۆکار و سـزادانی توندوتیژی دژ بە ژنان و ڕێکخستنەکانی گیراونەتەبەر بۆ چارەسەری کێشـەکە لە زۆربەی بوارەکاندا ڕێژەیەکی گەورەی زانین و زانیاریەکان هەن لەو بارەیەوە:

- پشـت ئەستوور بە گرێبەسـتەکانی کارکردن کـە تاک، وەکالەتەکانی دەوڵەت، دەسـتەی حکومەتە

نیودەوڵەتییەکان، ڕێکخــراوە ناحکومییەکان و ژنان پێی هەستان.

لێرەوە ئاماژە بە هەندێ لە خەسڵەتە سەرەکییەکان دەکەین کە نموونەیەکی باش پێک دەهێنێ سەبارەت ســتراتیجیاتی نیشــتمانی و پلانــی کارکــردن بــۆ چارەسەرکردنی کێشەی توندوتیژی دژ بە ژنان.

-١ ســتراتیجێکی نیشــتمانی فراوان، گشــتگیر وتــەواو، کــە لە لایــەن دەوڵەتەوە بەڕێــوە بچێت بــە بەشــداربوونێکی چالاکانە لە لایــەن زۆربەی وەکالــەت و ڕێکخراوە ناحکومییــە ناوخۆییەکانی لەســەر هێڵەکانــی پێشــەوە دەوەســتن بــۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ قوربانییەکان و ئەوانەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە و خۆیان دەرباز دەکەن.

-٢ پلانــی کارێکــی نیشــتمانی، پشــت بــە ستراتیجێکی نیشتمانی دەبەستێت لەگەڵ نیشانە و ئاماژەکانی (سەرکەوتنێکی) ئاشکرا، و دابینکردنی دارایی پێویســت بۆی وە لە لایــەن وەزارەت یان فەرمانگەیەکــی ناوەندییــەوە بەڕێــوە دەچێت کە خاوەن دەسەڵاتێکی سیاسی تەواون.

-٣دووبارەبوونەوە پلانی کارکردنی نیشــتمانی لەسەر ئاستی حکومەتی ناوخۆیی لەبەر ئەوەی ڕووە و زیادبوون دەچێت بە ناردنی بەشــێکی گەورە لەو

دەســـەڵاتدارانەی پەیوەندیدارە بە پاراستنی سستەم، خوێندن، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامە پەیوەندیدارەکانی تر بە مافەکانی ژنان، بۆ حکومەتە شارەوانیی، ناوخۆیی و هەرێمییەکان.

-٤ ســتراتیجیەت و پلانــی کارکــردن پێویســتە گرێدراوی یاســادانان بن کە ڕەنگدانەوە و پەیوەست بێــت بە پێــوەرە نێودەوڵەتییەکانەوە لە بــواری مافە مرۆییەکانی ژنان (بۆ نموونە بەرنامەی کاری پەکین).

-٥ ئەو پلانی کارکردنەی لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە دەچێت پێویستە پشتیوان بێت نەک ململانێ بۆ کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان .

-٦ پلانی کارکردن ئەو بەرنامەیە بەکاردەهێنێت کە کار بۆ مافەکان دەکات لە شیکارکردنی هۆکار و سزاکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، کە پەیوەندییەکان دەپشــکنێ لە نێــوان توندوتیژی دژ بە ژنــان و ئەو جیاکارییەی لەسەر ڕەگەز بنیادنراوە جگە لە شێوەکانی تری ئــەو جیاوازیانەی ژنان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لــە کۆمەڵگەدا. هەروەها لە تێڕوانینەکەیدا پشــت بە مافەکان دەبەســتێت بەوەی چارەسەری کۆتایی بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە تواناسازی ژنان و یەکســانیی نێوان ڕەگەزەکاندا خۆی دەبینێتەوە لە گشت بوارەکانی کۆمەڵگەدا.

-٧ پلانــی کارکــردن ســوود لــە ڕۆڵــی

ئامرازەکانــی ڕاگەیانــدن دەبینێــت و بەرەنگاری کۆمەڵگــەکان دەبێت بەگۆڕانی ڕەفتاری جیاکارانە و هەڵوێســتە جیاکارییەکانــی بەرامبــەر ژنــان دەکرێــت. ئــەوەی لێرەدایــە نموونەیــە لەســەر سەرچاوە بەســوودەکان بۆ ناوەڕۆکە تایبەتەکان بــە ڕێکخســتنە چارەســەرییەکان کــە لــە کاتــی هەڵمەتــی ڕووبەڕووبونــەوەی توندوتیژی دژ بە ژناندا ئاماژەی پێ دەدەین.

-٨ بەرنامــەی کاری پەکیــن بــۆ ســاڵی ١٩٩٥ ( ئامانجــی ســتراتیجی ( د) (توندوتیژی دژ بــە ژنان)، وە ئامانجــی ( و) (ژنان لــە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا) وە بەڵگەنامــەی دەرئەنجامی پیاچونەوەی ســاڵی پێنجــەم بــۆ بەرنامەکانی کاری پەکین بۆ ســاڵی ٢٠٠١. وە لەگــەڵ ئــەوەی هەنــدێ لە بەشــەکان جێــی گفتوگۆیەکی گەورەن لە مــاوەی کۆنگرەی چوارەمــی جیهانی ژنان لە پەکینی ســاڵی ١٩٩٥، وە پیاچونــەوەی ســاڵی پێنجەم ( بکیــن + ٥ ) لە ماوەی خولی تایبەت بۆ کۆمەڵەی گشــتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یونیو / حزیران ٢٠٠١، ئەو دوو بەڵگەنامەیە پابەندبوونی ئاشکرا لە لایەن دەوڵەتەوە زامن دەکات، وە دەبێت لە هەڵمەتدا بەکاربهێنرێن. ودەشــێت تەماشــای پابەندبوونە نێودەوڵەتیەکان بکرێــت تایبەت بــە توندوتیژی دژ بــە ژنان وەک

پیاچونەوە لە ڕاستیەکەیدا، بۆ ڕاسپاردنی گشتی لیژنەی بەرگرتن لە جیاکاریەکانی دژ بە ژنان.

**ژنان لە کاتی هەڵهاتندا**

ژنان و کچان بەهۆی ڕەگەز و ڕفاندنەوە لە کاتی ناکۆکییە چەکداریەکاندا دووچاری لاقەکردن و شێوەکانی تری توندوتیژی دەبنەوە، بە تایبەت لەکاتی هەڵهاتنیاندا لە پێناوی ئاشتیدا. وە گوزەرکردنیان لە هێڵە سەربازییەکان یان ناوچەکانی ئاژاوەی تێدایە یاخود لەجەنگە ئەهلییەکاندا بۆ داواکردنی ئاشتی تا ئاستێک دەیانخاتە بارودۆخێکی مەترسییەوە. کە دەشێت مەترسیەکی زیاتریان ڕووبەڕوو ببێتەوە بە شێوەیەک دووچاری توندوتیژی سێکسی و ئیستغلالی سێکسی دەبنەوە لەو کاتەی داوای ڕێپێدان دەدەن بە تێپەڕین بۆ شوێنێکی ئارام. هەروەها دەشێت ژنانی کۆچکردوو ڕووبەرووی بارودۆخێکی قورستر ببنەوە لە ڕووی ناوخۆوە. نەبوونی وەکالەتێکی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردن کە توانای دەسەڵاتی دابینکردنی پاراستن و یارمەتیدانی هەبێت بۆ کەسانی کۆچکردوو لە ڕووی ناوخۆییەوە بە هەمان ڕێگە کۆمسیۆنی

باڵا بۆ کاروبــاری پەناهەندەکان کە یارمەتیەکانی بــۆ پەناهەندەکان پێشــکەش کــرد، مافی خۆیەتی ببێتــە هــۆی پێشــکەش نەکردنــی پاراســتن و یارمەتیدانیان.

کەمپــی پەناهەندەکان ئاشــتی و ئاســایش بۆ کچــان و ژنــان زامــن نــاکات وە بەو پێیــەی کە زۆر جــار کەمپینــەکان لە شــوێنی مەترســیدان، نزیــک لــە ناوچەکانــی جەنگ یــان ســنورەکانی کێشەی ناکۆکیان لەسەرە، هێرشە چەکدارییەکان لەســەر ئــەو کەمپینانــە زۆر جــار بەهۆیــەوە کــرداری لاقەکردنی ژنان و خــراپ مامەڵەکردنی لێدەکەوێتــەوە. دارمانی نەریتــی ڕەفتارە باوەکان کــە ئەرکێتــی ژنــان لــە بارودۆخە ئاســاییەکاندا بپارێــزێ وە ئــەو خەفەکردنانەی پیاوان بەهۆی ژیانــی کەمپەوە هەســتی پێدەکەن دەشــێت ببێتە هــۆی هەڵســوکەوت و ڕەفتاری توندوتیــژ دژ بە ژنان.لێکۆڵینەوەی هاوبەش کە کۆمســیۆنی باڵا بۆ کاروبــاری پەناهەندەکان ئەنجامیدا وە ڕێکخراوی دەربازکردنــی منــداڵان دەربــارەی کــردەوەی ئیســتغلالکردنی سێکســی (مــەودای فــراوان ) بۆ ژنــان و کچانــی پەناهەندەکانی گشــت لــە لیبریا، غینیا، ســیرالیۆن. وە ئەوەی پێی وایە کە بەشێکی گــەورەی لەلایــەن کارکــردووە ناوخۆییەکانــەوە

ڕوو دەدات کــە ڕێکخراوە نیشــتمانییە ناحکومیی و نێودەوڵەتییــەکان بەکاریــان دەهێنن، بــەدەر لە وەکالەتەکانی نەتــەوە یەکگرتووەکان، وپاڵپشــتی کۆمســیۆنی بــاڵا بــۆ کاروبــاری پەناهەنــدەکان: مەودایەکــی نوێــی زیاد کــرد بــۆ پێکەوەگرێدانی نێوان توندوتیژی بەهۆی ڕەگەز و ئیستغلالکردنی سێکســی و نێــوان « ئەوانــەی بەڕاســتی ئــەو توندوتیژییەی لەسەر بنەمای ڕەگەزە بەکاردەهێنن لــە کاتــی ناکۆکییەکاندا (دەرکەوتوە کــە لە نێوان) بەکاربەرەکانــدا فەرمانبەری پیاوان هەن خۆیان لە زیاتر لە ٤٠ وەکالەت و ڕێکخراوی مرۆیی دەدەن، ئەوانەی ئاڵوگۆریان بەکاڵاکان و خزمەتگوزارییە مرۆییەکانەوە کردبوو بە پیادەکردنی سێکس لەگەڵ کچانێکی زیاتر لە هەژدە ساڵ. لێکۆڵینەوەکە دەڵێت ئــەو پیادەکردنە لەو شــوێنانەدا دەردەکەوێت کە بەرنامــەی یارمەتییە گرنگەکانی تێدا کار دەکات لە ڕێی کەمپینی پەناهەندەکان لە غینیا و لیبریادا. جگە لەوەی لێکۆڵینەوەکە چەند قســە و باسێکی خستە ڕوو تایبەت بە ئیستغلالی سێکسی منداڵان لە لایەن تاکەکانی هێزەکانی پاراستنی ئاشتی نێودەوڵەتی و سەرکردەکانی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان.

هەروەها ناکۆکییە چەکدارییــەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسییەکانی ناچارکردنی ژنان و کچان

بۆ سێکسـی یان داوێنپیسـی بـەزۆر. وە زۆر جار قورساییەکانی ڕووبەڕووی ژنان و کچان دەبێتەوە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بۆ خێزانەکانیان دەبێتە هۆی ناچارکردنیان بە پیادەکردنی داوێنپیسی بۆ بەدەسـتهێنانی خواردن، مانەوە، سەلامەتییەکی ڕێژەیـی. وە لەگـەڵ ئـەوەی زۆربـەی ناکۆکییـە ناوخۆییەکان، گواسـتنەوەی ژنـان و کچان لە ڕێی سـنورە نێودەوڵەتیەکانەوە دەبێت بۆ سـەربازگەی پاسـەوانەکان یان یاخیبوەکانی هەن لەسەر زەوی وڵاتانـی دراوسـێ. وە هەواڵـی بازرگانیکـردن بە ژنانەوە و گواستنەوەیان لە کەمپینی پەناهەندەکان و شـوێنەکانی تری بۆ داڵدەدان و پاراسـتنیان یان بۆ خزمەتکردنی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی لەو وڵاتانەی سەنتەری مانەوەیە. وە لـە هەندێ کاتدا ژنان هیـچ پەیوەندییەکیان بە خـودی ناکۆکییەکەوە نابێت. هـەر وەک ڕوون و ئاشکرایە لەو حاڵەتەی پەیوەندی بە بازرگانیکردن بـە ژنانەوە هەیە لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بۆ ناوچەکانی پاش ناکۆکییەکانی وەک کۆسـۆڤۆ. لاقەکردن و توندوتیژی سێکسـی کە ڕووبەڕووی ژنانی پەناهەنـدە دەبێتەوە نابنە هۆی هۆکارێکی تووشـبون بـە شـۆکی دەروونی بەتەنهـا. بەڵکو دەبێتـە هـۆی لێکەوتنـەوەی تەندروسـتی خراپ

له ڕێی تووشــبوون بــه فایرۆســی کەمبونەوەی توانای بەرگریکردنی سروشتی(ئایدز)، نەخۆشییە سێکســییە درێژخایەنــەکان، نەخۆشــییەکانی بەهــۆی نەشــتەرگەریەکانی لەبارچــوون، سکپڕییەکی نائارەزومەندانە. جگە لەوەی ترس لە لەکەداربوونی عەیبە و لە ســزا و تووشــبوون بە زۆرێک لە توندوتیژی دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی لاوازیەکانیان.

## کاریگەری توندوتیژی لەسەر ژنان

توندوتیــژی دژ بە ژنان دیاردەیەکی بەربڵاو و خووپێوەگرتــووە: لاقەکردن لە لایەن کەســە نامۆ و خزم وکەسوکارەکانەوە، گێچەڵپێکردنی سێکسی لە شەقام و شوێنەکانی کارکردندا، هاوسەرگیری و داوێنپیسی بەزۆرلێکردن،نموونەی ئەوپێشێلکاریانەن کــە بەردەوامیەتیان هەیە بێ ســزادان لــە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، جگە لەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ژیانی گشتی یان تایبەتیدا بێت، ئازادی کەم دەکاتەوە و دەرفەتەکان لەبەردەم ژناندا وەک تاک ســنوردار دەکات. وە لەنێو گشت مرۆڤە جیاجیاکاندا ڕوو دەدات وەک ڕەگەز، چین، ئاین، ڕەنگ، هەوەسە سێکسییەکان،

یان ڕۆشنبیرییەکان یاخود ناوچەیەکی جوگرافی. جگە لەوەی هەندێ لە ژنان دەبنە نیشانە یان بە شێوەیەکی تایبەتـی دووچـاری ئـەو توندوتیژییە دەبنـەوە کە لەسەر بنەمای ڕەگەز، گروپێکی کۆمەڵایەتی، ڕەنگ، ڕۆشنبیری یان ئارەزووە سێکسییەکان و پێکهاتەکانی تری ناسنامەوە ڕوو دەدەن بۆ نموونە بەڵگەی زیاتر هەن بەوەی ئەو ژنانەی دەچنە ڕیزی گروپە ڕەسەنە پەراویزکراوەکانـەوە دووچـاری تەنیایی دەبنەوە وەک ئامانجێک بۆ بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

### کاریگەری لەسەر کچان:

منداڵان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، جگە لـە ژنانی پێگەیشـتوو گـەر لە ماڵەوە بـن یان لە کۆمەڵگەدا یاخود دە ستبەسـەر لە لایەن دەوڵەت یـان گروپـی چەکدارانـەوە، لـە کاتی ئاشـتی و ناکۆکییەکاندا ئەوەش بەهۆی (ناسـنامەکەیانەوە) وەک منداڵ، یـان بەهۆی پەیوەندیانەوە بێت بەو بەتەمەنانەی بـە ئامانجی سـەرەکیی توندوتیژی دادەنرێـن. کچانیـش بـە شـێوەیەکی تایبەتـی دووچـاری هەنـدێ لـە شـێوەکانی توندوتیـژی دەبنەوە وەک لە حاڵەتەکانی هاوسەرگیری بەزۆر و پێشـوەختدا یـان خوێنڕێـژ یاخود شـێواندنی ئەندامەکانی زاووزێی مێینە یان ئەو توندوتیژییەی

گەنجانی دیکـە بەکاریدەهێنن (لاقەکردن لە لایەن چەتـەوە). گشـت ئەو شـێوازانەی توندوتیژی کە کچان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کاردانەوەی توندی هەیە لە تەمەنی پێگەیشتندا، دەشێت ڕەنگدانەوەی بەسـەر ژیانیانـدا هەبێـت کـە نەتوانـن ژیانێکی ڕەزامەنـد و تـەواو بژیـن. وە بەکارهێنانمـان بۆ چەمکی (توندوتیژی دژ بە ژنان).

ژنـان وەک ئەنجامدەرانێکـی توندوتیژی ئەو توندوتیژییە دەگرێتەوە کە لەسـەر بنەمای ڕەگەز بنیادنراوە و کچان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

وە ژنانیـش کاری توندوتیـژی ئەنجام دەدەن و یارمەتیـدەری ئەو پیاوانەن کە ئەم کارە دەکەن گـەر لـە کاتەکانی جەنـگ یان یـان لەکۆمەڵگە و خێزاندا بێت. وێڕای ئەوەی گرنگ دانپیانانە بەوەی زۆربەی کارەکانی توندوتیژی لە جیهاندا لە لایەن پیاوانەوە ئەنجـام دەدرێت: گەر دژ بە پیاوانی تر بێت یان دژ بە ژنان و منداڵان. یاخود وەک تاکێک بێت لە هێزە چەکدارییەکان، فەرمانبەرانی سەر بە دەوڵەت و لە بواری تایبەتدا.

**مافە مرۆییەکانی ژنان و ئازادییە بنەڕەتییەکان بە پێی یاسا گشتییە نێودەوڵەتییەکان، وەك هاوڵاتییەکی دروست لە کۆمەڵگەدا**

- ماف لە ژیاندا.
- مـاف لـە دووچـار نەبوونەوەی بـە ئازار یان شـتی دیکـەی وەک مامەڵەکردن بە لێدان یان سزادانی توند، نامرۆڤانە و سوکایەتی.
- ماف لە بەدەسـتهێنانی پاراسـتنی یەکسـان بـە پێی بیروباوەڕە مرۆییـەکان لە کاتی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان یان ناوخۆییەکاندا.
- مافی یەکسانیی لە خێزاندا.
- مافـی چێژوەرگرتـن بە باڵاترین ئاسـت لە ڕووی تەندروستی جەستەیی و ئەقڵییەوە.
- مافی یەکسان و پەسەندکراو لە مەرجەکانی کاردا.

## سەرچاوە

العنف ضد المرأة(فضيحة في مجال حقوق الأنسان)
- حسام ابو جحجوح ديوان العرب (مجلة فكرية ثقافية أدبية شهرية)

.www diwanalarab.com

## ژنان و توندوتیژییەکانی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە
### (مرۆڤ وەك فەرش وایە چەند بەسەریدا بڕۆیت ڕەونەقتر دەبێت)

ئەگەر پەندە میللیەکان ئاوێنەی ئەقڵیەتی میللەتێک بن، ئەوا ئەو پەندەی سەرەوە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە کە مامەڵەکردنی هەندێ لە پیاوان بۆ ژنان بە مەسەلەیەکی ئاسایی یان بە شتێکی خوازیار دایدەنێن. بەڵام خۆشبەختانە، ئەوە بیروباوەڕی گشت پیاوان نییە، تەنانەت هەموویان لەو جۆرە نین کە ڕقیان لە ژنان بێت و وەک فەرش مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

لەگەڵ ئەوەدا توندوتیژی دژ بە ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و لە سەدە کۆنەکانەوە ژنان پێوەی دەناڵێنن، لەهەر وڵاتێکدا بوو بێت کە هەڵگری هەر تەمەنێک یان ئاستێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی بووبن، بە جیاوازی پلەی خوێندن و ئینتمای ئاینیی. بۆ نموونە ئامارەکان ئاماژەن بەوەی دوو ملیۆن ژنی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٩٥ دا قوربانیی توندوتیژی بوون، وە ژنە

هاوســەرەکانی قوربانیانی توندوتیژی جەستەیی لە ســاڵی ١٩٨٨دا بــە تەنها لە کەنەدا دەگەیشــتە ملیۆنێک ژن، وە لە وڵاتی هند، لە دە ژندا هەشتیان قوربانیانــی توندوتیژیــن، هەروەهــا لــە ویلایەتە یەکگرتووەکانــدا لێــدان و توندوتیژی جەســتەیی بە هۆکاری ســەرەکیی دادەنرێت کە ڕووبەڕووی ژنــان دەبێتــەوە. لەگەڵ ئەوەشــدا ئــەم دیاردەیە لەدوای نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەوە نەبوو بێت نەبۆتە جێی بایەخ، یەکەمجار لە ئینگلترا، پاشان لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تر و ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا، دواتر لە گشــت ناوچەکانی جیهاندا. وە بێگومان بزوتنەوەکانی ژنان و وشــیاربوونیان بە مافەکانیان هۆکار بوون لە دەرچونی پەیماننامەی بەرەنگاربوونــەوە بەســەر گشــت شــێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنان لە لایەن باڵای نەتەوەکان لە ٢٠ ی کانونی یەکەمی ( دیســمبر ) ساڵی١٩٩٣دا، پــاش ئــەوەی لە ســاڵی ١٩٧٩ دا پەســەند کرا لە لایــەن کۆمەڵــەی گشــتییەوە و لە ســاڵی ١٩٨١ دا جێــی قبوڵکــردن بــوو، وە لە مــاوەی ١٩٩١ ( ٢٥ ی کانونــی یەکەم ) بــە ڕۆژێکی جیهانی دانرا بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی گشــت شــێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان.

وێڕای ئــەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان یەکێک

بوو لەو مەسەلانەی بە پێی ئەو ڕاگەیاندننامەیەی لە کۆنگـرەی بکین دا دەرچـوو دەیگرتەوە کە لە ڕۆژانی ٤ و ١٥ ئەیلول ( سبتمبر ) ساڵی ١٩٩٥ بە ڕێـوە چوو، ئەو ڕاگەیاندننامەیە، جەختی کردەوە، (لە ڕەتکردنەوە و زاڵبوونی گشـت شـێوازەکانی توندوتیژی کە ڕووبەڕووی ژنان وکچان دەبێتەوە ) و ڕوونی کردەوە ژنان ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەیان هەیـە لە خێزاندا.بۆیە پێویسـتە تعزیـز بکرێ، وە مافی خۆیەتی کە پارێزگاری و پشتیوانی تەواوی لێبکرێـت ( بەنـدی ٢٩ ).جگـە لـەوەی پێویسـتە حکومەت، گشـت وڵاتان، کۆمەڵگەی شارسـتانی بە گشـت بەش و دامەزراوەکانیوە هان بدرێن بە وەرگرتنی کارڕاییە سـتراتیجیەکان لە بوارەکانی ئەو توندوتیژیانەی ڕووبـەڕووی ژنان دەبێتەوە. وە لـە پێنـاوی ئـەم ئامانجـەدا بەشـی پێنجەمی ڕاپۆرتەکە هەنگاو ومەرجی پێویستی جیاکردەوە، گـەر لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی بێت یـان لیژنە هەرێمیەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان. بەڵام مەبەسـتمان لە توندوتیژی چییە ؟ توندوتیژی دەشـێت جەستەیی یان گیانیی بێت

**توندوتیژی جەستەیی**

مەبەســت لــە توندوتیــژی جەســتەیی تەنهــا لێــدان ناگرێتــەوە. بەڵکــو توندوتیژی جەســتەیی پیاکێشــان، ڕاکێشانی قژ، ئازاردانی قۆڵ یان ڕان، خنکاندن لەخۆ دەگرێت. وەدەشێت پیاوێک ئامراز یان چــەک بەکاربهێنێ بۆ توندوتیژی لە بەرامبەر ژنــدا، وەک ئەوەی پێڵاوێک یان کورســی یاخود هەر شــتێکی تری پیابکێشــێت، بە دار یان پشــتێن لێی بــدات، بریندارکــردن و ڕوشــاندنی بە چەقۆ، فڕێدانی لــە دەرگای ئۆتۆمبیلەکەیەوە، شــێواندنی ڕوخســاری، کوێرکردنی چاوی.جگــە لەوەی هیچ کــەس گومان بــەوە نابات کە پیــاوی توندوتیژ لە لێدانــی ژنی دووگیان ســڵ بکاتــەوە. وە بێگومان پیاکێشان بە ســکیدا کاریگەری لەسەر کۆرپەکەی دەکات. ژنەکــەش بێ ئاگایانە ئــەوە گرێیدەداتەوە بە کۆرپەکەی ســکی وئەو مێردەی کە لێی دەدات، بەو شــێوەیە ڕقی لە کۆرپەکەی دەبێتەوە. ژنێک لە کاتێکدا مانگی هەنگوینی بەســەردەبرد دووچاری لێدان بــۆوە. بۆیە وێــرای ســکپڕییەکەی بڕیاریدا پاش گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ مێردەکەی بەجێبهێڵێ، تەنانــەت پاش لەدایکبوونی منداڵەکەی ڕەتیکردەوە ببینێ و تەسلیمی مێرد و کەسوکارەکەی کردەوە.

لە شـێوازەکانی تـری توندوتیژی جەسـتەیی بێبەشـکردنی ژنەکەیـە لـە لایـەن مێردەکەیەوە لـە پێداویسـتییە زیندووەکانـی وەک خـواردن و چارەسەر. لەبەر ئەوەی یەکێک لە پیاوەکان بەهۆی بیرچوونـی ژنەکـەی لەدانانی شـیری منداڵەکەی بـۆ نـاو سـاردکەرەوە لـە ژنەکـەی تـوڕە بوو، دەرگای چێشـتخانەکەی لێ داخسـت و کلیلەکەی بـرد، بەوە ژنەکـە ناچار بوو لەگـەڵ منداڵەکانیدا بۆنانخـواردن بـڕوات بـۆ ماڵی کەسـوکاری، بێ ئەوەی بتوانێ ڕاستی مەسەلەکە لە لایان بدرکێنێ. وە بەهـۆی بوونی تێڕوانینی جیـاواز لە کۆمەڵگە هەژارەکانـدا بـۆ سـەر مێینـەکان هەنـدێ جار کچان لـە خواردنی سـوودمەند بێبـەش دەکرێن بە مەبەسـتی تۆڵەسـەندنەوە لێیان. وە زۆرترین لـەو کێشـە تەندروسـتیانەی ڕووبـەرووی ژنان دەبێتەوە ئەوانەیە کە پەیوەندیدارە بە مەسـەلەی لەباربردنەوە بە شـێوازە باوەکەی کە کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی بەجێدەهێڵێ.

لە دیاردەکانی توندوتیژی جەستەیی بەندکردنی ژنەکەیـە لەماڵـەوە لە لایـەن مێردەکەیـەوە، یان بێبەشـکردنێتی لە سـەردان و بینینـی ماڵە باوک و هاوڕێکانـی. یەکێـک لـە خوێندکارەکانی زانکۆ تەنها تاوانی ئەوە بوو کە ئارەزووی تەواوکردنی

خوێندنی دەکرد، پێش گواستنەوەی، دەزگیرانەکەی ڕەزامەنــد بوو بە داواکەی، ڕۆژێکیــان لە پۆلەکە دیــار نەما، پــاش ماوەیەک مامۆســتاکانی زانیان کە مێردەکەی لە بەڵێنەکەی پاشــگەزبۆتەوە، بۆیە لەترســی دەرچونی بــۆ زانکۆ کلیلــی ماڵەکەی لە جانتاکەیدا دەرکرد و لە ماڵەوە بەندی کرد.   بەلاَم شێوازەکانی توندوتیژی جەستەیی کە لەسەر ژنان پیادە دەکرێت لەوە مەترسیدارترە. چی بڵێین بە و جۆرەی ناوی (تاوانەکانی شــەرەف)یان لێدەنرێت کاتێک باوک یان برا تەنها بەهۆی گومانکردنیان لە بوونی پەیوەندیەکی خۆشەویســتی لەگەڵ لاوێکدا کچەکە دەکوژن، یان لەبەر هاوڕانەبوونی لەگەڵیاندا بۆ هەڵبژاردنی مێردێک؟

چی ســەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان  بڵێین لە میســر و ســودان و ولاَتانی تــری ئەفریقیا بە شێوەیەک بەشێک یان زۆرێک لە جەستەی دیاری کۆئەندامــی زاووزێیان لێ دەکرێتەوە ؟ کردارێکی زۆر توندڕەوانــە و ئازاربەخشــە و دەبێتــە هۆی خوێنبەربوونــی تونــد کــە هەنــدێ جــار کچــان بەهۆیەوە ژیانیان لەدەســت دەدەن،  جگە لەوەی دەبێتە هۆی دووچاربوونەوەی ژنان بە زۆرێک لە نەخۆشــییەکانی وەک نەزۆکی و هەوکردنی توند، بەدەر لە لەدەستدانی گشت لەزەتێکی سێکسی.

وه ناڕەواترین شـــێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان توندوتیژی سێکسییە. بۆ بەدبەختی  لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ناچارکردنی ژنەهاوســـەر لە لایەن مێردەکەیەوە بۆ پیادەکردنی ســـێکس لە گەڵیدا بە دیاردەکانـــی توندوتیژی دژ بە ژنان دانانرێت گەر باری دەروونی یان تەندروستی یاخود جەستەیی بەهەر شێوەیەک بێت. هەروەها ئەوەی دووچاری ژنانـــی کارگـــەر دەبێتـــەوە لـــە گێچەڵپێکـــردن و تەنگپێهەڵچنینی سێکســـی لە لایـــەن برادەرانی یان لێپرســـراوانی کاریـــەوە بـــە توندوتیژی سێکســـی دانانرێـت، کە زۆر جار دەبێتە هۆی دەرکردنی لە کارەکەی یان ســـەرنەکەوتنی لە شوێنی کارەکەی لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوە یان ڕەتکردنەوەی نابێت بۆ ئەو گێچەڵپێکردنانە.

بێگومـــان لاقەکردن ڕەتکراوەیە، لەگەڵ ئەوەی لاقەکردنـــی مەحرەمەکان بەربـــڵاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدالەو کاتەدا نەبێـــت قوربانییەکە نەتوانێت تەحەمولـــی بـــکات، یاخـــود لـــە لایـــەن یەکێـــک لە تاکەکانـــی خێزانـــەوە دەربخرێـــت، بەو شـــێوەیە لـــە ڕۆژنامەکانـــدا هەواڵـــی پیاوێـــک دەخوێنینەوە کە دەســـتگیر کـــراوە لەبەر ئـــەوەی کچەکەی یان کچی خوشـــکەکەی یاخود خوشکەکەی یان کچی ژنەکەی لاقە کردووە لە لایەن هاوسەرگیرییەکەی

پێشــویەوە. ئــەوەی گومانــی تێدا نییە بەشــێکی زۆر کەمیــی ئەوانە دەگاتە ڕۆژنامــەکان، پیاوانی یاســایی و ئاینیــی وەک ئــەوەی لە واقعــدا ڕوو دەدەن، چونکــە بیروبــاوەڕەکان و دابونەریتەکان ڕێگرن لە بڵاوکردنــەوەی ئەو هەواڵانەدا .وە ئەو کاتــەی بڵاودەبێتــەوە لۆمەی ژنەکە یــان کچەکە دەکرێــت، کە بــە مقاوەمــە نەکردنی پێویســت و زۆر تاوانی دیکــە تاوانبار دەکرێت کە کۆمەڵگەی پیاوســالاری دەســەڵاتدار پێوەی دەلکێنێ. کچێک لــە لایەن باوکێوە و دەیەوێــت لە لایەن یەکێک لە چارەســەرە دەروونیەکانەوە چارەســەر بکرێت، دایکەکەی خۆی تاوانبار دەکاتەوە بەوەی هۆکارە لە ئیغراکردنی باوکەکەی بۆیە لاقەی کردووە.

ناچارکردنــی ژنــان لــە لایــەن پیاوانــەوە بۆ لەشفرۆشــی لە لاقەکردن ناڕەواتــر نییە، تەنانەت گەر ژنەهاوسەر یان کچەکەی بێت. ئەوانە زۆرتر لــە کۆمەڵگە هەژارەکان، لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاســیا ڕوو دەدات کــە زۆرێک لــە دامەزراوەکان دەســتکەوتی زۆریــان دەبێــت و بــە (گەشــتی سێکســی) ناودەبرێت کە زۆر جــار کچانی منداڵ دەبنــە قوربانیی، هەروەها وڵاتە عەرەبییەکان لەم دیاردەیە بێبــەش نین. بۆ نموونە لە دوای جەنگی لوبنان، نرخی ژنەهاوسەر یان خوشک یاخود کچ

لــە زیادبووندا بوو بۆ لەشفرۆشــی و هەوڵدان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵئاوســانی بەهای دراوی نیشــتمانی و بەرزبونــەوەی تێچوونــی بژێــوی بەرزبونەوەیەکی شێتانە.

## توندوتیژی گیانیی

لە زۆربەی حاڵەتەکانــدا توندوتیژی گیانیی لە توندوتیژی جەستەیی جیا ناکرێتەوە بەشێوەیەک توندوتیــژی گیانیــی هاوەڵی گشــت توندوتیژییە جەســتەییەکان دەکات... وە ئامانجــی توندوتیژی گیانیی ڕســواکردنی ژنانە بە شێوەیەکی شێنەیی، ژنیش هەســت بەوە ناکات قوربانیی توندوتیژییە تــا نەڕوخێ. لــە شــێوازەکانی ئــەم توندوتیژییە بێبەشــکردنی ژنەهاوســەرە لەدارایــی لــە لایەن مێردەکەیەوە بۆ ئەوەی ناچاری داواکردنی بکات، مێردەکە هاوار بەدەموچاوی بکات، بێزار بێت لێی، یــان ڕەخنەی لێبگرێت لە خۆی و گشــت ئەوانەی دەخوێنن، دەبینن، خۆشەویســتی دەکەن وگشــت ئەوانەی لەگەڵیــدا دەژی، تەنانەت خێزانەکەی، بە بانگەشــەکردنی ئەوەی فێری دەکات تا چاک بێت، جگە لەوەی بە شــێوەیەکی خراپ بەراووردی بە ژنانــی دیکە دەکات، یان شــانازی بە ســەرچڵییە سێکســییەکانێوە دەکات لــە گەڵ کەســانی دیکە،

وە ئەگــەر ناکۆکیان هەبوو دەشــێت پیاوەکە ئەو ڕووداوە بــە ناڕاســت ڕاڤــە بکات، یان بانگەشــە بــەوە دەکات ژنەکە وروژاندویێتــی بەتایبەت گەر مشــتومڕی لەگەڵــدا بکات، بــەو شــێوەیە ژنەکە هەســتکردن بە لێپرسینەوەی خۆی تێدا دروست دەبێ وهەوڵی ڕاســتکردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی دەدات.دەرئەنجامــی هەمــوو ئەوانــە بــاوەڕ بەخۆبوونی بەخۆی نامێنێ وگومان لەخۆی دەکات، تەنانــەت بــڕوا بەو خراپانــە دەکات کــە پیاوەکە دەیخاتــە پاڵی بەوەی گێژە، ناشــرینە، ناشــێت بۆ ژنەهاوسەر یان وەک ژن یاخود دایک. لە کۆتاییدا هەســت بــەوە دەکات کــە لــە ڕووی دەروونی و گیانییەوە (مــردووە)، مردووە وەک مرۆڤ، وەک درکاندنی ئەو ڕاستییە لای یەکێکیان.

بــەڵام توندوتیــژی جەســتەیی کاریگــەری لەســەر دەروونی ژنان دەبێــت. چونکە قوربانیی توندوتیــژی بەردەوام لە حاڵەتی ترســدا دەژی، ترســێک شــەو و ڕۆژ لێی جیا نابێتەوە. وە زۆر جــار پیاوەکە هەڕەشــەی بــە لێدان لێــدەکات، بە شــێواندنی دەموچــاوی، یان تەنانەت بە کوشــتن ئەگــەر هاتوو باس لــەو مامەڵەکردنــە بکات، یان بەرهەڵســتکاری بکات. ئەو ترسە بێدەنگی دەکات و وایلێــدەکات بمێنێتــەوە لەگەڵ مێرد یان هاوڕێ

یاخود بەخێوکەری بێت، بەو شـێوەیە سڵکردنەوە لە توندوتیژی داهاتـوودا دەبێتە بەهێزترین چەک لـە بەردەوامیەتدان بە زۆرداریکردنی، ئەو کاتەی پیـاو بـۆ یەکـەم جـار لەهاوسـەرەکەی دەدات بوونی هەر کێشـەیەک ڕەتدەکاتەوە، وەک ئەوەی ڕەتکردنەوەکـەی توندوتیژیەکە نەهێڵێ، یان وەک ئەوەیە بڕوا نەکات کە لێیداوە. وە ئەگەر هاتوو لە منداڵییەوە ڕاهاتبوو لەسەر دیمەنەکانی توندوتیژی و پێـی وایـە ئـەو توندوتیژییـە مەسـەلەیەکی سروشـتییە و بێدەنـگ دەبێـت. یـان پێـی وایـە تاوانبارە، بەرپرسـە لـەو توندوتیژییەی بەرامبەر هاوسـەرەکەی دەیـکات و ئەگەر ژنێکی باشـتر، نەرمتر، بەتواناتر و گوێڕایەڵتر بوایە نەیدەوروژاند تا لێی بـدات. وە پەروەردەکردنی کچان لای ئێمە هاندەری ئەم جۆرە هەستانەیە چونکە لەسەرەتای منداڵیـەوە بەشـێوەیەک پـەروەردە دەکرێـت کە گوێڕایەڵ، کڕنۆشبەر بێت وخۆی بەدەستەوە بدات. وە لە کۆمەڵگەی پیاوسـالاریدا وشەی سەرەتا و کۆتایی بۆ پیاو دەمێنێتەوە و ئەوەی تەنها لەسەر کچە گوێڕایەڵیی و خزمەتکردنی باوک وبرایە، تا گواسـتنەوەی بۆ ماڵی هاوسەرێتی کە پیاوێکی تر دەسەڵاتی بەسەردا دەسەپێنێ. وە ئەوەی بەدەست توندوتیژییـەوە دەناڵێنـێ ڕێزگرتن و متمانەبوون

بەخـۆی لەدەسـت دەدات. هەسـتکردنیش بـەو کەموکورپـی و تاوانـە هانی ناسـیاو و هاوڕێیان و تەنانـەت کەسـوکار و ئامۆژگارانی دەدات، بۆ بەدبەختی. پێی دەڵێن گەر چاوەڕوانی بکردایە، گەر بێدەنگ بوایە و وەڵامی مێردەکەی نەدایەتایەوە و وەلاَمدانـەوەی بۆ داخوازییەکانی هەبوایە، ئەوەی لێنەدەوەشایەوە. وە دەرئەنجامی هەستکردنی ژنان بـە تاوان زۆربـەی کات و تواناکانی لە هەوڵداندا دەبێت بۆ ڕازیبوونی هاوسـەرەکەی، کە هاندەری دەبێت تا درێژە بە توندوتیژییەکەی بدات.

کاتـی هەسـتکردنی ژنـان بـە بێتوانایـی خـۆی هەسـتی بـە نائومێـدی دەکات و بـاوەڕ بـەوە دەهێنێ کە چەنـد هەوڵی هەبێـت ناتوانێت گـۆڕان لە بارودۆخەکەیدا بـکات. وەچەند ماوەی پشوودرێژی ژنان بۆ توندوتیژی درێژەی هەبێت، هەستکردنی بە نائومێدی و دەستەوەستانی زاڵتر دەبێت، بەوشـێوەیە وا لە ژنان دەخوازرێت هەر لەهەنگاوی سـەرەتاوە توندوتیـژی ڕەتبکاتەوە و قسەکەر بێت لەسـەر ئەوانەی دەرهەقی دەکرێت، چونکە تاوانەکە ئەوەندەی لە پیاوە توندڕەوەکەوەیە لـە خودی ژنەکەوە نییە، پیاوەکەیە نەک ژنەکە کە دەکرێت شـەرم لە خۆی بـکات و دەبێت هەوڵی داواکردنـی ڕێنمایـی و یارمەتـی یاسـایی یـان

دەروونیـی بدات بەر لەوەی بـە تەواوی هەرەس بهێنێ.

ئەوەی جێی سەرسـوڕمانی مەسـەلەکەیە کە هاوسـەرە توندڕەوەکە بەردەوام تونـدڕەو نییە. دەشێت پەشیمان بێت لە لێدانی هاوسەرەکەی یان داوای لێبوردنـی لێ بکات بەوەی کە ئەنجامیداوە بەهـۆی وروژاندنێوە لەدەرەوەی خواسـتی ئەو بـووە، یاخود هـەر لێبوردنێکی تر. بەو شـێوەیە بـە چەپکێک گـوڵ یـان پاکەتێک شـیرینی ڕازی دەکات. بۆیـە ژنەکـە ئومێدی گۆڕانـی بۆ دەکات چونکەجـاری داهاتـوو دەگەڕێتەوە بـۆ لێدانێکی توندتر.

## کاریگەری توندوتیژی لەسەر هندالْ

ئەم توندوتیژییە کاریگەرییەکی ئاشکرا لەسەر منداڵاَن بەدەردەخات. هەندێک جار دایکی قوربانی بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کێشە و پاراستنی خۆیەوە منداڵەکانـی لـە سـۆز و بایەخدان بێبـەش دەکات ودەشـێت باوکەکەش لـە منداڵەکانی بـدات بەڵام، ئەگەر وایشی نەکرد، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئـەو منداڵانەی بەبەرچاویانەوە لە دایکیان دەدرێت لەلایەن باوکەوە تووشی ئەمانە دەبن:- دڵەڕاوکێ، دەمارگیـری، ئارەزووکـردن بـە پەراوێـزی،

میزکــردن لــە جێـگا، ناڵانــدن بە ئازاری ســەرو گەدەوە، تووشــبوون بە ڕەبــو و هەندێ جاریش بــە دواکەوتــن لــە خوێنــدن. بــەڵام گەنجەکانیان توندوتیژی پیادەدەکەنەوە بەســەر هاوڕێکانیان و تەنانــەت لە یاریکردنەکانیاندا. لە هەموو ئەوانەش گرنگتــر بیرکردنەوەیان دووچاری هەڵەیەکی زۆر دەبێتــەوە: پێیــان وا دەبێــت توندوتیــژی دەبێتــە شــتێکی سروشــتی لە ژیاندا و تەنها ڕێگە دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانیان، وەئەوەی دەیانەوێت لێــی بەدەســتیدەهێنن، کــە ڕقلێبونــەوە لــە ژنان مەسەلەیەکی سروشتییە و لێدانیشی مەسەلەیەکی پەســەندە. وە ئامــارەکان لــە دەرەوە ئامــاژەن بــەوەی لــە نێوان ٪٨٠-٪٥٠ ی ئــەو پیاوانەی لە هاوســەرەکانیان دەدەن لــە خێزانێکــدا ژیاون کە باوکەکە لە دایکەکەی داوە.

## هۆکارەکانی توندوتیژی پیاوان

لێرەدا پێویستە پرسیارێک بکرێت: هۆکاری ئەو توندوتیژییانــە چین کە پیاوان دژ بە ژنان بەکاری دەهێنن ؟یەکێک لە بیــروڕا هەڵە باوەکان ئەوەیە پیاوان لــە ئەنجامی ئالودەبوونیــان بەخواردنەوە یــان مــاددە هۆشــبەرەکانەوە توندوتیــژ دەبــن،

وە لەحاڵەتـی بێهۆشـی یـان لە ژێـر کاریگەری هۆشـبەرەکاندا پەنا بە توندوتیژی دەبات، ڕاستە مـەی و هۆشـبەرەکان هاندەرن بـۆ توندوتیژی، بـەڵام تەنها هۆکار یـان گرنگترینیان نییە، چونکە بۆ بەدبەختی هۆکارەکانی پیادەکردنی توندوتیژی دژ بـە ژنان لـە لایەن پیـاوەوە زۆرن. یەکەمیان، لاوازی جەسـتەیی ژنان بـەراوورد لە پیاوان. وە کۆمەڵگـە عەرەبییەکان هەر لە دایکبوونی ژنانەوە بـە بوونەوەرێکی(بەکەمزانـی) ناوزەنـد دەکـەن، وە دڵخوشـی بـە لەدایکبوونـی کوڕ جیـاوازە لە دڵتەنگـی و خەم لە کاتـی لەدایکبوونی کچدا. گەر هەموو شـتێک لە بیر بکرێت دراوسـێیەکم لە بیر ناکـەم کاتێک بەهـۆی لەدایکبوونـی کچێکیانەوە بـە دیارییەکەوە بۆ پیرۆزبایی ڕۆشـت، پێی وتم پێویستە سەرخۆشی لێ بکەم نەک پیرۆزبایی.بەڵام لە پاڵ ئەوەشـدا، فاکتەرە دەروونییەکان پاڵنەری پیاوانـن بۆ توندوتیژی. باسـمان لەوە کرد ئەگەر کوڕێک لە ماڵێکی توندڕەودا لە دایک بێت دەیکاتە پیاوێکی توندڕەو. زانایانی دەروونزانی پێیان وایە توندوتیـژی پیاوان پەیوەندیـدارە بە ئیرەکردنیان بە ژنانەوە لەوەی توانای سکپڕبوونیان هەیە، یان حاڵەتی توڕەبوونێتی لە دایکی و بۆ هاوسەرەکەی دەگوێزێتـەوە، یاخـود ئەوەی مێردەکە تووشـی

دڵەڕاوکێ و تووڕەبوون دەکات بایەخدانی ژنەهاوسەرە بە منداڵەکەی لەسەر حسابی ئەو، بەو شێوەیەش دەشێت پەیوەندی سێکسی گرێ بدات لەگەڵ کەسانی دیکە. جگە لەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای دەسەڵات ودەستبەسەری بەندە لەبەر ئەوەی بەشێوەیەک تەماشای دەسەڵات ناکات کە توانای زۆرداری بەسەر کەسانی دیکەدا هەیە. لەبەر ئەوەی دەسەڵات یەکسانیخواز نییە لە نێوان پیاوان و ژناندا، تەنانەت لاقەکردنی کچانیش لە لایەن باوک یان براوە لە زیادبووندایە. چونکە سستمی نێرسالاری لە کۆمەڵگەکەماندا وا لە ژنان دەکات لە بارێکی (کەمزان) دا بن وە بەهۆی ئەقڵیەت و نەریتەکانەوە پیاوان ژنان بە موڵکی خۆیان دەزانن، بەوەی ئازادن لە مامەڵەکردن پێیانەوە. و بەخوای خێزان دەزانرێن، خاوەنی هاوسەر و کچ و خوشکەکەیەتی، بە تێڕوانینی خۆیشی مافی دەستبەسەراگرتن وزۆرداری پێدەدات کە هەیبێت بەسەر ژیانیاندا. وە ئەگەر نەیتوانی بە خۆشی بەوە بگات پەنا بە توندوتیژی دەبات. جگە لەوەی ئەم کۆمەڵگەیە هێز و دوژمنکاری وتەنانەت توندوتیژیش بە نیشانەکانی پیاوەتی دادەنێت. وەک ئەوەی لە پەندێکی پێشینانددا هاتووە: ( چەک ڕازاوەی پیاوانە)؟ لە کۆمەڵگەکەماندا بەو شێوەیە

پــەروەردەی کوڕدەکــرا. بۆیــە پیــاوی توندوتیژ ڕەخنــە و تەنانــەت ئامۆژگاریەکی باشیشــی پێ قبوڵ نییە.

وە زۆرجار پیــاوی توندوتیــژ دادەمرکێتەوە، باوەڕی بەخۆی و کەســانی دیکــە کەمتر دەبێت، کەســایەتی لاواز دەبێت و دەستەوەستان دەبێت بــۆ کۆنترۆڵکردنــی خــۆی، ئەگەر کەســانی دیکە بەکاربیهێنــن لــە ژیاندا هەســت بــە لاوازبوون و دەستەوەستانی خۆی دەکات، بۆیە بۆ هەستکردن بە دەسەڵاتی، توندوتیژی بەکاردەهێنێ، دەتوانێت تاکــڕەوی بــە ژیانیــەوە بــکات و زۆرداریش بە هاوســەر یان کــچ و خوشــکەکەیەوە بــکات، بۆ نموونــە..... پەندێکی پێشــینان دەڵێــت: (بەردەوام پیاوی توندوتیژ بوونــی گرفتەکەی ڕەتدەکاتەوە، و لۆمــەی ژنــان دەکات بــەوەی بۆتــە مایــەی وروژاندنــی، یــان لــە گرنگێتــی توندوتیژیەکەی کەمدەکاتــەوە، یاخــود درۆ دەکات ســەبارەت ژمــارەی لێدانەکانی بەکاریهێناوە، یان توندوتیژی ئەو لێدانە ڕەتدەکاتەوە. ئەو نکۆڵیکردنەش چاوی کوێر دەکات سەبارەت ڕاستی خۆی و ژیانی.

بۆچی ژنان بێدەنگ دەبن ؟

مافــی خۆمانــە پرســیار بکەین: بۆچــی ژنان بەرگەی هەموو ئەو توندوتیژییە دەگرن؟ لەوەش

زیاتــر: بۆچــی لێــی بێدەنــگ دەبێــت و بێدەنگانە گۆشــەگیر وبەرگەی دەگرێت؟ ئەگــەر هەندێکیان لەســەر ئازارەکانیــان هاتنــە قســە ئــەوا پــاش بێدەنگبوونیی ســاڵانێکی درێژی دەردەســەریی و مەینەتییــەکان دەبێت. یەکێک لە ژنــەکان لەلایەن هاوســەرەکەیەوە ئێســکی ڕان و شــانەکانی شــکا، شــەویلگەی تێکشکا، هەژدە ســاڵ بەرگەی توندوتیژی دەگرت پێش ئــەوەی بوێرانە بتوانێت نهێنیەکــەی بدرکێنێ و داوای تەڵاق بکات. کچێکی دیکــە ماوەی چەندین ســاڵ بەرگەی لێدانی باوک وبراکانــی گرت و بوێر نەبــوو کە ماڵ بەجێبهێڵی لــەو کاتــەدا نەبێت کــە هەوڵــی لاقەکردنیــان دا وهەڵهات بۆ ماڵی هاوڕێکانی کە کەســوکارەکەی ناناســن لە ترســی ئەوەی نەک پۆلیس باوکەکەی ئــاگادار نەکات و ناچاری گەڕانــەوەی بۆ ماڵەوە بکات، ماڵە سروشتیەکەی بە بڕوای خۆیان.

هۆکارەکانــی بێدەنگیــی فــرە بــوارە: لەوانــە شــەرمنیی: دەروونبــەرزی و کەرامەتــی ئــەو ژنانــە هەندێــک جــار دەگۆڕڕێن بــێ دەرکەوتنی ئــەو ئازار و ســوکایەتیەی دووچاریان دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە چینێکی کۆمەڵایەتی بەرزدا یان خاوەن ئاســتێکی زانســتی باڵا بن، وێڕای ئەوەی کەســوکاریش هەندێ جار بەهۆی ئابڕوچوونەوە

ئاگاداری کچەکەیان بــە بێدەنگبوون دەکەن. جگە لەوەی ترسی لە  مێردەکەی دەبێت  کە هەڕەشەی زیاتری توندوتیژی لە ئاســتدا بکات ئەگەر هاتوو قســە یان ســکاڵا یاخــود ئابــڕوی بەرێــت. بۆیە بارودۆخــی ژنان لــە کۆمەڵگە پیاوســالارییەکاندا لــە ڕووی ڕامیــاری، کۆمەڵایەتــی و ئابوورییەوە لــە ئاســتێکی نزمدایــە، چونکە لەگەڵ ســەرەتای چاوهەڵهێنانــی کوڕانەوە بەشــێوەیەک پەروەردە دەکرێن کە لە خوشکەکەی  و تەنانەت لە دایکیشی بەرپرســە جگــە لەوەی سەرپەرشــتیارە لەســەر ئەخلاقیــی و ئەرکێتــی چاودێری هەڵســوکەوتی بــکات  .دەرئەنجامــی ئەوەش ژنان لە پۆســت و زیرەکیــی بــەدەر دەکرێــن.... بەڵکو بــە یەکێک لە شــتومەکەکانی خــۆی دادەنێت، تــەواوی ئازادی هەیە کــە چۆن بیەوێت مامەڵە وســوکایەتی پێوە بــکات: یان ڕووبەڕووئاڕاســتەی ببێتــەوە یاخود لێیبدات تەنانەت گەربیکوژێت.

جگــە لــەوەی ژنــان لــە حوکمــی کۆمەڵگــە سڵدەکەنەوە. بەدەر لەو تێڕوانینە (بەکەمزانینەی) کۆمەڵگە هەیەتی بۆ ژنان کە ناکۆکە لەگەڵ خۆیدا لــە کاتێکــدا بەتەنها بەرپرســیارێتی ســەرکەوتن و شکســتخواردویی خێزانــی لــە ئەســتۆ گرتوە، جگــە لــەوەی پەروەردەکردنــە ڕۆژهەڵاتییەکەی

وایلێدەکات هەســت بــە تاوان بکات بــەوەی ئەو بەرپرســە لــە لێکترازانــی خێزانەکــە وئــەوەش کاریگەری بەسەر منداڵەکاندا دەبێت. بۆیە پێویستە لەســەر ژنان هەســت بــەوە بــکات کــە تاوانبار نییــە، بــۆ ئەوەی لۆمــەی خۆی نــەکات، وە هەر شــتێک کە هۆکاری ناکۆکی بێت نابێتە پاســاو بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی. بۆیە بەهۆی هەستکردنی ژنــان بــە تــاوان و ترســی لــە پیــاوی توندڕەو وزۆرداری حوکمی کۆمەڵگە دەبینین قوربانیەکانی توندوتیژی جەستەیی ئەوانەی ناچاری چارەسەر دەبن لە نەخۆشــخانەکاندا نایدرکێنن کە هۆکاری برینداربوونیــان مێردەکانیانە، بۆیە نەخۆشــخانە بەجێدەهێڵــن بــێ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتە پزیشــکییە داوا بکــەن کەڕێگەیــان پێ دەدات ســکاڵا بکەن و مەسەلەکەیان لەبەردەم دادگا بەرز بکەنەوە.

ئەوەش لەبــەر ئەوەی زۆرجار ژنان هەســت بــەوە دەکــەن ســکاڵاکردن بــێ ســوودە. وە بۆ کــێ ســکاڵا بکــەن؟ بــۆ پۆلیــس؟ جگــە لــەوەی پۆلیســیش بە پلــەی یەکەم لە پیــاوان پێکهاتووە، ئەوانیــش هیــچ ڕاهێنانێــک یــان ئامادەکردنێکیان پــێ نەکــراوە ســەبارەت چۆنێتــی مامەڵەکــردن لەگەڵ مەســەلەی توندوتیژی دژ بــە ژنان. بەڵکو گاڵتــە بە ژنێــک دەکــەن کاتێــک ڕووی تێدەکەن

لەبەر ئەوەی قوربانی توندوتیژییە و جەختی لەوە لێدەکەنەوە کە شایستەی ئەوەیە بەسەری هاتووە. تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی، وەک کەنەدا، پۆلیسەکان ملکەچی ڕاهێنانێکی تایبەتی دەبن وفێری شێوازەکانی مامەڵەکردن دەکرێن لەگەڵ مەسەلەکانی توندوتیژی خێزانیدا، هەتاکو سەردەمێکی نزیک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا سەنتەری ڕێنمایی نەبوو کە ژنان ئامۆژگاری یان بیانپارێزێ بەشێوەیەکی کاریگەر. یاخود یارمەتیدەری بێت لە بەدەستهێنانی زانیارییە یاساییەکاندا. ڕاستە لەمڕۆدا هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکانی وەک ئوردون، فەلەستین ـ مەغریب، تونس و لبنان، دامەزراوەن و دەکرێت ڕێنمایی یاسایی و یارمەتی دارایی و گیانیی پێشکەش بە قوربانیانی توندوتیژی بکەن، بەڵام تا ئەمڕۆ ژمارەیان کەممە و پێداویستیەکانی سنورداره. جگە لەوەی کێشە لە خودی یاساکەدا هەیە: بۆ نموونە یاسا لە لوبنان دا، سزای ئەو کەسە دەدات کە بە لێدان هێرش بخاتە سەر ئەوی دی، بەڵام یاسا دەستگیری ئەو مێردە ناکات کە لە ژنەکەی دەدات تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە زیانی جەستەیی توندی لێ کەوتبێتەوە و ڕاپۆرتیکی پزیشکی

 بەدەستبهێنێ بە پوچەڵکردنەوەی حەوت ڕۆژ.خۆ

ئەگەر هەموو ڕۆژیـک لیێدا بێ ئەوەی ئەو لێدانە هیچ ئاســەوارێکی لەسەر جەســتەی بەجێهیشتبێ دەکرێـت بەپیێ ڕاپۆرتە پزیشـکییەکە یاســایەک نەبینێتەوە کە بیپارێزێ. وە ئەگەر کەسێکی لێدراو سکاڵای لەسەر لێدەرێکی نامۆ تۆمار کرد و پاشان سکاڵاکەی پوچەڵکردەوە، مافی گشتی دوای کەسی تاوانبار دەکەوێت. بەڵام ئەگەر ژنەکە ســکاڵاکەی ڕاکێشــایەوە مافە گشــتیەکەیش لەدەستدەچێت تا ئەو کاتەی ڕاپۆرتێکی پزیشکی بە پوچەڵکردنەوەی دە ڕۆژ بەدەســت دەهێنێ، با ئــەو جۆرە ڕاپۆرتە بەدەســت بهینێ ئەگەر بوێر بوو و پەی بەوە برد کە مێردەکەی یان براکەی لێیداوە، ئەوا دەبێت ئەو لێدانە زۆر توندوتیژ بێت و ئاسەوارێکی کاریگەری لەسەر جەستەی بەجێهێشتبێت .جگە لەوەی مافی ژنەکــە نییە ماڵــی هاوســەرێتی بەجێبهێڵێ. بەڵکو مافــی مێردەکەیەتی بەزۆر بیگەڕێنێتەوە.یاســای باری کەســیتی لــە لوبنان ملکەچــی دادگا ڕۆحی و شــەرعییەکانە وگشــت دادوەرەکانی پیاون. وە وڵاتە عەرەبیەکانی کە دادگاکان تیایدا شارستانین دادوەری ژن نابینین وەک لە میسردا هەیە، یان گشت دادوەرەکانی پیاون. و زۆر بە دەگمەن بتوانن لە تێڕوانینی نێرسالارەیان بۆ ژن دەرباز بن، بۆیە ژنان دەبنە قوربانی ئەو تێڕوانینە و بەو شــێوەیە

دەمێننــەوە لــەو حوکمانــەی دەریدەکــەن. نمونە لەسەر ئەوە ئەو ژنە ڕۆژنامەنووسە ڕۆشنبیرەی لە پاش شــوکردنی بە پیاوێک  بۆی دەرکەوت کە بێتوانــا و کەم هێزە لە سێکســدا وە لەبەر ئەوەی زۆربــەی پیاوان لەوانــە پیاوانی ئایینی ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە عســمەتی ژن لە دەستی خۆیدا بێت ئەو کاتەی گرێبەســتی هاوسەرێتی تۆمار دەکەن، ئەو پیــاوە ڕەتیکــردەوە  تەڵاقی بــدات وجەختی لێکــردەوە تــا ئەوکاتەی گــەورە دەبێت و تەمەنی بەسەر دەچێت لە عسمەتی خۆیدا دەیهێڵێتەوە ئەو کاتەش جگە لەخۆی هیچ پیاوێکی دیکە نایهێنێت و ناشتوانێت منداڵی ببێت و سکاڵاکانی لە دادگاکاندا هیچ ســودێکی پێ ناگەیەنێت، ساڵانێکی بەو شێوە نامۆیــە بردە ســەر: نە ژنە و نە بەســاڵاچوو، نە شووی کردووە و نە تەڵاقدراو.

بــەڵام گرنگترین ئــەو هۆکارانــەی وا لە ژنان دەکات خۆڕاگــر وبێدەنگ بمێنێتەوە: ترســێتی لە نەبوو (مجهول) و لە یاساکانی باری کەسێتی. وە ئەوەی جێی سەرنجە وڵاتە عەرەبیەکان هەموویان واژویــان لەســەر ئــەو پەیماننامەیە کــردووە کە لە دەســتەی نەتەوە یەکگرتــووەکان دەرچووە و دژ بــە هەموو توندوتیژییەکە دژ بــە ژنان لەگەڵ ئەوەی  زۆربەیان خۆپاراستنیان لەسەر ئەو بەندە

کردووە کــە پەیوەندیدارە بە باری کەســێتییەوە. بۆ ؟ لەبەر ئەوەی لەســەر جیــاکاری دژ بە ژنان بنیاد نراوە. جگــە لەوەی زۆربەی ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە ســەربەخۆ نین وپشــت بــە پیاوان دەبەســتن وهیچ پیشــە یان وەزیفەیەکیان نییە تا بتوانن پشــتی پێ ببەســتن بۆ زامنکردنی ژیانێکی بــاش. وە ئەگەر کچەکە ماڵی باوکی بەجێهێشــت ناتوانێــت بەتەنها لــە کۆمەڵگەیەکدا بژی کە وەک سۆزانی تەماشای بکەن، ئەو کات هەموو پیاوێک هەوڵی هێرشــکردنە سەر و لاقەکردنی دەدا، بۆیە ئەو کچە وایدەبینێ کە شــوکردن لــە توندوتیژی بــاوک و براکانی و.....هتد دەربازی دەکات بەوەی لــە ماڵێکــەوە کە توندوتیژی تێدا پیــادە دەکرا لە لایــەن باوک وبراکانێــوە گوێزراوەتەوە بۆ ماڵێک کە مێردەکەی هەمان توندوتیژی بەرامبەری پیادە دەکات وە ئەگــەر ئەو ژنەی شــوی کردووە ماڵی هاوسەرێتی بە جێهیشت ناتوانێت خۆی بەخێو بکات یــان بگەڕێتەوە بۆ ماڵی کەســوکاری کە زۆربەی جار دەستەوەســتان دەبن لە ئاســت بەرگەگرتنی خەمێکــی زیاتردا. جگە لــەوەی مێردەکەی تەڵاقی دەدات بــێ ئەوەی نەفەقەی بداتێ تەنها لەو کاتەدا نەبێت کــە بــەرەو ڕووی دادگا دەبێتەوە ئەوەش ئەوە دەخوازێــت پارەیەکی زۆر بدات بە پارێزەر

کە زۆرجار ناتوانێت ئەو برە پارەیە دابین بکات.

## سەرچاوە:


کتاب(١٧ ابواب) -المرأة و العنف الممارس علیها: نازك سابا یارد.

# ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و توندوتیژی خێزانیی

ئامڕازەکانــی ڕاگەیاندن لە ئێســتادا بۆتە جێی ســەرنج و بایەخدانمان، تا ئەو ئاســتەی لە گشت کاتێکدا بۆ هەر شوێنێک بچین گەمارۆمان دەدەن، بــە شــێوەیەک بوینەتــە بەشــێک لــە ناوەڕۆکی ئەوانــەی دەیبینین یان دەیبیســتین یاخود ڕۆژانە لــەو ئامڕازانــەوە دەیخوێنینــەوە. ئەمــە وا لــە توێژەرەوەکان دەکات لێکۆڵینەوەی ئەو ناوەڕۆکانە بکەن ســەبارەت لێکەوتنەوەی زانینی ئاســەوار و دەرئەنجامەکانی لەســەرمان. بەدەر لە مەسەلەی توندوتیزی خێزانیی هیچ مەســەلەیەکی دیکە نییە تــا پێویســت بکات ببێتــە جێی بایەخ وپاراســتنی توێــژەرەوەکان وەک مەســەلەیەکی توندوتیــژی خێزانیی کە ڕۆژانە لەم ئامڕازانەوە دەیبینین.

بۆیە تا ڕادەیەک کاریگەر بین بەو توندوتیژیەی لــە ئامڕازەکانــی ڕاگەیاندنەوە دەیبنیــن؟ وە ئایا ئــەم ئامڕازانە ڕۆڵیان هەیە لــە بەرەنگاربوونەوە یان ســنوردانان لە ئاست ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە مەترسیانەی کە توشی دڵەڕاوکێ و خەوزڕاندنیان دەکردیــن، جگــە لــەوەی ژیانــی تێکدەدایــن و

وهەرەشەی لە گیانی خێزانیمان دەکرد ؟

ئەمەیــە کە ئەم بابەتە هەوڵدەدات بە کورتی و پوختی وەڵامی بداتەوە. بەڵام پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دەکرێت مانای توندوتیژی خێزانیی دیاری بکەین بەدەرخستنی شێوە و جۆرەکانی کە تیایدا دەردەکەوێت.

**پێناسەی توندوتیژی**

بەهۆی جیــاوازی بایــەخ و تایبەتمەندییەکانی توێژەران لەو ڕووەوە دیاریکردنی پێناسەیەک بۆ توندوتیژی دەکرێــت قورس بێت، ئەوەش بەهۆی جیاوازی بایەخ و تایبەتمەندییەکانی توێژەران لەو ڕووەوە، چونکە زانایانی سیاســەت بە ڕێگەیەکی جیاوازتر لە زانایانی کۆمەڵناســی پێناســەی لێوە دەکەن، ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان پێناسەیان جیاواز دەبێت لە زانایانی دەروونزانی، یان زانایانی تاوان و یاسا. هەروەها هەندێ جاریش بە پێی جیاوازی خوازیاری کەرەستەکان و جیاوازی چوارچێوەی بارودۆخەکانێــوە پێناســەکەی دەگۆڕێــت. وێڕای ئەوەش بــۆ هەریەک لە چەمکەکانی توندوتیژی و توندوتیــژی خێزانیی ئەم پێناســەیە دەخەینە ڕوو لەبــەر ئــەوەی لە لایەک دەوەســتێتە ســەر بنەما سەرەکیەکانی توندوتیزی جگە لەوەی بایەخ دەدات

بــە توندوتیژی خێزانیی کە لە لایەکی دیکەوە ئەم بابەتە لەخۆ دەگرێت.

توندوتیژی بەوە دەناســرێت کە: ( ڕەفتار یان کردارێکە خەسڵەتی دوژمنکارانە لەخۆ دەگرێت لە لایەنێکــەوە پیادە دەکرێت کە دەشــێت ئەو لایەنە تــاک یــان کۆمــەڵ یاخــود چینێکــی کۆمەلاَیەتی بێت یــان دەوڵەتێک بێت بە ئامانجــی بەکارهێنان وکرنۆشــبردنی لایەنــی دیکــە لــە چوارچێــوەی پەیوەندیەکــی هێــزی ناهاوســەنگدا لــە ڕووی ئابووری و سیاســییەوە کە دەبێتە هۆی ڕوودانی زیانی دارایی یان گیانیی یاخود دەروونیی بۆ تاک یــان کۆمەڵ یاخــود چینێکــی کۆمەلاَیەتی و هەر دەوڵەتێکی دیکە).

ئەگەر ویســتمان ئــەم چەمکە بەســەر خێزاندا جێبەجێ بکەین ئەوا توندوتیژی خێزانیی بە یەکێک لــە ڕێگەگرتنی ڕەفتاری دوژمنکارانــە دادەنرێت کە بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ دێتە ئاراوە لە چوارچێوەی سستمێکی دابەشبوونی کاردا لە نێوان ژنان و پیاوانی نێو خێزان، وە ئەوەی لێیدەکەوێتەوە بۆ دیاریکردنی ڕۆڵ و شوێنی هەر یەکێک لە تاکەکانی خێزان، بە پێی ئەو سستمە ئابووری و کۆمەلایەتییە باوەی لە کۆمەڵگەدا هەیە.)

ئەگــەر ویســتمان بــە وردی و پســپۆرییەوە

پێناسـەی توندوتیژی دژ بە ژنان بکەین دەڵێین: ( ڕەفتار یان ئەو کردەوەیەیە کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتـەوە بە شـێوەیەکی تایبەت ئەگـەر ئەو ژنە ژنەهاوسـەر یان دایک یاخود خوشـک و کچیش بێـت، بە پلـەی جیاواز ناسـراوە بە جیـاکاری و چەوسـاندنەوە و ئازار و ئـەو دوژمنکارییەی لە ئەنجامی بوونی پەیوەندییەکی هێزی ناهاوسەنگی نێـوان ژن و پیـاودا دێتە ئـاراوە لـە کۆمەڵگە و خێزان وەک یەک، دەرئەنجامی زاڵێتی دەسـەلاَتی پیاوسـالاری لە ڕووی ئابووریی و کۆمەلاَیەتی و ڕۆشنبیرییەوە.)

وە ئەگـەر لە پێناسـەی پێشـوو ووردبینەوە ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کـە توندوتیـژی شـێوازی جۆربەجـۆر وەردەگرێـت لە شـێوەی سوک و ئاسانەوە تاشـێوازی ئاڵۆز، دەشێت ئەو توندوتیژییە دەروونیی، جەسـتەیی، پەروەردەیی، کۆمەلاَیەتی یان سێکسی بێت. وە ئەو شێوازانەی توندوتیژیش بە ڕێژەی جیاواز لە کۆمەڵگەدا پیادە دەکرێت.

تا چ ئاستێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان دەبێت بە خستنەڕووی ناوەڕۆکە توندڕەوەکان؟ وە تا چ ئاسـتێک دەشـێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەبەرهـەم بێـت بـۆ کەمکردنـەوەی ئەم کێشـە

کۆمەڵایەتییە یان دەجەنگێت لە ئاستیدا؟

## ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و توندوتیژی

لــە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بایەخ درا بە لێکۆڵینە وە لەسەر توندوتیژی و ئاسەوارەکانی لەســەر تــاک و کۆمــەڵ بــە شــێوەیەک ڕێــژەی تاوانەکان و توندوتیژی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دوای ئەو ماوەیەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕووی لــە زیادبوون کــرد و پاڵی بــە توێژەرەوەکانەوە نــا بــە دوای هــۆکار و پاڵنەرەکانــدا بگەڕێــن، جگــە لــە هەوڵدان بــۆ زانینی ڕۆڵــی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەو ڕووەوە کە بوونە هۆکار لەبەردەم خولْقاندنــی کێشــە کۆمەڵایەتییــەکان لە لایەک و دیاریکردنــی ڕۆڵیان بۆڕووبەڕووبوونەوەیان لەو کێشــانە لە ڕوویەکــی دیکــەوە. لێکۆڵینەوەکانیان بــە دەرئەنجامــی زۆر گەیشــت دەشــێت بە پێی ڕیزبەنــدی دەرئەنجامــەکان بەم شــێوەیە کورت بکەینەوە:

**- بیردۆزی کاریگەری بەهێز یان ڕەها ( بیردۆزی فیشەکی ڕاگەیاندن ):**

خاوەنەکانی ئەم بیردۆزە یان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری بەهێز و ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر تاک و کۆمەڵ تا ئەو ئاستەی دەگاتە ئاستی زاڵبوون ودەسەلاَت. وە ئەو کارتێکردنە بەهێزە کاریگەرە وەک فیشەک و هیچ کەس لێی دەرباز نابێت.

**- بیردۆزی کارتێکردنی سنوردار بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:**

بیردۆزی فیشەکی ڕاگەیاندن هەژێنرا و جوڵەی خستە بەردەم دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا کە لێکۆڵەرەوەکان ئەنجامیاندا لە مەیدانی زانستە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەک کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ڕوونکردەوە بەوەی زۆر سنوردارە کە بەراوورد کرا بەو کاریگەرییەی لە ڕێی ئامرازەکانی ترەوە ڕوو دەدەن ناویلێنرا فاکتەرە ناوبژیکەرەکانی وەک خێزان، ئاراستەکانی تاک، سەرکردەی بیروراکان، پارتەکان، وە فاکتەری زۆری تر، ئەو فاکتەرانە بێ کاریگەرێتی ڕەها یان بەهێز لە گۆڕاندا بوون بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک.

**بیــردۆزی کارتێکردنی ناوەند بــۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:**

ئەم ئاڕاستەیە لە کۆتایی شەست و حەفتاکاندا دەرکەوت، خاوەنەکانیان پێیان وایە کە کاریگەری ئامرازەکانــی ڕاگەیاندن لەســەر تــاک کاریگەری زۆری دەبێــت بەســەر فاکتــەر و گۆڕانــکارە دەروونییەکانــەوە، جگە لــەوەی جەختکردنەوەی بەهێزیان هەبوو لەســەر مەودای دەروونیی بوو. واتە شــێوازی تاکــەکان لە بــەردەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندنــدا بەهێزترە لە ئامراز و گۆرانکارییەکان کەوا دەکات کاریگەرییەکە بە شێوەک لە شێوەکان مامناوەند بێت.

**بیردۆزی کارتێکردنی بەهێز:**

خاوەنــی ئەم بیــردۆزە پەی بــە کاریگەرێتی ئامرازەکانــی ڕاگەیانــدن دەکات لەســەر تــاک و کۆمەڵگــە. بەڵام لــە مەهامــی ئــەو کاریگەرێتییە نــە کەم دەکاتــەوە و نە زیادەڕۆیی تێــدا دەکات. بــەڵام بە بەهێزی و کاریگەرێتــی ئەگەر فاکتەری دیاریکــراوی پاراســت، ئەگەر بــە دواداچوونمان

هەبــوو بــۆ شــێوازی دیاریکــراو لە هەڵویســتی دیاریکــراودا وەک دووبارەکردنــەوەی نامــەی ڕاگەیاندەکان، پاشــان گشتگیری و دواتر گونجان وڕێککەوتــن. ئەگــەر ئــەو بــارودۆخ و فاکتەرانە پارێزرا ئەوا کاریگەرێتییەکە بەهێز دەکات.

## ئاســەوارەکانی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لە ڕێی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە:

ترس لــە بڵاوکردنــەوەی توندوتیژی و تاوان لە ڕێــی ئامڕازەکانــی ڕاگەیاندنــەوە دەگەڕێتەوە بــۆ ئەوەی بینــەر و بیســتەر و خوێنــەرەکان بە شــێوەیەکی زیاتر لە کەســانی دیکە وەریدەگرن. وە هەنــدێ لە توێژینــەوەکان جەختیان لە بوونی پەیوەندییەکــی بەهێــز کــرد لــە نێــوان ڕەفتاری دوژمنکارانە وتووشبوون بەو ناوەڕۆکانە.

گرنگترین ئەو ئاســەوارانە کــە بەهۆی بینینی توندوتیژییەوە بەجێدەمێنێت بەم شێوەیەیە:

١- لابردنــی تونــدی ئاســەوارە دەروونیی و ســۆزدارییەکان لای تاک کە ڕاکێشی بەکارهێنانی ڕەفتــاری دوژمنکارانــە دەکات بەرامبــەر ئەوانی دیکە. ڕەفتاری تاکی توندڕەو ( واتە ئارەزووکردن

بە بینین ) دەوەستێتە سەر ڕادەی هەستکردن و .درککردنی بە خەفەکردن و دڵتەنگی و دڵەڕاوکێ

-٢ تەعزیزکردنی ڕەفتارەکان بە کردار لەناوماڵدا، بە شێوەیەک بینینی توندوتیژی یان خوێندنەوەی لەسەر تعزیزکردن و پاڵپشتکردن لەو ڕەفتارەی کە هەیە لە لای بینەر ئەوەش لەبەر ئەوەی کەسی توندڕەو فاکتەری توندوتیژی لە ناوەوەیدا دەخوڵقێنێ -ڕەفتارە توندڕەوەکەی ناو تەلەفزیۆن وا دەبینێ کە ئەزموونێکی ڕاستەقینەیە.

-٣فێربوون و نەریتەکان:

ئەوەی ئاشکرایە یەکێک لە ڕێگەکانی فێربوونی مرۆڤ لاساییکردنەوە ولێکچوونە، لێرەوە مەترسی نیشاندانی فیلمەکانی توندوتیژی دێتە ئاراوە لەبەر ئەوە هەندێک وەک خۆی تقلیدی دەکاتەوە.

## ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی توندوتیژیدا:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوە جۆربەجۆرەکانیەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی

شێوه جیاجیاکانی دیاردەکانی توندوتیژی خێزانی ببێتەوە. با لە ڕۆڵی وشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرییەوە دەست پێبکەین بۆ ئەم ئامرازانە، لە واقعدا قسەکردن لەسەر توانا وشیارکەرەوەکان ـ ڕۆشنبیرییەکان ڕاکێشمان دەکات بۆ وەستان لەبەردەم دووگریمانەی سەرەکیی لەوانە:

**گریمانەی یەکەم:**

ئەگەری ئاراستەی خراپ، ئەم بیردۆزە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یارمەتیدەرە لە بڵاوکردنەوەی توندوتیژیدا ئەوەش لە ڕێیَ ناوەڕۆکەکانی دەیخاتە بەردەم جەماوەر لە ڕێی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و ڤیدیۆ و فیلمە سینەماییەکانەوە – هتد.

بۆیە خاوەنی ئەم بیردۆزە داوا دەکات چاودێرییەکی توند هەبێت لەسەر ناوەڕۆکی ئامرازە توندڕەوەکانی ڕاگەیاندن وەک ئازاردان بە ژنان، منداڵ، خاوەن تەمەن، یان هەر تاکێک لە تاکەکانی خێزان، هەروەها وایدەبینن کە پلانی بەرنامەیی ئامانجدار لە گەڵ چاودێریدا دەتوانن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بگۆڕن بۆ شێوازی کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی خێزانیی.

بەڵاَم گریمانەی دووەم، گریمانەی ئاراستەی

چالاک یان بەشداربوو، کە تێڕوانینی چوارچێوەی چاودێری وبەرنامەی بنیادنەرانە دەبەزێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی یارمەتیدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەشداری ڕاستەوخۆ و ڕاست بۆ ڕووبەڕووبونەوە لە کێشەی توندوتیژی خێزانیدا ئەوەش لە ڕێی هەوڵی وشیارکەرەوە و خوێندراو و تەواو کە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نیشتمانیدا جێبەجێ بکرێت. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەشێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاربهێنرێت لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنەوە کە هەوڵی ئاڵوگۆڕی زانیارییە هەڵەکان دەدات دەربارەی چەمکی توندوتیژی، جگە لە مەترسی و ئاسەوارەکانی لەسەرخێزان و کۆمەڵگە. بە زانیاری ڕاستەقینە و ورد ئەوەش بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە تایبەتمەندکرا بێت بەم ئامانجەوە.

لە کاتی ئاخاوتن لەسەر ستراتیجیەتی ڕاگەیاندندا هەوڵی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیە دەدرێت وە ئێمە لە واقعدا قسە لەسەر سیاسەتێکی پەیوەندی دەکەین کە لەسەر گەلێک کۆڵەکە وەستابێت بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. بێگومان گرنگترین ئەو بنەمایانە پێدانی ژمارەی ڕاستە لەسەر سروشت و قەبارەی ئەم

کێشەیە وپاشان خەسڵەتەکانی پێکهاتە دەروونیی و کۆمەڵایەتی و تەمەنیی و رۆشنبیریەکانە.

پاش ئەوە دیاریکردنی لایەنە مەبەستدارەکان بە وشیارکردنەوە لەم هەڵمەتەدا ؟ خەسڵەتەکانی چین؟ دیاریکردنی رادەی زیانەکان یان ئاسەوارە خراپەکانی کە توندوتیژی بەجێی دەهێڵێ لەسەر خێزان و کۆمەڵگە ناوخۆیی و گەورەکاندا دەچێتە چوارچێوەی ئامانج یان ئامانجەکانی ئەم هەڵمەتەوە. وە پێویستە ئەوانەی بەم هەڵمەتە هەڵدەستن ئەوە لە بیر نەکەن کە دەبێت تەرکیز بخەینە سەر ناوەرۆک و ئاراستەکانیدا لەسەر بنەما کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و دەروونییەکانی کۆمەڵگەی ئوردونی جیادەکاتەوە لەوانی دیکە. هەروەها ئایین رۆڵی سەرەکیی لەم بوارەدا دەگێرێ کە دەشێت یان دەبێت وەبەرهەم بێت لە روونکردنەوەی ئاسەواری خراپ بۆ توندوتیژی لەسەر کۆمەڵگە. وە زیدەرۆیی لەو ئایەتە پیرۆزانەی کە بانگەشە بۆ لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە هەڵچوون وستەمکار و ستەم دەکات. لێرەدا راویژکاران و پیاوانی ئایینی دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێرن لەم بوارەدا.

هەروەها بەرێوەبەرانی ئەم هەڵمەتە نیشتمانییە دەشێت رای دەستەبژێرانی خاوەنرا لە کۆمەڵگەدا

وەربگــرن بۆ ئــەوەی وەک کۆمەڵەکانی فشــار و کاریگەر بن لەوانی دیکە. کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەسایەتیانە لە کۆمەڵگەکانی جیهانیی سێیەمدا ڕۆڵی گەورە دەگێڕن بۆ کاریگەری خســتنە سەر تاکەکانــی تری کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، بە مەرجێ خۆیان باوەڕیان بەو هەڵمەتە هەبێت.

لــەو مەســەلە ســەرەکییانەی کە پێویســتە لە نەخشەســازی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندندا چاودێری بکرێت لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا نەخشەکردنی ووردە بۆ نامە بەکارهاتووە ڕاگەیاندنەکان. کە مەســەلەکە وا یان لێدەخوازێت کــە بزانن چۆن ئامرازە قایلکردنە دیارەکان بەکار دەهێنن وەک ڕوون و ئاشــکرا، ووردی و ڕاستی، تەواوی ونەرم ونیانی و پاشان کورتی.

لە کۆتاییدا لەم بارەیەوە هەندێ لە ڕاســپاردە دەخەمە ڕوو:

- بــە پێــی توانــا کەمکردنــەوە لــە ئێزگە یان بلاَوکردنــەوەی هەواڵــەکان کە هانــی توندوتیژی دەدات یــان ئــەو چەمکانــە لەخۆدەگرێــت کــە پەیوەندیدارە بە توندوتیژییەوە یان هاندەر دەبێت لەسەری.

- نەخشەکێشــانی بەرنامەکانــی ڕاگەیاندن کە مافەکانی ژن، منداڵ و تەمەنی گەورەی تێدا ڕوون

بکرێتەوە.

- ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان لە بواری مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە ژنان و منداڵان و خێزان.

- پشتیوانیکردنی ئەو بەرنامانەی چارەسەری ناوەڕۆکی مەسەلە و بابەتەکان دەکات کە پەیوەندیدارە بە یەکسانیی لە نێوان ڕەگەزەکاندا.

- کارکردن بۆ چاککردنی وێنەی ژنان لە ئامرازە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندندا لە ڕێی بەرنامەی ڕۆشنبیرییەوە کە تیایدا گرنگێتی ڕەتکردنەوەی ئەو توندوتیژییە بکات کە دژ بە ژنان پیادە دەکرێت و مەترسی ئەوە لەسەر نەوەکان.

- دوورکەوتنەوە لە نمایشکردنی ئەو فیلم و زنجیرانەی کە ژنان وەک ئەقلییەتێکی پیلانگێڕ و ئاژاوەگێر نیشان دەدات.

- دوورخستنەوەی ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری لە بەرنامە ڕاگەیاندنەکان کە

ناوەڕۆکەکەی مامەڵە لەگەڵ چارەسەری کێشەکان و ناکۆکییە خێزانییـــەکان دەکات بە توندوتیژی و ئازار و هێز.... وجەختکردن لەســەر چارەســەری مەســەلە ناکۆکییەکانی ناو خێزان بە تێگەیشتن و ئەقڵ و شێوازە زانستیەکان.

- ڕێکخســتنی ناکۆکییەکان بە دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی.

**سەرچاوە :**


وسـائل الاعــلام و العنــف الاســري- علــى راضــى الحســنين-لجنة العلاقــات الخارجية- مجلس الشــعب المصري.

مركز الدراسات أمان

www.amanjordn.drg

## گێچەڵپێکردنی سێکسی دژ بە ژنان

ئەو توندوتیژییانەی لە سەرتاسەری جیهاندا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە فرەجۆر و فرەبوارن، گێچەڵپێکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە ئیمڕۆدا بەیەکێک لە مەترسیدارترین و کاریگەرترین جۆری توندوتیژی دادەنرێت و ئەو دیاردەیەیە کە کۆمەڵگە بەگشت چینە ڕامیاری و کۆمەلأیەتییەکانەوە دەیانەوێ بە هۆی چەندین هۆکاری جۆربەجۆرەوە پەردەپۆشی بکەن و بیکەنە بازنەی بێدەنگبوونەوە، ئەوەش بە هۆی تووشبوونی ئەوانەی جەستەی ژنان لە لەزەتێکی کاتی خۆیان یان لە گەمەیەکی ڕامیاریدا تەسککردۆتەوە وسوودمەندی هەندێ کەسانی دیکە بەوەی ژنان بە ژمارەیەک دەزانن لە خشتەی پڕۆژە و دەستکەوتە مادییەکانیاندا، جگە لە ترساندنی لایەنی سێیەم لە خاوەن قوربانیان بە ئابڕووبردن وناوزڕاندن کە لەو کاتەدا بەدەر لە ئاسەوار و کاریگەرە خراپەکانی بۆ سەر ژنان لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، ژنان بێدەنگبوون بە باشترین چارەسەر دەزانن. وە دەشێت گێچەڵپێکردن بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵقوڵاوی هەر ململانێیەک بێت کە هەندێکجار دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کەسایەتییەکان و هەندێکجاری

دیکـەش بۆ پێکهاتـەی خودی دامـودەزگاکان، لە کاتێکـدا مـەرج نییـە هەموو ناکۆکییـەک ڕووە و گێچەڵپێکـردن بگۆڕێت کە بێگومـان بۆ هێنانەدی ئەوەش پێویسـت بە داماڵینی هەر خورەوشتێکی مرۆڤایەتیانە دەکات بە پەیوەندییەکانی کارکردنەوە یان بەگشتگیرکردنی دامودەزگاکە.

پسپۆرانی بواری پەروەردەی جنسی پێیانوایە گێچەڵپێکردنـی سێکسـی کارێکە دەرهاویشـتەی هۆشمەندییەکی مەبەسـتدارە، مرۆڤ لە ئەنجامی خواسـت و ئارەزوویەکی جنسیدا پێی هەڵدەستێ بە شـێوازی جۆربەجۆری بینین، بیسـتن و هێما بـۆ کـردن تەنانەت لـە هەندێ کاتدا بە شـێوازی جەسـتەیی ڕاسـتەوخۆ وەک دەسـتبۆبردن، نزیکبوونەوەی جەسـتە یان جوڵاندنی هەسـت و تێربوونی لەزەتێکی جنسیدا دەبێت.

دیـاردەی گێچەڵپێکردنی سێکسـی پێناسـە و تێڕوانینـی جۆراوجۆر لە ئاسـتیدا هەیە، هەندێک پێیانوایـە کە دیاردەیەکی توندوتیژییە دژ بە ژنان و چەندین شـێوەی زارەکی، سـەیرکردن، جووڵە یـان گێچەڵی مادی ڕاسـتەوخۆ لـە خۆدەگرێت و مـەرج نییە جنس تەنها پاڵنەری ئەو دیاردەیە بێت چونکە هەندێکجار دەشێت مەبەست لێی پاڵنەری پەیوەندی زاڵێتی و دەسـەڵات یان ئارەزووکردن

بــە لاوازی و بێتوانایــی یاخــود ســوکایەتیکردن بێــت بــە لایەنــی بەرامبــەر، بێگومــان ئــەوەش مەســـەلەیەک نییــە تەنها تایبەت بێـت بە ژنانەوە، بەڵکو مەســـەلەی کۆمەڵگە، خێزان، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتنە لە کەرامەتی جەستە گەر ئەو جەستەیە ژن بێـت یان پیــاو، جگە لــەوەی بچووککردنەوەی ژنان لە بابەتێکی جنسیدا نەهێشتنی کیانێکی تری مرۆڤانــەی ڕۆشــنبیری، ئابــووری، کۆمەڵایەتــی سیاســییە و هەوڵدانێکە بۆ پەراوێزخســتنی ژنان تەنها لە گۆشــەیەکدا لەژێرناوی ¬گۆشەی بابەتی جنســی کە بەشــێوەیەکی گشتی ســوکایەتیکردنە بــە ڕەگــەزی مــێ. بۆیــە وێــڕای پێشــکەوتن و گەشەســـەندنی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەڕووی جیهانــدا و هاتنە کایــەوەی چەندین چەمکی نوێی دیموکراســییەت، مافــی مــرۆڤ، جیهانگیــری... بارودۆخ و ئازارەکانی ژنان بە گشتی لە سەرجەم بــوار و چوارچێوەکانــی مــاڵ، کار، خوێنــدن، کۆمەڵگــەو دەوڵەتــدا ڕوو لــە زیادبــوون دەکات جــا ئەو ژنە ســەڵت بێت یــان خێزانــدار ئەوەش بە هــۆی بەربڵاوی‌و بەرفراوانی ئــەو دیاردەیەیە دەرهەق بــە ژنان کە دیاردەیەکــی هەمەڕەنگە لە ڕووی زارەکییــەوەو بە شــێوازی نوکتــە، توانج، ئاماژەکردن بۆ جەستە و پرسیاری جۆراوجۆری

سێکسی و هەندێ سەیرکردنەوە دەبێت پاشان تەشەنەکردنی ئەو شێوازە لە قسەکردنەوە بۆ دەستبۆبردن و گرتن و هەستکردن و چرنوک کە جۆرێکیتر لە زیان و ئازار بە ژنان دەگەیەنێت. بۆیە لە ڕوانگەی بەدەر لەو گێچەڵپێکردنانەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگە و خوێندنگەدا ڕووبەڕووی منداڵان یان خوێندکاران دەبێتەوە وەک چۆن لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵەی ئەمریکی ژنانی زانکۆ هێما دەکات بەوەی لە پێنج خوێندکاردا چواریان دووچاری گێچەڵپێکردنی جەستەیی و زارەکی بوونەتەوە. هەروەها سەرەڕای ئەو گێچەڵپێکردنانەی گەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی پیاوان دەبێتەوە وەک چۆن لە ولایەتی ئایوای ئەمریکی سەنتەرێکی تایبەت بۆ چارەسەری قوربانیانی پیاوان دروستکراوە و بارەگاکەی لە - دافنبورت – ە. وێڕای سەرجەم ئەو گێچەڵپێکردنانەی ژنان لە نێوەندی ژیانی گشتیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە شوێنەکانی ( ڕێگاوبان، هاتووچۆ، شەقام، کۆڵانەکان، بازاڕ و باخچەکان...) وە جگە لەو توندوتیژیانەی بەدەر لە شوێنی کارکردندا دووچاری ژنانی فەرمانبەر دەبێت وەک لە توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠٠٦دا هاتووە بەوەی ٧٤٪ ی ژنانی فەرمانبەر

له هەردوو شـاری سـلێمانی و هەولێـر پێیانوایە له نێوەندی خێزانەکانیشـدا توندوتیژیان دەرهەق دەکرێت ئەوەش ئاماژە بەو سیسـتەم وشـێوازە پەروەردەکردنـە دەکات کـە لـە سەرتاسـەری نێوەندەکاندا سسـتمێکی تاکڕەهەند و گشـتگیر و هەڕەمییـە کـە هەمیشـە بێگەڕانەوە بـۆ تاکەکان بڕیارەکان لەسـەرەوە بۆ خوارەوە دادەچۆڕێ و بەردەوام لەو چوارچێوەیەدا پیاو دەسەڵاتدار و ژن بێدەسـەڵات، پیاو بڕیاردەر وژنیش جێبەجێکەری بڕیـار، پیاو بەهێز و ژن لاواز، پیاو چەوسـاوە و ژن چەوسـێنەر، پیاو قسـەکەر و ژن گوێگر، پیاو تاوانبار و ژن قوربانیـی، پیاو فەرمان دەردەکات و ژنیش جێبەجێکەری فەرمانەکە دەکات... ئەمە و سـەرەڕای ئاماژەکردن بە جۆرەکانی توندوتیژی کـە لە هەمان توێژینـەوەدا هاتووە بەوەی جۆری دەروونیـی بەپلەی یەکـەم ٪٧٠ و گێچەڵپێکردنی سێکسـی ٪٢٠ ی ڕێژەکـەی پێکهێنـاوە، ئەوەش ئەو ڕاسـتییە دەردەخات کـە مامەڵەکردن لەگەڵ ژنانـدا تـا ئیمـڕۆ لـە جەسـتەدا کورتکراوەتەوە وئەوەنـدەی ژنـان وەک مێینەیـەک مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێـت وەک هاووڵاتی یان فەرمانبەرێکی کارا و بەتوانـا خوێندنەوەیـان لەئاسـتدا ناکرێت ئەوەش هۆکارێکی گرنگە لەبەردەم دەرنەخسـتنی

تواناكان و جێنەكردنەوەیان لە شـوێنی شـیاودا. بۆیـە لێـرەوە دەمـەوێ باسـەكەم چـڕو تایبەت بكـەم بـەو گێچەڵپێكردنانـەی لـە ئیمـڕۆدا ژنان دووچاریان دەبێتـەوە لـە نێوەندەكانی كاركردن بـە گشـتی وخوێنـدن و بـواری تەندروسـتی بە تایبەتی بەوەی بەدەر لە بەرفراوانی ئەو كێشـەیە بێدەنگبوون و شاردنەوەی حاڵەتەكان وایكردووە كێشـەكان ئاڵۆزتـر و بەربڵاوتـر بـكات ئەوەش لەو ڕوانگەیـەوەی هەریەک لـەو بوارانە دەرگاو دەروازەی چوونـە ژوورەوەیـە بـۆ هێنانـەدی ژیانێكی ئازاد و یەكسانیخوازی نێوان ڕەگەزەكان، جگـە لـەوەی لێكۆڵینـەوە لەمـەڕ ئـەم دیاردەیە مەترسـی وقورسـایی خۆی هەیە، چونكە ژمارە و ئامارەكان تەنها گوزارشـت بە لایەنێكی كەمیی ئەو ئازارانە دەكەن كـە لە دونیای ئیمڕۆدا ژنانی كارگـەر تیایـدا دەژین، ئـەوەش بەهـۆی بوونی چەندیـن هـۆكارەوە گرنگترینیان لە هەسـتیاری بابەتەكـەدا خـۆی دەبینێتـەوە بـەوەی زۆربەی قوربانیانـی گێچەڵپێكـردن لـە عەیبـە و تانـە و تەشـەنە، ئابڕوبردن و ناوزڕاندن دەترسن چونكە دەرئەنجام لە كۆمەڵگەدا بە پلەی یەكەم پەنجەی تاوان بۆ ژنان درێژ دەكرێت ئەوەشە وایلێدەكات سەبارەت دركاندنی ئازارەكانی ئازایەتی و بوێری

لەدەستبدات.

مامۆستا (عزە سلێمان) بەڕێوەبەری سەنتەری مەسەلەکانی ژنانی میسر هێما بۆ ئەوە دەکات کە دیـاردەی گێچەڵپێکردنی سێکسـی لـە کۆمەڵگەی میسـردا لە ڕوانگەی هەستیاری بابەتەکەوە چۆتە چوارچێوەی (بێدەنگبوونەوە) بەدەر لەوەی ئاماژە بە نەبوونی ژمارە و ئامار دەکات کە گوزارشت لە ڕادە و ئاستی گێچەڵپێکردنەکان بکات، جگە لەوەی پێـی وایە ئەوەشـە وادەکات قسـەکردن لەسـەر کاریگەرییەکانـی ئـەو دیاردەیە قورسـتر بێت، لە لایەکی دیکەوە مەترسی قوربانیان بەلەدەستدانی کارەکەیـان هۆکارێکی دیکەیـە و هەروەک چۆن دەیان نموونەی دیار هەن کە ژنانی ڕق ئەستوور کـردووە بەرامبـەر شـوێنی کارەکەیـان بەهۆی ئەو گێچەڵپێکردنانەی لەلایەن بەرپرسـی یەکەمی کارەکەیانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە سـەرەڕای ئـەوەی لە ناخیانـدا هەسـت بەبەندبوونی خۆیان دەکـەن بەرامبـەر پێداویسـتی و دابینکردنـی بژێوی ژیانیان کە وایلێکردوون هەمیشـە هەست بـەلاوازی و بێهێزی داکۆکیکـردن بکەن بەرامبەر بەو گێچەڵپێکردنە ناڕاسـتەوخۆیانەی دەرهەقیان دەکرێـت ودەشـێت هەندێـک جـار هـۆکاری گێچەڵپێکـردن هەسـتکردن بێـت بـە ئیرەیـی بۆ

کەســی بەرامبەر بەوەی خاوەنی شــتێک بێت  لە کەســانی دیکەدا بوونــی نەبێت لەوانــە ( جوانی، دەوڵەمەندی، لاوی، جیاکاری لە هەڵســوکەوت.... هتد)،ساڵی ١٩٧٦ سستمی دادوەری ئەمریکی هێما بۆ گێچەڵپێکردنی سێکسی بەشێوەیەک دەکات کە جیــاکاری ڕەگەزییە لە کاتێکدا لە فەرەنســا وەک تاوان سەیر ناکرێت. لەلایەکی دیکەوە گێچەڵپێکردن دژ بە خوێندکارانی کچان دیاردەیەکی بەرفراوانە و شــێوازی جۆربەجــۆر لەخــۆ دەگرێــت لــە نێوەندی خوێندندا قوربانیانیش بەهۆی مەترســی لەدەســتدانی خوێندنەکەیانــەوە بێدەنگبــوون بــە چارەسەر دەزانن، لێرەوە خاتوو(ی،ن) کە تەمەنی ٢٤ ســاڵە و دووەم ســاڵی خوێندنێتی لە بەشــی زمان دەڵێت: بەهۆی ڕەتکردنەوە و ملکەچنەکردنم بۆ ژووانێکی خۆشەویســتی کە لەلایەن مامۆستا بەڕێزەکەمــەوە داوام لێکــرا ســاڵێک لــە خوێندن دواکەوتــم هیچ کــەس لەخێزانەکەم بــەم کارەی نەدەزانی تەنها هاوڕێکانم نەبێت لەترســی ئەوەی لەخوێنــدن دوورم نەخەنــەوە، خاتــوو (ی) لــە قســەکانیدا وتی:خۆشبەختانە ســاڵی داهاتوو ئەو مامۆســتایە هیــچ وانەیەکی پــێ نەدەوتین، لێرەدا ئەگەرچی خاتوو (ی) قوربانی بەساڵێکی تەمەنیدا لە پێناو کڕنۆش نەبردن و ملکەچنەکردن بۆ حەز و

ئارەزووە سێکسیەکانی مامۆستاکەی و هاوشێوەی ئـەو نموونەیـەش زۆرە بەڵام کەسـانێکیش هەن بەهـۆی هەر هۆکارێکی کورتکردنەوەی ڕێگە یان مەترسـی ڕاکـردن بێت لە دەرنەچـوون ملکەچی واقعەکە دەبن ئەگەرچی لە هەمان کاتدا کەسانێکی دیکەش هەن تا ئیمڕۆ بەدەسـت سازشـکردنەوە دەناڵێنـن ولەهەمـان کاتـدا مامۆسـتاش هەیـە چاوەڕوانـی بەڵـێ لـە خوێندکارەکانـی دەکات و هەڕەشـەیان بـە دەرنەچوون ومانـەوە لێدەکات، خاڵێکی تری هۆکارەکان پەیوەستە بە هەستکردنی قوربانیان بەوەی تاوانبار بەسزای خۆی ناگات و لێپرسـراوەکەیان بەهۆی مەترسـی لە دەستدانی ناوبانگـی کارەکـەی گوێیـان لێناگرێـت واتـە لێکدانەوەی بەرپرسی یەکەم لە بەرژەوەندییەکانی خۆی وپێشـێلکردنی مافی گشـتی ژنانی کارگەر. لەلایەکـی دیکـەوە سـەلماندنی گێچەڵپێکـردن کـە دەشـێت ڕاسـتەوخۆیان ناڕاسـتەوخۆ بێـت قورسـترین کارە لەلایـەن ژنانـەوە بـەوەی لـە کۆمەڵگـەدا بەهۆی چەندین هـۆکارەوە ناتوانرێت بەبەڵگەوە ڕاستیەکان بخرێنە ڕوو. بەدەر لە بوونی ئـەو هۆکارانـە و چەندین هۆکاری دیکـە بابەتی گێچەڵپێکردنی سێکسـی دژ بە ژنـان بەدوورە لە تێگەیشـتن و دەرخسـتنی وێنەیەکـی ڕاسـتەقینە

هــەروەک لە لێکۆلینەوەیەکی تایبەت بە پەیمانگای ژنــان لــە پایتەختی ئیســپانیادا هاتــووە ژمارەی ئەوانەی بوێرانە سکالاَی خۆیان پێشکەش دەکەن لە ٪٢٥ ی کۆی گشــتی حاڵەتەکانی گێچەڵپێکردن تێپــەڕ ناکات هەر بۆیــە گێچەڵپێکردنی سێکســی ناشرینترین و ناڕەواترین جۆری ئازاردانە بۆ ژنان و مەترسیدارترین وێنەی ستەمە بۆ مرۆڤایەتی.

-خاتــوو (س،ه) ی فەرمانبەر باســی لەوەکرد کە چۆن بەرپرســەکەی زۆرجار بێ هیچ کارێکی دیاریکــراو بەشــوێنیدا دەینارد وچــۆن لەیەکێک لەدانیشــتنەکاندا هەوڵی دەستبردن بۆ قژی دەبرد بەپاساوی ئەوەی لەجێی باوکێتی و جاربەجاریش داوای ماچــی لێدەکــرد دەرئەنجــام بەهــۆی ڕەتکردنەوەی (س،ه) پەراوێزی و فەرامۆشــکردن و دواکەوتنی لە پلەکاندا بووە مایەی ئازارێکی زۆر بۆی...نموونەی خاتوو (س) ئەوەمان بۆ دەردەخات بەهــۆی نەبوونی هیچ پشــتیوانییەکی یاســایی و کولتوری نێرســالاریانەی کۆمەڵگە هەمیشە ژنان لە ڕیزی پێشــەوەی قوربانیانــن و بێدەنگبوون و بێدەنگنەبوونیان دەرئەنجامێکی خراپی دەروونیی لەســەریان بەجێدەهێڵێ و هەمیشــە بێمتمانەیی و بڕوانەکردن بەهیچ مرۆڤێک ڕەنگدانەوەی لەسەر قۆنــاغ بەقۆناغــی ژیانیاندا بەدەردەخــات، لێرەوە

دەمــەوێ بچمــە ســەر گرنگتریــن ئــەو كاریگەر و ئاســەوارانەی گێچەڵپێكــردن لەســەر ژنــان بەجێیدەهێڵێ. لــە ڕاپۆرتێكی كۆمەڵــەی ئەمریكی ژنانی زانكۆدا هاتووە خوێندكاران زیاتر هەســت بەشــەرم، توڕەبــوون، تــرس وشــڵەژان دەكەن وكەمتریــن بــاوەڕ و زۆرتریــن هەســتكردن بــە نائومێدی لەناخیاندا چەكەرە دەكات ســەبارەت بە ئەزموونی زانكۆ یان پاش دووچاربوونەوەیان بە گێچەڵپێكردنی سێكســی، خوێندكاران دەڵێن: ئێمە لــە زانكۆدا وازمان هێناوە لەخاوەن گێچەڵەكان و ئەو شوێنانەی بەهۆیانەوە بێبەشبووین لێی بەڵكو دەناڵێنین بە خەوزڕاندن و جەختكردنەوە.

-خاتــوو (و،ب)ی ٢٢ ســاڵ ســكرتێرە بــوو لەیەكێــك لەبەڕێوەبەرایەتیەكانــدا وتــی: مــاوەی چەنــد مانگێكــە لەدڵەڕاوكێدا دەژیــم و بەردەوام بەهــۆی ڕەوشــتی بەڕێوەبەرەكەمــەوە بێتاقەتــم ســەرەڕای ئەوەی ڕۆژانــە چەنــد كاتژمێرێک لە نووســینگەكەیدا كارەكانمــان پێكەوە بــوو بەڵاَم هەمیشــە بیرم لەڕێگەیەک دەكردەوە بۆ خۆلادان یــان خۆدوورخســتنەوەم لــەو ســەیركردنانەی بەشــێوەیەک كاریگەری خراپی خســتبووە ســەر بــاری دەروونیم تەنانەت ئەو كاتەی بۆ ماڵەوەش دەگەڕامەوە هەستم بە بێزاری و توڕەبوون دەكرد

کــە ئەوەش زۆرجــار ڕەنگدانــەوە و کاردانەوەی خراپی بۆســەر دوو کچەکەم هەبــوو، تەنها خۆم بەرپرســی یەکەمیان بووم و بێگومان پێویستی و زەرورەتم بە کارەکەم و بەرپرســیاریێتی خێزانیم هەمیشــە ناچاری مانــەوەو بەردەوامیی دەکردم لــە کارەکەمدا هەروەک لــە ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ژنانی پایتەختی ئیسپانیادا هاتووە بەوەی زۆربەی ئەوانەی لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن بەنەخۆشــییە دەروونیەکانــی وەک دڵەڕاوکــێ، شــەونخونی، تــرس، خەمســاردی و خەوبینینــەوە دەناڵێنــن.
- فوزیــە بوجریــو- مامۆســتای دەروونــزان لە کۆلێژی وێژەیی و زانستە مرۆڤایەتیەکانی بەشی دەروونناســی لــە زانکــۆی ( عنایە) دەڵێــت: ئەو کاتەی ژنان ناڕەزامەندی دەردەبڕن سەبارەت بە گێچەڵپێکردنەکانی دەرهەقیان دەکرێت لەو کاتەدا مەسەلەکە ئاراســتەی بەدواکەوتن¬ وەردەگرێ وهەســتکردنیش بەوە دەبێتە هۆی دروســتبوونی هەڵچوونــی دەروونیی بەتایبــەت گەر بارودۆخی ئــەو ژنــە ڕێگــر بێــت لەبەجێهێشــتنی شــوێنی کارەکەی یــان خوێندنەکەی، بۆیە مانەوەی لەژێر فشــارگەلێکدا دەبێتــە هــۆی هەڵچــوون لەهەمان کاتدا ڕاکردن، یان بەجێهێشــتنی شوێنی کارەکەی لە داهاتوودا کاریگەری بۆ ســەر پەیوەندییەکانی

دەبێت بەشـێوەیەک ئەو ئەزموونە خراپە لەناخ و دەروون و مێشـکیدا چەکەرە دەکات و هەمیشـە بەئاگاوە مامەڵە لەگـەڵ پەیوەندییەکانیدا دەکات، وە لەکاتێکدا گەر ئەو ژنە خاوەن کەسـایەتییەکی لـەرزۆک و لاواز یان خۆڕاگر نەبـوو لەداهاتودا کاریگەری زۆری لەسـەری دەبێت بە شـێوەیەک هەمـوو پەیوەندییەکـی هاوسـەرگیری ڕەت دەکاتـەوە چونکـە لەهەمـوو پیاوێکـدا وێنەیەکی ئـەو پیاوانە بەدیـدەکات کە گێچەڵی سێکسـیان پێکردووە وبێگومان لە ناخیدا نموونەیەکی خراپی پیاوانـی تۆمارکـردووە بەڵام ئەو کاتـەی ژنەکە دەچێتە ژێربـاری ئەو گێچەڵانـەوە وتوانرا یاری بەهەسـت و جەستەی بکرێ ئەو کاتە ڕەنگدانەوە و کاریگەری تەواوی بەسـەر ماڵ و خێزانیشـیدا بەدەردەکەوێت و هەمیشە بەرامبەر هاوسەرەکەی بێزاربـوون دەردەبڕێـت و هێدی هێدی مامەڵەی لەگەڵ پیاوەکەیدا بەرەو گۆڕان دەچێت، دەرئەنجام جیابونـەوە وتەلاَقـی لێدەکەوێتـەوە.وە زۆرجار بێزاربوونی ژنان لە نێوەندی کارەکانیان سەبارەت بەو گێچەڵپێکردنانەی دووچاریان دەبێتەوە وایان لێدەکات کارەکانیان بەجێبهێڵن و برۆنە ماڵەوە.

-ابراهیـم قویـدر- بەڕێوەبـەری یەکێـک لە ڕێکخـراوەکان دەڵێت: زۆرێک لە ژنان هەن پاش

ئەوەی دووچاری گێچەڵپێکردن دەبنەوە ئارەزووی گەڕانەوە بـۆ ماڵەوە دەکەن کـە کاریگەرییەکەی لەسـەر ڕێـڕەوی گەشـەکردن وبەهێزکردنـی کارکردن بە ئاشکرا دەردەکەوێت چونکە وەرگرتنی مرۆڤەکان بۆ هەر کارو پۆسـتێک لەسەر بناغەی زانین و تواناو لێهاتوویی و پسپۆرییان نییە بەڵکو پێـوەر و خاڵی دیکە دەبێتە مافدارێتی دامەزراندن وەک (جوانیی، جوانکاری شێوە.. هتد).

_ابو شیما – سەبارەت بەم دیاردەیە دەمانباتە گوزەرێک بەنێو جیهاندا کە لەڕێگەیەوە سـەرجەم ئازارەکانـی ژنـان بەدەردەخـات، لـەم ڕووەوە گەشـتەکەی لەبارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەسـت پێدەکات بـەوەی مفوەزێـک لەکاروباری پەناهەنـدەکان بەنـاوی (رودلوبـرز) دەسـتی لەکارکێشایەوە بەهۆی تۆمەتبارکردنی بەدیاردەی گێچەڵپێکردنی سێکسی پاشان ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی ژنانـی زانکۆی ئەمریکی لە ئەمریکادا ئاماژە بەوە دەکات سێبەشـی بەشداربووان لەڕاپرسییەکدا کە تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٤) سـاڵدایە ڕووبەڕووی یەکێـک لەشـێوازەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسـی دەبنـەوە لـە کۆلێـژی خزمەتگـوزاری کۆمەڵ و کۆلیژەکانـی تـری زانکـۆ تایبەت و گشـتییەکان لەهەمـوو وڵاتاندا، هەر بۆیە پسـپۆڕان ئاماژەیان

بــەوە کــرد کــە ســـەرجەم ئەوانـــەی دووچـــاری گێچەڵپێکردنـــی سێکســـی دەبنـــەوە لـــە ئاســـتێکی بەرزدان بەشـــێوەیەک جێی سەرسامییە بەتایبەت لەڕوانگەی بانگەشـــەی گشـــتی بـــۆ بایەخدان بەم بابەتـــە لەچوارچێـــوەی ئـــەو تـــاوان و گومانانەی ڕووبەڕووی کەســـایەتیە بەناوبانگەکانی دەبنەوە وەک ســـەرۆک کلنتـــۆن و دادوەری دادگای باڵاکلارینـــش تۆماس، بوب باکـــوود. لە تازەترین وگەورەتریـــن ڕوپێوی وەزارەتی بەرگری ســـاڵی ١٩٩٥ دا کـــە تایبەت بووە بە کارگەرەکانی (هێزی چەکداری) هێما دەکات بەوەی ٪٧٨ ی ژنان و ٪٣٨ ی پیاوانـــی کارگەری هێزی چەکـــداری ئاماژەیان بە ســـکاڵای گێچەڵپێکردنی ســـێکس کردۆتەوە وە ئـــەو ژمارانە بەرزترن لەوانـــەی لە هێزی یەدەکدا هاتووە، ڕاپۆرتێک لە کونغرسدا باس لەوە دەکات کە ٪٦٠ ی ژنان و ٪٢٧ ی پیاوانی کارگەر لەهێزی چەکـــداری و پاســـەوانی نەتەوەییـــدا لـــە مـــاوەی خزمەتکردنیانـــدا دووچاری یەکێـــک لەجۆرەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسی دەبنەوە.

شوێنی سێیەمی گەشتەکە ئەمریکای لاتینییە و نـــووســـەر وڵاتـــی تشیلی دەکـــات بەنموونە بەوەی یەکێکە لە وڵاتە محافزکارەکان لەڕووی کۆمـەڵایـەتـیـیـەوە بـــەوەی پـاش سـێ مـانـگ لە

ئیقرارکردنی تشیلی بەدەرچوونی یاسایەک سەبارەت بەبەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە بەرپرسان ئاماژە بە زیادی ژمارەی سکاڵاکان دەکەن لەو بارەیەوە، وە لەئەوروپادا مفوەزێکی ئەوروپی بۆ کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (تانادیامنتوبولو) لەو کاتەی خوێندکار بووخۆی بەیەکێک لەقوربانیانی گێچەڵپێکردنی سێکسی دادەنێت دەڵێت: قەبارەی ئەم دیاردەیە لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ڕووی کردارەوە هەستپێنەکراوە و ٪٣٥ی ژنان لە شوێنی کارەکەیاندا دووچاری جۆرێک لە جۆرەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسی دەبنەوە، وە ئامارەکانی مفوەزییەی ئەوروپی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا ٪٥٠ ی ژنانی کارگەر دووچاری گێچەڵپێکردنی سێکسی بوونەتەوە لەلایەکی دیکە لە لێکۆلینەوەیەکی پەیمانگای ژنان لەپایتەختی ئیسپانیا- مدریددا هاتووە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ملیۆنێک وسێسەد وده هەزار ژنانی کارگەر دووچاری جۆرێک لە جۆرەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسی بوونەتەوە بەو واتایەی ٪١٥ ی کۆی گشتی ژمارەی کارگەرەکان لە ئیسپانیادا کە دەگاتە هەشت ملیۆن وچوارسەدوسی وپێنج هەزاری ژنانی کارگەر، هەروەها لێکۆڵینەوەکەی ئاماژە

بەوە دەکات چل هەزار ژنانی کارگەر بەهۆی
ئەو هۆکارەوە گۆڕانکاری لەکارەکانیاندا دەکەن،
پاشان دەرئەنجامی ئەو ئامارەی لە ئیسرائیلدا
ئەنجامدراوە لەلایەن دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی
شوێنگەی ژنان لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران
و پەیمانگای (جیووکرتوجرافیادا )دەریخستووە
شەش سەد کارگەری سهیۆنی لەناوەندە
جیاوازەکاندا بەشداریان تیادا کردووە و٪۳٥ی
گێچەڵپێکردنە سێکسییەکان لەلایەن بەرپرسی
ڕاستەوخۆوە جێبەجێدەکرێت وە ٪۲۱ی حاڵەتەکان
لەلایەن بەرپرسە گەورەکانەوە جێبەجێدەکرێت لە
شوێنی کارەکاندا جگە لەوەی دەرئەنجامەکان
دەریانخستووە کە سێ بەشی ئەو ژنانەی
دووچاری گێچەڵپێکردنی سێکسی بوونەتەوە
بەهۆی ترس یان شەرمکردنەوەیە هەنگاویان بۆ
چارەسەرکردن نەناوە پاشان گەشتەکە بەرەو
ئاسیامان دەبات و لەڕاپۆرتێکی فەرمانڕەوای
یاباندا ئاماژە بەبەرزبوونەوەیەکی ئاشکراو
دیار دەکات سەبارەت بەو گێچەڵپێکردنانەی دژ
بەژنانی کارگەی یابان دەکرێت لەماوەی ساڵی
ڕابردوودا بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر
وەپشتئەستوور بەو ڕاپۆرتە تۆماری مەسەلەکانی
گێچەڵپێکردنی سێکسی کراوەتەوە لە شوێنگەی

کارکردندا بەوەی لەئاست بەرزبوونەوەدایە، ساڵی ١٩٩٩ بەرێژەی٪٣٥ بەبەراوورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩٨ وە زیاتر لەنیوەی ژنانی کارگەر دووچاری گێچەڵ بوونەتەوە و زۆربەیان سکاڵایان لەبەرپرسی کارەکەیان کردووە بەوەی هیچ لێپێچینەوەیەکی سزا یان بەربەستێکی لەبەردەم گێچەڵکردندا دانەناوە، بەپێی یاسای نوێی کار کە لەیابان دەرچووە لەساڵی ڕابردوودا ئاماژە دەکات بەوەی بەرپرسیارێتی لەکاری گێچەڵپێکردنی سێکسی لە شوێنی کارکردندا لەئەستۆی کارگێڕی کۆمپانیاکاندایە ئەوەش بەهۆی زیادبوونێکی بەرچاو لەتاوانەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسی لەم دواییەدا لە وڵاتدا بەتایبەت لەشوێنی کار کە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی پەرچەکرداری گشتی دژیان پاش ئەوەی لە ڕابردوودا جێی کەمترین بایەخدان بوو. پاشان هەندێ لە توێژەرە ئەکادیمیەکانی وڵاتی ( سین ) بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێن:بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا بەوەرگرتنی نموونەیەک لەژنان سەبارەت ئەو بێزاربوونە سێکسیانەی ژنان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەلایەن پیاوانی برادەریانەوە بەوەی ٪٤٨ یان دووچاری قسە، نوکتە، توانج و لۆمەی جنسی بوونەتەوە و ٪١٣ یان دیاری و پێشنیاز

خراوەتە بەردەمیان بەرامبەر بەپێکەوەبوون و پەیوەندی سێکسی، لە کاتێکدا ٪٢٦ لەوانە لە شوێنی کارەکانیان دووچاری دەستێوەردان ودەستگرتن و ماچکردن بوونەتەوە. لەهەمان لێکۆلینەوە ودەرئەنجامی شیکردنەوەی ٤٠ سکالاَ سەبارەت گێچەڵپێکردن دەرکەوتووە کە گشت پیادەکەری گێچەڵپێکردنە سێکسییەکان لەپیاوان ٪٩٠ یان لەتەمەنی سی ساڵیدان و زۆربەیان ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێناوە و ٪٦٧ یان سەرقاڵی پۆستی سەرکردایەتین و٪٧٧ی تەمەنی ئەوانەی دووچاری گێچەڵپێکردنی سێکسی بوونەتەوە ٢٢ تا٢٥ ساڵیدان و زۆربەیان سەرقاڵی پۆستی نوسینگەیی یان لەبواری تەکنیکیدا کاردەکەن، ئەمە جگە لەوەی گشت حاڵەتەکانی گێچەڵپێکردن لە شوێنگەی کاردایە و کەمینەی حاڵەتەکان لە شوێنگەی گشتی یان لەماڵدا ڕوودەدەن لەکاتێکدا ٢٥ ٪ ی ڕەوشتەکانی گێچەڵپێکردن بریتییە لەگرتن، تێکەڵبوون بەمەبەست، نوکتەی جنسی، قسەکردن پاشان داواکردنی پەیوەندی جنسی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

_ابراهیم قویدر_ ئاماژە بەوە دەدات پاش ئەوەی لە نیشتمانی عەرەبیدا ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی ترسناک سەرنجی بڵاوبوونەوەی بابەتێکی کرد

لەمـاوەی بەرزبوونـەوەی حاڵەتەکانی سـکاڵای ژنانـی بـواری کارگێڕی دژ بە لێپرسـراوەکانیان بەوەی لەژێر ناوی خوازیاردا گێچەڵیان کردووە و هەروەها لە میسـردا ژمارەکان ئاماژە بەمەترسی دەکەن و ئەوە بەئاگا دەهێننەوە کە لە نێوان سەد ژندا ٦٨ یان دووچـاری گێچەڵپێکردن دەبنەوە لە چوارچێـوەی کارکردنـدا گەر ئـەو گێچەڵپێکردنە زارەکیی یان جەستەیی بێت.

–عـزە سـلیمان– بەڕێوەبـەری سـەنتەری مەسـەلەکانی ژنانـی میسـر ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە دیـاردەی گێچەڵپێکردنـی سێکسـی لە ڕوانگەی هەسـتیاری مەسـەلەکەوە مەسەلەیەکی (بێدەنگبـوون)ی لـە کۆمەڵی میسـریدا پێکهێناوە بـەدەر لەنەبوونـی هۆشـمەندی سـەبارەت بەڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو شـتانە ئەمـە جگە لەوەی لـە جزائردا گێچەڵپێکردنی سێکسـی بۆتە مۆتەکانی ژنانـی کارگـەر و خوێندکارانی جزائر کـە ڕۆژانـە ئـازاری ژیانیـان دەدات بـەدەر لەو یاسـایەی تاوانباریان دەکات، ئەوەشە وایکردووە زۆربـەی ژنانـی جزائری بێدەنگبـوون هەڵبژێرن بەهۆی مەترسـیان لەناوزڕاندن لەنێو ئەو کۆمەڵە بێبەزەییـەی نـاوی ژنـان دەزڕێنـێ بێ ئـەوەی جیاکاریی بکات لە نێوان ئەوەی تووشی بووە یان

قوربانییــه، ئەوانــەی لە ناو زڕاندن ســڵناکەنەوە پیَش ئەوەی لــەدەرگای دادگاکان بدەن دەکەونە بیرکردنەوەیەکــی قووڵــەوە و زۆرێــک لە کچان و ژنانــی مغــرب دەناڵێنــن بەهــۆی بەربــڵاوی گێچەڵپێکردنــی سێکســییەوە کــە لــە زۆربــەی دامودەزگاکانــی کەرتــی تایبەتدا لەلایەن دەســت و پێوەنــدەکان و لێپرســراوانی کارەوە ڕوو دەدات بــەوەی زۆرجــار ئیســتغلالی دەســەڵات و پۆســتەکانیان کــردووە، پاشــان لەناوچەرگەی موســوڵمانانداکــە گــۆڕی دواپێخەمبــەری لێیــە بارودۆخــی ژنان بەهۆی نەبوونــی تێکەڵبوون لە شــوێنەکانی خوێنــدن، کار وجیاکردنەوەی تەواو لەنێوان هــەردوو ڕەگەزداو بوونی بیروباوەڕێکی چەســپاو لەلایــەن فەرمانڕەوایــان وگۆشــکردنی خەڵکەکــە بــەو بیروبــاوەڕە هــەر لەمنداڵیــەوە شــاراوەیی بەخــۆوە دەبینــێ، ئــەوەش ئــەوە ناگەیەنێــت کە لەم دیاردەیــەوە بەدووربن بەڵکو دەکرێت بووترێت ڕووداني لەئاســتێکی تەسکدایە و لەئاســتی تاکدا نەگەیشتۆتە دیاردە بەشێوەیەک لەگەڵ وڵاتانی دونیادا بەراوورد ناکرێت، سەرەڕای پارێزگاریکردنــی کۆمــەڵ بەڵام کرانــەوە و هاتنە دەرەوەی ژنــان بــۆ کارکردن لەهەندێ شــوێنی تێکەڵبوونــدا بۆتە مایــەی ئــازاری گێچەڵپێکردن

بۆیـان. لەبەدواداچونـی یەکێـک لەلاپەرەکانـی ئیمرۆی سـعودیە فەرمانبەرێک لەکەرتی تایبەتدا سـەبارەت بـەم دیاردەیـە دەڵێـت: زۆرێـک لـە هاوڕێیانـم پێیانوایـە لـەڕووی سـۆزدارییەوە ئیسـتغلالی پیاوانـی برادەرم دەکەم بەمەبەسـتی سوود وەرگرتنم لێیان سەبارەت بەجێبەجێکردنی پێداویسـتییەکانم لەماڵـەوە و دەرەوە کە ئەوەش دوورە لە ڕاسـتییەوە، گرفتەکـەی من تەنها ئەوە بوو کە وەک مرۆڤ مامەڵەم لەگەڵ ئەو برادەرانەدا دەکـرد چونکـە ناتوانم گومان یان نیـازی خراپم لەگـەڵ هیچ کەسـدا هەبێـت ئەگەرچـی لەهەمان کاتدا گومان لەهیچ کەسی دیکەش ناکەم ئەوەش بانگەشـەی یەکێـک بوو لـەو بـرادەرە دەروون نەخۆشانەی هەوڵی بەیەکگەیشتنی دەدا لە گەڵمدا لەسەر بناغەی تێڕوانینی هەڵە بە و بیروباوەڕەی پێـی وابـوو تەنها لەگـەڵ ئـەودا مامەڵەکردنێکی تایبـەت و کراوەم هەیە بەڵام کە ماندوو بوو بۆی دەرکـەوت کـە ئاماژەکانی بێسـوودە و ئیدی بە هەموو شێوازێک هەوڵی ناوزڕاندنمی دەدا بەوەی پەیوەنـدی لـە نێوانمانـدا هەیـە، لەلایەکـی دیکە سەرەڕای ئەوەی پێویسـتە نێوەندی نەخۆشخانە وبـوارە تەندروسـتییەکان بەگشـتی شـوێنگەی ئارامیـی ودڵنیاکەرەوەی هەر مرۆڤێک بێت کاتێک

دووچـاری نەخۆشـیەکی کاتـی یان هەمیشـەیی دەبێتـەوە بـەڵاَم خاتـوو (ب،ی ) بـە بێـزاری و نائومێدییەکی زۆرەوە باسـی لەوە کرد سەرەڕای ئەوەی تێگەیشتنی بۆ پیشەی پزیشک بە ئەرکێکی زانسـتی، مرۆڤایەتـی وئەخلاقیی....هتـد دەزانـی و هەمیشـە خوێندنـەوەی بۆیـان وەک مرۆڤێکی جیاواز ودڵسـۆز و پاک بوو بەڵام پێی وابوو گەر زۆرلێکردنـی خێزانەکـەی و ناچاری ونەخۆشـی کوشـندە زۆری بـۆ نەهێنێ سـەردانی پزیشـکی پسـپۆر ناکات چونکە دەڵێت: ئـەو کاتەی بێباکانە جەسـتەی خۆم خستە بەردەم پشـکنینی پزیشک ئەوپەڕی ئیستغلالی بێهێزی و نەخۆشییەکەمی کرد بێ هیچ هەسـتکردن بەبەرپرسیارێتییەک ئامێری پشکنینەکەی بەنێو سنگ و مەمکمدا دەبردو دەهێنا بەشـێوەیەک سەرسـامیی کردبـووم. نموونـەی هاوشێوەی خاتوو (ب) لە کۆمەڵگەدا زۆرن بەوەی دەرئەنجامـی ئـەو نێوەندە وایلێکـردون لەلایەک دووچـاری دڵەڕاوکـێ وخەمۆکـی وقێزەوەنیـی ببنەوە لەو بـوارەدا و لەلایەکی دیکە بەردەوام لە ململانێـدا بژین لە نێوان درکانـدن و نەدرکاندنی ئـەو دەسـتدرێژییانەی زۆرێـک لـە پزیشـکان لەپاڵ پیشـەکەیاندا ئیسـتغلالی نەخـۆش، هاوەڵی نەخـۆش.... دەکەن لەپێنـاوی تێربوونی لەزەتێکی

کاتـی خۆیـان بێئـەوەی لایەنی قوربانیـی بەهیچ شـێوەیەک بتوانێت لایەنی تاوانبار ئاشـکرا بکات چونکە دواتر قسەکردنی بێ بەڵگە هیچ ئەنجامێک نادات وهەر باسـێکیش لەو بارەیەوە پزیشـکەکە دەتوانێـت بێباکانە بەبیانووی پیشـەکەیەوە خۆی لـێ قوتار بکات بەدەر لـە بڕواپێنەکردنی لەلایەن دەوروبـەر و کۆمەڵگـەوە بەهـۆی مێینەبوونێوە، بێگومان ئەوەش پەیوەستە بە ناوشیاری کۆمەڵگە و کولتـوور و داب ونەریتـی بـاوەوە دەرئەنجام لەڕوانگـەی ئـەو تێڕوانیـن و بیروبۆچوونانـەوە ژنـان بەگشـتی لەئاسـت ئـەو گێچەڵپێکردنانەی ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە دووجـۆر هەڵوێسـت وەردەگرن: بێدەنگبوون یان درکاندنی ڕاستییەکان کە ئەنجامیی هەردووبارەکە نائارامیی و پەشێوی دەروونیی بۆ ژنـان لێدەکەوێتەوە چونکە دواجار ئـەوە کۆمەڵگەیە بەرپرسـیارێتی یەکـەم و عەیبە دەخاتە ئەسـتۆی ژنان و بەشێوەیەک لێکدانەوەی بـۆ دەکات کـە گێچەڵپێکـردن بـە ژنـان تەنهـا بەرپرسـیارێتی پیاوان نییە بەڵکـو بەپلەی یەکەم لـە ئەسـتۆی خۆیاندایە، لەو ڕوانگەیەی دەشـێت ڕەوشـتێک یان هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوی ژنان هانـدەر بووبێت بۆ گێچەڵپێکـردن پێیان بێگومان ئەوەش بـەردەوام تێڕوانینێکی دادپەروەرانە نییە

وهۆکارەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی لەزۆربەی کۆمەڵگەکانـدا ژنـان بەچاوێکـی نزمتـر وکەمتر ولاوازتر سەیردەکرێت بۆیە بەردەوام وادەزانرێت سـەرچاوەی هەمـوو هەڵەیەک ژنانە و هەمیشـە ڕاستی وڕاستگۆیی لای پیاوە، بۆیە گەر شوێنگەی پێگـەی ژنـان لەبارودۆخێکی یەکسـان بوایە ئەو کاتـەش کۆمەڵگە گوێڕایەڵی بـۆ ژنانیش دەکردو تێڕوانینیش بۆی تێڕوانینێکی دادپەروەرانە دەبوو بێ هیچ لایەنگیری لایەک و فەرامۆشکردنی لایەکی دیکە.

**سەرچاوە:**

التحرش الجنسي بالمرأة

# ڕێبەری هەشقکردن بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژیی

بەشێوەیەکی گشتی سەدەی بیستەم بە دیاردەی توندوتیژیی دەناسرێت، بەشێوەیەک کە هیچ ناوچەو شوێن و ڕۆشنبیرییەک لێی بەدەر نابێت، شێوازی توندوتیژییەکەش زیاتر ڕووبەڕووی ژنان و منداڵان و بەساڵاچووان دەبێتەوە، واتە چین و کۆمەڵە لاوازەکانی کۆمەڵگە کە پێویستە بپارێزرێن و بایەخی زیاتریان پێبدرێت،

بوونی توندوتیژیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەجەنگەڵستان دەشوبهێنێ، لەو کاتەی توندوتیژیی دەبێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ قایلبوون، سەلماندن، ئاخاوتن و دیالۆک توندوتیژیی دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر ئەقڵی مرۆڤایەتیی.

جۆرەکانی توندوتیژیی زۆرن و بەپێی شوێنی ڕوودانی جیاوازیی بەخۆوە دەبینێ، لەوانە توندوتیژیی دامەزراوەیی، کۆمەڵگەیی، سیاسیی و خێزانییی.

توندوتیژیی خێزانیی بە بەناوبانگترین جۆری توندوتیژی دادەنرێت، گەر دژ بەژنەهاوسەر یان کوڕان و کچان ئەنجامبدرێت.

ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠١ دا ئاماژەی بەوە کردووە لە نێوان هەر سێ ژنێکدا ژیانــی یەکێکیان دووچاری یەکێک لە شــێوەکانی توندوتیژیــی بۆتەوە، گــەر بەشــێوەی لێدان یان ئابڕووبردن یاخود دەســتدرێژی سێکسی وخراپ مامەڵەکردنــی بووبێت، هەروەها ســاڵانە ژمارەی ئــەو ژنانــەی دووچــاری توندوتیژیــی خێزانیــی دەبنــەوە بەنزیکــەی دوو ملیــۆن ژن ناوزەنــد دەکرێــن و ڕێژەی(٪٧٠) ی کۆمەڵگــە پێکدەهێنن، جگــە لــەوەی(٪٢٥) ی هۆکارەکانــی ئــەو جۆرە توندوتیژییانە لەهەوڵی خۆکوژی ژناندا بەرجەستە بــووە، جگــە لــەوەی لــەم دواییــەدا و لەوڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕێژەی توندوتیژیی بەم شێوەیە بووە:

-(٪٩٥)ی توندوتیژییــەکان ڕووبــەڕووی ژنەهاوســەرەکان بۆتەوە، لەکاتێکـدا تەنیا(٪٥) ی ڕووبەڕووی مێردەکانیان بۆتەوە.

-بەهەمــان شــێوە و نزیکتــر لــەو ڕێژەیــەوە ئەوروپا دەگرێتەوە، بەڵام لەکۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەمدا لەوانە ئوردن ڕێژەکە بەم شێوەیە بووە:

-(٪٩٧)ی ڕووبــەڕووی ژنــە هاوســەرەکان بۆتەوە و(٪٣) ی دژ بە مێردەکانیان ئەنجامدراوە، جگە لەوەی ناساندنی کێشەی توندوتیژیی خێزانیی

بەتایبەتی دژ بەژنان لەسەرەتای حەفتاکاندا بووە، وە زۆرێــک لەلێکۆڵینــەوەکان هەوڵی دیاریکردنی قەبــارەی کێشــەکە و هۆکارەکانیانــداوە، بــەڵام دەرئەنجامەکانی سنووردار بووە.

**دەستپێکی مێژوویی**

کێشەی توندوتیژیی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لەخۆگرتــووە، چونکە مێژوو پــڕە لەو نموونانەی بونەتە هــۆی لەناوچوونــی مرۆڤایەتیی بەرامبەر بەکەســە لاوازەکان بەگشتی و ژنان و منداڵان بە تایبەتی.

لەکۆنــدا بــێ بوونــی هیــچ مافێــک منــداڵ بەموڵکیەتــی تایبەتی باوانیــان دادەنران و دەبوو پێوەی پەیوەستبن  هەروەک چۆن ژنان بەموڵکی مێردەکانیان دەزانران.

هەروەها عەرەبەکان لەپێش ئیسلامدا لەترسی شــەرمەزاریی و عەیبــە کچەکانیــان بەزیندوێتی زیندەبەچاڵ  دەکرد....

بەدەر لەدەوڵەتــە عەرەبییەکانیش توندوتیژیی لەوڵاتانــی تریشــدا بوونــی هەبووە، بــۆ نموونە لەخێزانــی پێنجەمــی ســەردەمی فیرعەونییەکاندا ڕێگە بەفرەژنی دراوە، بەو شێوەیە ژنان دەبوونە ژێر دەستەی گەورەترین کوڕیان کە بەدەستکەوتی

کــوڕی گەورە ناســرابوو و میراتەکانیش تەنیا بۆ ئەو دەمایەوە.

هەروەها ژنانی یۆنانی لەلای یۆنانییە کۆنەکان مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە، جگە لەوەی بەنەنگییــەک لەکاری شــەیتان دەزانران و لەکاتی ڕوودانــی هەر ســەرنەکەوتن و نوشوســتییەکدا کچــان دەکرانــە قوربانیــی پەیکــەرەکان، وێڕای ئەوەی لەشاری (ئەسبرتە)دا و لەکاتی لەدایکبوونی دە کچــدا، حەوتیــان لەلایــەن باوکەکانیانــەوە دەکوژران.

هەروەهــا شارســتانییەتی ڕۆمانییــەکان پێیانوابــووە کــە ژنــان دەبێت نەگۆشــت بخۆن، نەپێبکەنــن و نەقســەش بکــەن، جگــە لــەوەی بەنەنگییــەک لــەکاری شــەیتان دادەنــران، بۆیــە پێیان وابووە شــایەنی ڕیســوایی و کەنەفتیین لە کۆمەڵگەدا و بەپێویســت زانراوە کە گشت ژیانیان لەخزمەتکردنی مێردەکانیاندا بێت وکڕنۆشــبەری پەیکەرەکان بن.

لەوڵاتی هندا چارەنووســیی ژنان گرێدراوی چارەنووسیی مێردەکانیان بووە بەشێوەیەک ژنێک پــاش مردنی مێردەکەی لەژیــان بێبەش دەکرێت، بۆیە ناچار دەبێت خۆی فڕێداتە نێو ئەو دارەی بۆ سووتاندنی جەســتەی مێردەکەی ئامادەکراوە تا

بەزیندویتی لەگەڵیدا بسووتێ، هەروەها کۆمەڵگەی هندۆســی ڕیســوای پیاوێک دەکات کە لە خێزاندا وتوویژ لەگەڵ ژنەکەی بکات.

لەئەوروپادا ژنان ملکەچی شێوازی کۆیلایەتی بوون بەشــێوەیەک تاساڵی(١٧٩١)ی م نەیانتوانی بوێرانــە دەنگیــان بەرزبکەنــەوە، جگــە لــەوەی تاکۆتایی سەدەی هەشــتەمی میلادی کچان مافی هەڵبژاردنــی هاوســەریان نەبــووە، بەو شــێوەیە تاساڵی(١٨٨٢)ی م لەمافی موڵکییەت بێبەشبوون، وە یاسای ئینگلیزیی ســاڵی(١٨٠١) بەبڕی شەش بنســات ڕێــی بەفرۆشــتنی ژنەهاوســەر دەدا بەمەرجی ڕەزامەندیی مێردەکەی و ئەو یاسایەش لەســاڵی(١٨٠٥)دا پووچەڵکرایەوە، بەو شــێوەیە لەبەریتانیادا ژنان نیوەی کرێی پیاویان وەردەگرت تاســاڵی(١٩٧٨) م وە تــا ســاڵی(١٩٤٥) یش مافی دەنگدانیان بەدەست نەهێنا.

ئەوەی جێــی ئاماژەیە بایەخــدان بە دیاردەی توندوتیژی خێزانیی مەســەلەیەکی نوێی ڕێژەییە، بەشێوەیەک ساڵی ١٨٧٥لە نیویۆرکدا کۆمەڵەیەک دامــەزرا بۆ بەرگرتنــی زۆرداری لەســەر منداڵ، ساڵی ١٨٩٩ لە ئینگلترا کۆمەڵەی مەلەکی دامەزرا بۆ هاوڕێیەتی منداڵان.

هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش لەرۆژنامە

و کتێــب و ئێزگە بینراو و بیســـتراوەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەجوڵانی هەســتی میللەتان ڕووەو توندوتیژیی دژ بەمندالان و ژنان لەڕێی زیادکردنی بڵاوکردنـــەوەی ئـــەو حاڵەتانـــەی دووچـــاری توندوتیژیی بوونەتەوە.

**پێناسەی توندوتیژیی:**

لـــەڕووی مێژووییـــەوە وشـــەی توندوتیژیـــی (violence) وشـــەیەکی لاتینـــی و لێکـــدراوە بە(vis) واتە (هێز) کە ڕابردووی وشەی(fero)یە و بەمانـــای هەڵگـــر دێـــت، بـــەو واتایەی وشـــەی توندوتیژیی بەمانای هەڵگری هێز دێت کە کەسێک بەرامبەر کەســێکی تر یان بەرامبەر هەر شــتێک بێت پیادەی دەکات.

**پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ توندوتیژیی:**

بەکارهێنانـــی ئەنقەســـتی هێزی بـــازووە یان هەڕەشـــەکردنە بـــە بەکارهێنانـــی دژ بەخۆی یان کەسێکی تر یاخود دژ بەکۆمەڵێک یان کۆمەڵگەیەک کە دەبێتە هۆی یان لەوانەیە ببێتە هۆی برینداربوون یان ئـــازاری جەســـتەیی یاخود پەرەنەســـەندن و بێبەشـــبوون کە دەبێتـــە هۆی چاوپۆشـــیلێکردنی

بەرژەوەندیی تاکەکان، خێزانەکان و کۆمەڵگەکان.

**توندوتیژی خێزانیی:**

ڕەفتارێکی دوژمنکارانەیە بەرامبەر یەکێک لە تاکەکانی خێزان ئەنجامدەدرێت و لەکاتی دەرچوونیدا بۆ دەرەوەی چوارچێوەی خێزان سزای یاسایی دەبێت گەر ئەو ڕەفتارە جەستەیی یان سێکسی یاخود دەروونیی و کۆمەڵایەتی بێت.

## شێوەکانی توندوتیژیی

**-توندوتیژیی جەستەیی:**

بەکارهێنانی هێزە بەشێوەیەکی مەبەستدار نەک ڕێکەوت، وەکو بەشێک لەمامەڵەکردنی باوکان یان کەسێکی تر لەبری خۆی بەرامبەر بە منداڵەکەی یان ژنە هاوسەرەکەی بەمەبەستی ئازاردانیان.

**-توندوتیژی سێکسی:**

بەکارهێنانی جەستەی کچانە لەلایەن گەورەکانەوە لەپێناوی تێربوونی ئارەزووە سێکسییەکانیان لەڕێگەی هێرشکردنی ڕاستەوخۆ

یان ترساندنیان یاخود لەڕێگەی گەمەکردنەوە.

**-زیناکردنی کەسوکار:**

پێک گەیشتنی سێکسییە لەنێوان ئەو کەسانەی لـەڕووی کۆمەڵایەتـی و ئایینیـەوە ناشـێت هاوسەرگیریی ئەنجامبدەن.

**-توندوتیژیی گیانی:**

یەکێکە لەڕەفتارە دەروونییە ڕوخێنەرەکان کە لەم پێنج خاڵەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

**-ڕەتکردنەوە:**

بەمانای ڕەتکردنەوەی خێزان دێت سـەبارەت پەیبردن بەبەهای منداڵ یان ژنان.

**-ئەشکەنجەدان:**

بەشێوەیەکی زارەکیی لەڕێی خێزانەوە هێرش دەخرێتـە سـەر منـداڵ یـان ژنان بەشـێوەیەکی وا کەشـوهەوایەکی پـڕ لەتـرس و مەترسـیی لەدەوروبەریاندا دەخوڵقێنێت.

**-کەلاخستن:**

ڕێگریی لەمنداڵ یان ژنان دەکرێ بۆ وەرگرتنی شـارەزایی کۆمەڵایەتی سروشتی ئەوەش لەڕێی

ڕێگریکردنی لەدروستکردنی هاوەڵ و باوەڕهێنانی بەوەی تەنیایە لەجیهاندا.

**-فەرامۆشکردن:**

لێرەدا منداڵ یان ژنان بێبەشدەکرێت لەو ڕەفتارە وریاکەرەوانەی پێویستییان پێیەتی کە دەبێتە هۆی سەرنەکەوتن و شکست لەوەڵامدانەوەی کۆمەڵایەتیدا بەڕێگەیەکی گونجاو، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی کەمیی گەشەی هەڵچوون و ئەقڵی و زانیاریی.

**-شێواندن:**

لەم ڕێگەیەوە منداڵ یان ژنان بەرەو ڕەفتارێکی دژ بەکۆمەڵگە دەچن و لەهەمانکاتدا خێزان هاندەری ئەو ڕەفتارە لادەرەیان دەبێت.

## شێوازەکانی توندوتیژیی ئەمانەن:

**-جەستەیی:**

وەک لێدان، ڕاکێشانی قژ، بۆکس، خنکاندن، گاز و کوشتن.

**- سێکسیی:**

وەک پەنابردنـــی ئەویتــر ڕووەو نزیککردنەوە بەزەبــری هێز یان هەڕەشـــەکردن بــۆ هێنانەدی پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ کچانداو گێچەڵپێکردنیان لـــەڕووی سێکســـییەوە، جنێــودان بەئاخاوتنـــی ناشـــیرین بۆ ناچارکردن و ئەنجامدانی کردەوەی سێکسی کە لەلای کەسێک جێی قبووڵ نەبێ.

**- کۆمەلایەتی:**

وەک ســـەپاندنی گەمارۆی کۆمەلآیەتی لەسەر کەســـەکان، تەســـککردنەوەی پەتـــی خنکانـــدن و دەرفەتی کارلێکردنی لەگـــەڵ جیهانی کۆمەلآیەتی دەرەوەداو کەمتریـــن ئاســـت بـــۆ تێوەچوونـــی لەکۆمەڵگەدا.

**- دەروونی:**

وەک جنێودان، فەرامۆشکردن، چاودێرییکردن، ڕیسواکردن، بەگیرهێنان، وەسفکردن بەقسەکردنی ســـووک، تاوانبارکردنی بەخـــراپ و خراپەکردنی بەگومان.

## *ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی توندوتیژیی:

-١ ئـەو توندوتیژییـەی لەڕێـی نەوەکانـەوە دەگوێزرێتەوە(بۆماوەیی):

لێکۆڵینەوەکان بایەخێکی زۆر دەدەن بەڕووداو و شارەزاییەکانی لەکاتی منداڵیدا دووچاریی دەستدرێژیی بۆتەوە، بەشێوەیەک لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە (٢٢٪) بۆ (٩٠٪) ی باوکانی دەستدرێژیکار بۆ سەر منداڵەکانیان ئەوانەن کە بەمنداڵی دووچاریی دەستدرێژیی جەستەیی بوونەتەوە لەلایەن باوکیانەوە، لە لێکۆڵینەوەی ساڵی(١٩٩٩) دا کە لەمیسر وحەزەری پارێزگای ئیسماعیلیەدا لەلایەن فاتمە و کەسانی ترەوە ئەنجامدرا سەبارەت بەخێزانیی میسری دەرکەوتووە ئەو باوکانەی لەکاتی منداڵیاندا دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە هێندەی دوانزەجار هەمان ئەو توندوتیژییانە بەکاردەهێننەوە بەبەراوورد بەوانەی لەژیانیاندا دووچاریی توندوتیژیی نەبوونەتەوە (حەوت هێندە لەحاڵەتەکانی توندوتیژیی جەستەیی و پێنج هێندەی تر لەحاڵەتەکانی توندوتیژیی گیانی).

هەروەها لێکۆڵینەوەکان بەربڵاوی ڕەفتاری

تاوانبارییان لەدوانەکاندا بەدیکردووە بەتایبەت لەو دووانانەی کورن، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکان هیچ جیناتێکی شازی جیاکەرەوەیان بەدینەکردووە کە تایبەت بێت بەدووژمنکاریی.

### ٢- خەسڵەتی دەستدرێژکاران:

ئەو خەسڵەتانەی دەستدرێژکاران لەکەسانی تر جیادەکاتەوە زۆرن لەوانە:

نرخدانانی خراپ بۆ خود، هەستکردن بەگۆشەگیریی، نارەحەتی لەهەموارکردنی خەفەکردندا، دوانەخستنی ئارەزووەکان، نارەحەتی لەزاڵبوون بەسەر توورەبووندا، دڵڕەقی، دووژمنکاریی، کەمیی توانا ژیرییەکان و پشتبەستنی بەفیڕۆدەر بەکەسانی تر، وە ناکرێت بوونی تێکچوونە دەروونییەکان فەرامۆش بکرێت بەتایبەت دلەڕاوکێ، خەمۆکیی، وەرگرتنی مادە مەست و بێهۆشکەرەکان وەک هۆکاریکی ڕاستەوخۆ و گرنگ بۆ ڕوودانی ئەو دەستدرێژکردنانە، هەروەها تەمەنی دایک یان باوک دەگرێتەخۆ لەکاتی هاوسەرگیرییدا و بوونی دایک

یـان باوک وەک تاکە باوان بـۆ منداڵ، دووچاری دەکاتــەوە بۆ شــارەزابوونی خــراپ مامەڵەکردن لەکاتــی منداڵیــدا  بەیەکێک لەهــۆکارە گرنگەکانی ڕوودانی ئەو دووژمنکارییە دادەنرێت.

**-٣ ژنـــان زیاتر ڕووبـــەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە:**

**-هێیەنەکان:**

(٨٥٪) ی ژنــان لە لایــەن پیاوانەوە دووچاری توندوتیژیی دەبنەوە.

**-تەمەن:**

بڵاوبوونەوەی توندوتیژیی زیاتر تەمەنی(١٨-٢٩)ساڵ دەگرێتەوە.

**- کار:**

ڕێــژەی توندوتیژیــی خێزانیــی لە نــاو ژنانی کارکردوو لەدەرەوەی ماڵ کەمترە وەک لە ژنانی ناو ماڵ.

**-شوێنی نیشتەجێبوون:**

لەناوچــەی ســەعیددا زیاتــرەو ڕێژەکــەی بریتییــە لــە(٤٢,٢) وەک لەناوچــەی بەحــری بەڕێژەی(٪١١,٥).

بوونی نەخۆشییەکی دەروونیی یان ئەندامێتی درێژخایەن یاخود کەموکوڕیی ئەقڵیی.

**-٤ خەســڵەتی ئەو خێزانانەی دووچاریی توندوتیژیی دەبنەوە:**

**یەکەم / خوێندن:**

توندوتیژیــی خێزانیی لەو بــاوک و مێردانەدا بڵاودەبێتــەوە کــە نەخوێنــدەوارن یــان ئاســتی خوێندنیــان نزمــە بەســێ هێنــدەی ئەوانــەی خوێندەوارن.

**دووەم / باری ئابووری و کۆمەڵایەتی:**

نزمبوونەوەی ئاســتی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزانــەکان بەفاکتەرێکــی گرنــگ دادەنرێــت لەبڵاوبوونــەوەی توندوتیژیــی خێزانیــدا، چونکە هەژاریــی دەبێتــە هــۆی زیادبوونــی ژمــارەی قەیرانــەکان لەکاتــی ژیانداو پەیوەندیــدار دەبێت

بەنزمبوونەوەی سەرچاوەکانی پشتیوانیی ماددی و کۆمەڵایەتـی لەکاتی ڕوودانی قەیرانەکاندا، جگە لەکەمیی تەمەنی باوکان و دایکان، تەشـەنەکردنی مادده سڕکەر و بێهۆشکەرەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی ناکۆکیی ژن و مێردەکان.

**سێیەم / فشارە جووڵەییەکان:**

فشـارەکان ئەمانـە دەگرێتـەوە: حەوانـەوە، کێشـەکانی دارایـی، قەرەباڵغـی زۆر، ماڵـی نائامادەکراو، کەمیی تەمەنی هاوسەرەکان، فشاری کار، هەروەها کێشە هاوسەرگیرییەکان بەتایبەتی درێژخایەنەکان بەگەورەترین فشـار دادەنرێت و دەبێتە هۆی توندوتیژیی دژ بەمنداڵان.

**چوارەم/ وەرگرتنی مەی و مادده سڕکەرەکان:**

ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهانـی لەڕاپۆرتی سـاڵی(١٩٩٢)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە(٩٧٪)ی حاڵەتەکانی توندوتیژیـی نێو خێزانەکان لەڕێگەی کەسـایەتیی ئالـوودەوە ڕوودەدات، هەروەهـا ئاشکرابوونی توندوتیژیی خێزانیی لەو خێزانانەدا بەدیدەکرێت کە باوکەکانیان فرۆشیاری مەی یان مادده بێهۆشکەرەکان بوون.

لەلێکۆڵینەوەیەکی ساڵی(١٩٩٧)دا کە لەمیسر ئەنجامدراوە دەرکەوتووە منداڵانی ئالوودە زیاتر دووچاریی وازهێنان دەبنەوە لە خوێندن بەتایبەتی کچان، ئەوەش بەهۆی پێویستیان بەدابینکردنی نانی ڕۆژانە یان بۆ بایەخدان بەخوشک و براکانیان یاخود ناچارکردنیان بەکاری لەشفرۆشی.

**پێنجەم / قەبارەی خێزان:**

یەکێکە لەفاکتەرە گرنگەکانی دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی بەتایبەتی لەلێکۆڵینەوە میسریی و عەرەبیەکاندا، ئەم دیاردەیەش زیاتر لەنێو ئەو خێزانانەدا بەربڵاوە کە ژمارەیان زۆرە.

**٥- فاکتەرە ژینگەییەکانی توندوتیژیی:**

بەشێوەیەکی گشتیی ژینگە لەزۆربەی لایەنەکانی ژیاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و بەشێوەیەکی تایبەتی کاریگەریی دیاری هەیە لەدەرکەوتنی کێشەی توندوتیژییدا و دەکرێت سوود لەزۆرێک لەو تیۆرانە وەربگیرێت کە باسیان لەو بوارە کردووە.

**١- تیۆری فشاری ژینگەیی**

ئـەم تیـۆرە پێیوایـە فشـارە ژینگەییـە جۆربەجـۆرەکان کاریگەریی هەیـە ئەگەر هاتوو لەڕێـی ژاوەژاو یـان جەنجاڵـی، یاخـود بەهۆی پیسـبوون و جیاوازی فیزیکی فشاری ژینگەییەوە بێـت، بەو واتایـەی ئـەو مرۆڤـەی لەژینگەیەکدا دەژی بەهـۆی زۆرێـک لەکێشـە ژینگەییەکانەوە دەناڵێنێـت وەک جێنشـینی ناوچـە هەڕەمەکی و جیاوازەکانەوە کە دەناڵێنێت بە جەنجاڵی و خراپی باری نیشتەجێبوونەوە، جگە لەکەمی تایبەتمەندێتی و خزمەتگوزاریی و پێداویستییەکانی ئەو ژینگەیە کە ڕووە و توندوتیژیی پاڵ بەمرۆڤەکانەوە دەنێت، شـتێکی سروشتییشـە ئەگـەر ئـەو توندوتیژییە ئاڕاسـتەی کەسـایەتییە لاوازەکانی نێو کۆمەڵگە بکرێت کەژنان و منداڵانن.

## ٢- تیۆری نزمخوازی کۆمەڵایەتی

ئەم بیردۆزە وایدەبینێـت ناکۆکییەکانی نێوان مرۆڤـەکان بەزیادبوونـی دانیشـتوان ڕوو لـە زیادبـوون دەکات بەرێژەیەکی گەورەتر لەڕێژەی زیادبوونی سەرچاوە ژینگەییەکان، لێرەوە ناکۆکی و کێبڕکێکانی نێوان مرۆڤەکان دەسەپێت سەبارەت سەرچاوە دیاریکراوەکان و بەو شێوەیەش ڕووە و توندوتیژیـی دەگۆڕێت، ئەوەش یەکانگیربۆتەوە

بەوەی لەمیسر ڕوودەدات، بەشێوەیەک ئەو بنەچە کشتوکاڵییەی میسر دەشێت لەدوورەوەو لەسنووری(٦ ملیۆن) دۆنمدا بێت، پاشان ژمارەی دانیشتوان چەندجارێک دوو هێندە بووە، لەکاتێکدا ئەو بنەچەیە بەشێوەیەکی کاریگەر زیادی نەکردووە، بەو شێوەیە تێبینی نزمبوونەوەی چانسی تاک دەکرێت لەداهاتی نەتەوەییدا کە لەکۆتاییدا یارمەتیدەر دەبێت لەزیادکردنی دیاردەی توندوتیژیی لەمیسردا بەشێوەیەکی گشتیی و ڕووەو ژنان و منداڵانیش بەشێوەیەکی تایبەتی، چونکە بە کۆمەڵەی لاوازی کۆمەڵگە دادەنرێن.

### ٣- تیۆری بێبەشبوونی ژینگەیی

ئەم تیۆرە پێیوایە ئەو ژینگەیەی پێداویستیی تاکەکانی تێر ناکات هەستی بێبەشبوونیان تیا دەچێنێت و بەرەو توندوتیژیی پاڵیان پێوە دەنێت، بۆ نموونە دەشێت تێبینی ئەوە بکرێت ناوچەی سەعید لەمیسردا وەک ژینگەیەک بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەبێبەشبوون دەناڵێنێت بەبەراورد بەناوچەی ئاویی لەمیسردا لە زۆرێک خزمەتگوزاریی و پێداویستی و بوارەکانی وەبەرهێنان، بۆیە تەشەنەکردنی توندوتیژیی لەناوچەی سەعیددا زیاترە وەک لەناوچەی

ئاویی.

**٤- تیۆری دابڕکانەوە**

ئـەم بیـردۆزە بـاس لـەوە دەکات کـە ئـەو ژینگەیەی دەبێتە هۆی خەفەکردنی تاکەکان بەرەو توندوتیژیی ڕاکێشـیان دەکات، بـەو واتایەی ئەو دەوروبـەرە ژینگەییـەی یارمەتیـدەری تاکەکانی نابێت بۆ هێنانەدی خودی خۆی و سـەرکەوتنیان بـەرەو توندوتیژیی ڕاکێشـیان دەکات، نموونەی ئەوەش دەبینین ئەو ژینگەیەی بەهەندێک لەلاوان گەمـارۆدراوە یارمەتیدەری نابێـت لە دابینکردنی کار یـان داهاتـی گونجـاو، یاخـود نیشـتەجێ و بنیادنانـی خێـزان و دەرئەنجامـی گشـت ئـەو خەفەکردنانـەش سروشـتییە کۆمەڵێک لەگەنجان ببینین مەیلـی توندوتیژیان هەبێت بەشـێوەیەکی گشـتی و بەتایبەتیش ڕووەو ژن و منداڵ بەهۆی ئەوەی بە کۆمەڵەی لاواز وەسف دەکرێن.

**٥- تیۆری فەرامۆشکراوەکان:**

ئەم تیـۆرە پێیوایە ژینگە فەرامۆشـکراوەکان یارمەتیدەرن بۆ توندوتیژیی، لەبەر ئەوەی ناوچە فەرامۆشـکراوەکانی لەدەوروبـەری شـار یـان لادێکانـدا دروسـتدەبن و لەهەمانکاتدا بەدەسـت

وەلاخستنی دەوڵەتەوە دەناڵێنن بەهۆی بایەخنەدان بەپێداویستی و خزمەتگوزارییەکانیان، هەموو ئەوانە هەستی فەرامۆشکردن و بایەخنەدان لە ناخی دانیشتواندا دەچێنێت، بەشێوەیەک دەبێتە هۆی لاوازی و ئارەزووکردنیان بە تۆڵەسەندنەوە و پاشان بەرەو توندوتیژی هەنگاو دەنێن، جگە لەوەی ئەوانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە فەرامۆشکراون وەک کۆمەڵەی ( خۆڵڕێژەکان ) هەمان هەستیان تێدا دروست دەبێت ولە کەسانی توندوتیژتر دەبن.

### ٦- تیۆری فێرکردن:

ئەم تیۆرە پێی وایە توندوتیژی ڕەفتارێکە کە بەهۆی چوارچێوەی ژینگەوە وەریدەگرێت وفێری دەبێت گەر لە ڕێی پیادەکردنی تاکەکان بێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە ژیاندا یان لەشاشەوە بێت، وە بێگومان فیلم و زنجیرەکانی توندوتیژی لەسەر شاشە یارمەتیدەرە لە زیادبوونی ئەم دیاردەیە.

### ٧- کاریگەری وەرزەکانی کەشوهەوا:

توندوتیژی لە وەرزی هاویندا تەشەنە دەسێنێت بە ڕێژەی ( ٣٣،٧٪ ) زیاتر لە زستان کە ڕێژەکەی (١٧،٧٪) وە لە ڕۆژدا زیاتر لە شەو کە ڕێژەکەی

(٥٦٪): (٤٣،٩٪).

چۆن توندوتیژی دەرهەقکـراو مامەڵە لە گەڵ توندوتیژیدا دەکات لە ڕووی دەروونییەوە

زۆربەی ئەو کەسانەی هێرشیان کراوەتە سەر کارلێکردنـی دوژمنکارانەیان لەگەڵ باوک و دایک و مێردەکانیانـدا دەبێتە تاکە پەیوەندی ناسـینیان تا پێکگەیشـتنیان بمێنێ، بۆیـە توندوتیژی تیایاندا دەوروژێت وبە جۆرێک لە پەیوەندیەکی مازوخی و وێرانکەرانەی خود پەردەپۆشی دەکەن

## کاریگەری توندوتیژیی

توندوتیژیی کاریگەرییەکی فەوتێنەری لەسـەر وەزیفـە دەروونییەکان هەیە، وە شـاردنەوەی یان ڕەتکردنەوەی لەنێو خێزاندا وا لە مرۆڤەکان دەکات نەتوانن مامەڵە لەگەڵ فشارە توندەکاندا بکەن.

جگـە لـەوەی دووبارەکردنـەوەی توندوتیژیی سێکسی یان ئەوەی باوکان دەبنە هۆکاری کاریگەریی دەروونی بەهێز و لاوەکیان بەخۆوە ڕاکێشکردووە، وەڕاکێشکردنی توندوتیژیی جەستەیی بەتوندوتیژیی سێکسییەوە وا لەکاریگەرە ڕاستەوخۆ و پاشەنگەکان

دەکات ســەختتر بێت، هەروەها هەستکردنی بەهێز بەتاوان لەکاتی ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسییدا وا دەکات وازهێنانی سەخت بێت، ئەگەرچی کاریگەریی دەبێــت بەســەر ژیانــی داهاتــووی لاقەکراوەکاندا بەشێوەیەکی کەمتر لەتوندوتیژیی جەستەیی و ئەو ڕێکنەکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ فریودانی ڕەتکردنەوە و ترس لەشورەیی کۆمەڵایەتی.

وێڕای ئــەوەی لێکۆڵینەوەکان ئەوە بەدیدەکەن کە ئەو نەخۆشــانەی بەدەســت شــلۆقە دەروونییە بەهێزەکانــەوە دەناڵێنــن بۆتــە هــۆی گلدانەوەیان لەنەخۆشخانەکانداکە زۆرجار مێژوویەکی پێشتریان هەیە لەگەڵ ئەو توندوتیژییانەی دووچارییان بۆتەوە لە کاتی منداڵیدا یان لەلایەن هاوسەری ژیانیانەوە.

## کاریگەرییە دەروونییەکانی توندوتیژی ئەمانە دەگرێتەوە:

-لەدەســتدانی بــاوەڕ بەخۆبــوون لەلایــەن کەسەکانەوە، هەروەها ڕێزگرتن لەخۆی.

-هەســتکردنی کەسێک بەتاوان سەبارەت بەو کارانەی ئەنجامی دەدات.

-هەستکردن بە پشتبەستن بە ویدی.

- هەستکردن بەخەفەکردن و خەمۆکی.

-هەستکردن بە بێتوانایی.

-هەستکردنی بەسەرپێشۆڕکردن و نەنگی.

-دەرکەوتنی نەخۆشییە دەروونیی و جەستەییەکان.

- هەستکردن بەئارامی و ئاشتیی دەروونی و عەقڵیی.

-هەستکردنی بە لەدەستدانی دەستپێشخەری و توانای بڕیاردان.

**بەناوبانگترین شڵوقە دەروونییەکانی بەرهەمهێنەرن بۆ توندوتیژیی بریتیین لە:**

**یەکەم:- شلۆقی و نیشانەکانی خەمۆکیی**

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەوانەی دەستدرێژیی خراوەتە سەریان زیاتر خەمۆک و کەمتر نرخ بۆ خۆیان دادەنێن و دەشێت ببێتە هۆی هەوڵدانی خۆ لەناوبردن، ئەوەش لای هەرزەکاران و پێگەیشتووان ڕوو لەزیادبوون دەکات.

**دووەم:- شلۆقی هەڵسوکەوت**

پەروەردەکردنی توند کە منداڵ بێزار دەکات و لەڕووی جەستەییەوە سزا و ئازاری

دەروونیی دەدات گەشــە بە لایەنی دووژمنکاریی دەدات و لەهەمانکاتدا وایلێدەکات ســەرنەکەوتوو بێــت لەپەرەپێدانی زاڵبوونی بەســەر توورەیی و دووژمنایەتیدا.

ئەو منداڵەی دووچاری توندوتیژیی بۆتەوە بە رادەیەکی زۆر و جیاواز دوژمنایەتی لە ئەندێشەیدا هەیە، جگە لەوەی لەدەرەوەو ناوەوەیدا رەفتارێکی دووژمنکارانەی بەهێزی تێدایە.

هەروەهــا پەیوەندیەکــی کۆمەڵایەتــی تێکشــکاویان لەگــەڵ خــزم و کەســوکاردا هەیە، بەدەســت گێرەشێوێنی و تێکچوونی بەردەوامەوە دەناڵێنن، لەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکشێنەوە، ترســێکی لەرادەبەدەریان هەیــە لەبێگانەکان و لە شەرمکردنی بەهێز دەناڵێنن.

## سێیەم: تێکچوونە دڵەڕاوکێکان

دەرکەوتــووە پەیوەندییــەک هەیــە لەنێــوان تێکچوونــە دەروونییەکان و ئــەو توندوتیژییانەی لەکاتی منداڵیــدا یان لەلایەن هاوســەری ژیانەوە هەیە، بەتایبەتی توندوتیژیی سێکسی، بەشێوەیەک دەرکەوتــووە کــە رێــژەی(٤٥: ٨٣٪) ی ئــەو

کەســـایەتییانەی دووچاری توندوتیژیی سێکســـی بوونەتەوە نیشانەی دیاری تێکچوونی دڵەڕاوکێیان تێدایە، جگە لەوەی شلۆقییەکانی مەترسیشیان تێدا تەشەنە دەسێنێت.

وێــڕای ئەوەی کەســـەکان زیاتــر لەئێوارانـدا سێکسی دەبن و هەست بەدڵەڕاوکێ و خرۆشانێکی بەهێــز و بــێ متمانەیی بەخۆیــان و گومانکردنی خراپ بەکەســـانی دیکە دەکەن بەشێوەیەک وایان لێـدەکات زیاتر دووچاری مەترســی و خەمۆکیی ببنەوە، هەروەها توندوتیژیی دەبێتە هۆی ڕوودانی تێکچوونــی دەروونیی گشــتیی و ترس لەشـــوێنە فراوانەکان.

جگــە لــەوەی مەترســیەکان لەنێوانیانــدا بڵاودەبێتەوە بەتایبەتی ترســیان دەبێت لەتاریکی وشـــوێنە قەرەباڵغ و بەرفراوانەکان و مەترســییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## چوارەم: تێکچوونە زانیاری و گەشەکردنەکان

ئــەو منداڵانــەی دووچــاری توندوتیژیــی بوونەتــەوە لــە زمــان و قســـەکردنیان خەوشـــی بەدیدەکرێت، کە کاریگەریی لەسەر زیرەکیان هەیە لە ڕووی زارەکییەو، جگە لەوەی ئاستەکانی منداڵ

ڕووو لەنزمبوونەوە دەکەن لەپێوەرەکانی وەزیفە ئەقڵییە گشتییەکاندا بەهۆی لەدەستدانی بایەخدانی دەوروبەر بەگەشەکردنی تواناکانی.

بەو شێوەیە گەشکەی ناڕاست لەو نەخۆشانەدا بڵاودەبێتەوە کە لە کاتی منداڵیدا دووچاری توندوتیژیی بۆتەوە .

## پێنجەم: هەوڵە خۆکوژییەکان

بیروڕاو هەوڵە خۆکوژییەکان بەسەکالاکردنی ئەوانە دادەنرێت کە دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە، لەهەر قۆناغێکدا بەڕوودانی جیادەکرێتەوە ئەگەر ڕاستەوخۆ لەکاتی توندوتیژییدا بوێت یان لەپاشێوە یاخود لەکاتی گەورەیی و تەمەنی پێگەیشتندا بێت. هەروەها ئەو کچانەی لەکاتی منداڵیدا دووچاری توندوتیژیی سێکسی بوونەتەوە بەدەست زۆرێک لەڕەفتارە خراپەکانی وەک هەوڵە خۆکوژییەکان دەناڵێنن، جگە لە شێواندنی خود و چالاکییە دژوارییەکان بۆ یاسا و بەتایبەت ئەگەر ئەو دەستدرێژییکردنانە لەکەسوکاریانەوە بێت.

**شەشەم: مەی وەرگرتن و ماددە کاریگەرەکان لەڕووی دەروونییەوە**

(٢٠٪ - ٦٥٪ ) ئەوانەی مەی و ماددە کاریگەرەکان وەردەگرن لەڕووی دەروونییەوە لەکاتی منداڵیاندا دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە، جگە لەوەی بەڵگەی زۆر هەن لەسەر پەیوەستیبونی وەرگرتنی مەی و ماددە کاریگەرەکان لەڕووی دەروونییەوە بەتوندوتیژیی خێزانی بەشێوەیەک پێگەیشتووەکانی لەکاتی منداڵیدا دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە لەتەمەنێکی زووتردا ئالودەی دەرمان و مەی دەبنەوە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی ڕووبەڕووی توندوتیژیی نەبوونەتەوە

**ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژیی**

- تەڵاق و پەرتەوازەبوونی خێزان.

-خراپی و شلۆقی پەیوەندییەکان لەنێوان کەسوکاری مێرد و ژنەکەدا.

-وازهێنانی منداڵان لەخوێندنگە.

- پەروەردە نەکردنی منداڵان و پەرتەوازەبوونیان بەپێگەیاندنێکی دەروونیی و کۆمەڵایەتی ناهاوسەنگ.

-تاوانبارکردنی تاکەکانی ئەو خێزانانەی توندوتیژییان تێدایە.
-دووژمنکاری و توندوتیژیی لای تاکەکانی ئەو خێزانانەی توندوتیژییان تێدایە.
-لەدەستدانی گونجانی ڕێکخستنی خێزان بەڕێگەیەکی زانستی ڕاست.

## کاریگەریی توندوتیژیی نێوان هاوسەرەکان لەسەر منداڵان

**-ڕاکردن لەخوێندنگە:**

٢،٢ ملیۆن، ٧٨٪ لە ناوچە گوندنشینەکان ( کچان: ٤٥٪ ).

**-سەرنەکەوتن لەخوێندندا.**

**-کرێی منداڵان:**

١٦٪ ( ٧-١٥ ساڵ)، ٦٠٠٠٠ منداڵ کە وەک خزمەتکار کاردەکەن.

**-دەربەدەریی:**

( منداڵانی سەرشەقام دەگرێتەوە ( ١٠٠٠٠- ٣٠٠٠٠).

-کارکردن لەتۆڕەکانی داوێن پیسی.

ئەوانــەی دەســتدرێژییان کراوەتەســەر چۆن دەردەکەون

**(یەکەم) نیشانە جەستەییەکان:**

-١بۆکس لەشــوێنە جیاوازەکان و ئاسەواری برینە سارێژکراوەکان.

-٢برینــداری و بۆکس لەدەم وچاو و هەردوو چاودا.

-٣نیشانەکان کە شێوازی ڕێکخراو وەردەگرن و ئەو شــتانە پێچەوانە دەکاتــەوە کە لێدراوە پێی یان جێشــوێنی دیارە وەکو تەلی کارەبا، قامچی و پشــتێنی ئاسنین یان لێدان بەقوڵغی پشتێن، یاخود جێشــوێنی دانی مرۆڤ، گوشــینی توندو فشاری بەهێز لەسەر قۆڵ و شانەکان.

-٤درز و شــکاوی لەقــۆڵ و قــاچ و دەفــەی شاندا.

-٥شوێنەواری سووتاویی، بەهۆی جگەرە یان کەوچک و شــتی تر لەسەر قاچ و دەست و پشت و دەفەی شان.

-٦برینداربوون لەسەردا.

-٧شــکاوی لەئێســک و ئێســقانی دەســت و قاچەکان.

**( دووەم ) نیشـانەکانی جۆشـخواردن و هەڵسوکەوت**

-١دووژمنکاریـی و توورەیـی، پاشەکشـە و تەنیایی.

-٢مەترسی ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵ و ترس لەکاتی گریانی کەسێکی تر یان لەکاتی پشکنینی پزیشکیدا.

-٣ هەڵبەز و دابەزی هەوەس لەنێوان دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی و ترس و توورەییدا.

-٤ دێوەزمـەی دووبـارە و تێکچوونی خەو و سەر گێژبوون لەکاتی بەئاگاهاتندا.

-٥سـکاڵای خـود لـەڕووی جەسـتەییەوە بەبەردەوامـی وەکو (سەرئێشـە، ئـازاری گەدە، ئازار بەگشتیی، سەختی لەهەناسەداندا).

-٦خراپەکاریـی و یاخیبـوون، هەسـتکردن بەتاوان.

-٧ تەنیایـی لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە و هەسـتکردن بەنەنگـی، قورسـی لەتێگەیشـتن و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا.

-٨ مەترسـییە نەخۆشـییەکان بەتایبەتـی مەترسی لەتاریکیدا.

**( سـێیەم ) نیشـانە جەسـتەییەکانی**

## ئاماژەن بە ئازاردانی سێکسی

لەکاتی نەبوونی بەڵگە جەستەییەکاندا چەسپاندن یان دیاریکردنی ئازارە سێکسییەکان کارێکی قورس دەبێت، بەڵام هەندێک ئاماژە هەن کە جێی تێبینی و بەڵگەن لەسەر ئازاردانی سێکسی لەوانە:

-١ نارەحەتی لەڕۆیشتن یان لەکاتی دانیشتندا.

-٢ ئازار یان خوراندنی ناوچەکانی کۆئەندامی زاوزێ.

-٣ پیسبوونی جلوبەرگی ناوەوەی کەسێک بەخوێن یان دڕاندنی.

-٤ دۆزینەوەی نەخۆشی لای کەسێک کە زۆرجار لەڕێگەی سێکسییەوە دەگوێزرێتەوە.

-٥ بوونی برینداریی یان ڕووشانی سارێژ لەبەشی دەرەکییدا.

-٦ کاتی میزکردن یان پیسایی ئازار بەخۆیەوە ڕاکێش دەکات.

## تەوەری سەرەکیی بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژیی

بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژیی چەند تەوەرێکی سەرەکیی هەن کە بە گشتی پێویستە لەیەک کاتدا

کاریان لەسەر بکرێت، چونکە هەریەکەیان ئەویتر تـــەواودەکات بەشـــێوەیەک دەشـــێت لـــە کۆتاییدا هاوکاری توندوتیژیی بکات دژ بەژنان بەگشتی و منداڵانیش بەشێوەیەکی تایبەتی.

**١- تـــەوەری ووردبونـــەوە لەســـەر پەروەردەیەکی دروست:**

ئامانجـــی کۆتایی ئەم تەوەرە درێـــژ مەودایە، ئەوەش خۆی لەدۆزینەوەی پیاوێکدا دەبینێتەوە کە لەداهاتـــوودا ژن و منداڵەکەی لەڕێی دامەزراندنی پەروەردەیەکی دروســـتەوە بپارێزێت بۆ منداڵان ئەگـــەر لەنـــاوەوەی خێزان یـــان لەدامەزراوەکانی فێرکـــردن و ڕاگەیاندنـــدا بێـــت کەپێویســـتە ئـــەو زانیارییـــە ئاینییانـــە بڵاوبکاتـــەوە کـــە ئامـــاژە بەمامەڵەکردنـــی باش و چاکە دەکـــەن بۆ ژنان و منداڵان جگـــە لەهاوکاریکردن و بەهای ئارامیی و هەڵکردن و تەواوکاریی لەنێو

یـــەک خێـــزان و کۆمەڵگـــەدا بەشـــێوەیەکی گشتیی.

**تەوەری ژینگەیی:**

ئەم تـــەوەرە جەخـــت لەدابینکردنی ژینگەیەکی گونجـــاو دەکاتـــەوە بـــۆ گەشـــەکردنی تاکـــەکان

گەشـــەکردنێکی کۆمەڵایەتـــی بەتاڵ لەبێبەشـــبوون و خەفەکـــردن یـــان فشـــاری ژینگەیـــی بەگشـــتیی، ئەوەش ســـەرەتای سنووردانان دەخوازێت لەگشت پیـــس بوونێک لەڕێگـــەی هەواو ئـــاو و ژاوەژاوەوە بێـــت، هەروەهـــا فراوانکردنـــی شـــارە نوێـــکان و دەرچـــوون لەدۆڵـــی بەرتەســـک بۆ دانانی ســـنوور لەدیاردەی قەرەباڵغی و کەمی ســـەرچاوەکان جگە لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی ناوچە هەڕەمەکی و پەراوێزکراوەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و سنووردانانی فشارەکان لەسەر مرۆڤ، هەروەها لەکاتـــی بایەخـــدان بەژینگـــەی ناوچە بێبەشـــەکان لەخزمەتگوزاریی و وەبەرهێنانەکان، ئەگەر لەڕووی خێڵایەتی بێت یان لەهەر شوێنێکی تردا.

### تەوەری پەرەپێدانی بەردەوام:

ئەمە تەوەرێکی ســـەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانی پەرەپێدانێکـــی بەردەوام کە پێداویســـتی نەوەکانی ئێســـتا تێردەکات بێ شـــێواندنی پێداویستییەکانی داهاتـــوو کەپەرەپێدانـــی کۆمەڵایەتـــی، ئابـــووری، ڕۆشـــنبیریی و ژینگەیـــی فـــراوان دەگرێتـــەوەو لەکۆتاییدا بەشـــدار دەبێـــت لەدابینکردنی ژیانێکی باشـــتر و دوارۆژێکـــی پڕشـــنگدارتر لەژیانـــی مرۆڤدا و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توندوتیژیی

بەشـێوەیەکی گشتیی و توندوتیژیی دژ بەژنان و منداڵان بەشێوەیەکی تایبەتی.

## پارێزگاریکردن لەتوندوتیژیی

### پاراستنی سەرەتایی

پاراسـتن لەتوندوتیژیی لەپێـش لەدایکبوونی منداڵەوە دەستپێدەکات ئەوەش لەڕێی هەڵبژاردنی باشـی ژن و مێـرد بۆ یەکتریی، چونکـە تا چەند هاوسەری ژیان لەکۆمەڵگەیەکی باش و بێ گرفتدا بێت ئەوەندە لە قسەکردن و ڕەفتاری توندڕەوانە ئاسانتر وەلای دەنێت.

هەڵبژاردنـی هاوسـەری ژیـان بناغەیـە بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی و پاراسـتن لێی ئەوەش بەخـۆلادان لەجیناتی نەخۆشـیی و پاش ئـەوەش شـێوازی مامەڵەکردنـی نێـوان باوکان و منداڵەکانیـان دێتـە ئـاراوە کەچەنـد کـەش و هەواکەی بەخەسڵەتەکانی ئاشتی و خۆشەویستی و چاودێریـی ناسـرابێت، ئەوەنـدە ژینگەیەکـی تەندروسـت دەبێـت بـەدوور لەتوندوتیژیـی و دووژمنکاریـی، لێـرەوە ڕۆڵـی پیاوانـی ئایینی و پەروەردەیی دێتە ئاراوە.

## پاراستنی لاوەکیی

دەشێت هۆکاری نەخۆشیی ببێتە سەرهەڵدانی توندوتیژیی گەر لەڕووی کۆمەڵایەتی، دەروونیی، ئەندامێتــی و ئابوورییــەوە بێــت و بێگومــان دیاریکردنی پێشکات بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە جۆربەجۆرانە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا زۆر گرنگە و دەبێــت کۆمەڵگــە ئامادەیــی هەبێت لــە دانانی بنکەی پێویستی چارەسەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئــەو حاڵەتانە و پێدانی چارەســەری پێشــکات و بەدواداچوونیان، لێرەوە ڕۆڵی پزیشکی دەروونیی و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونیی دێتە کایەوە.

## چارەسەری سیانی

دەشــێت توندوتیژیــی ببێتــە هــۆی ڕوودانی تەشــەنەکردنی دەروونیــی یــان ئەندامێتــی کــە وایلێــدەکات پێویســتی بەئامادەکــردن هەبێــت لەبنکــە تایبەتییەکانــدا، وە پێویســتە کۆمەڵگە کار بۆ ئاســانکاریی دروســتکردنی ئــەو بنکانە بکات وسیاســەتی پارێزگاریکــردن بگرێتــە بەر پشــت ئەستوور بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ئایینی.

زۆرێک لــەو حاڵەتانە وەڵامدانەوەیان هەیە بۆ پاراســتنی ســیانیی و وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی

دەگەڕێنــەوە بۆ ژیان ئەوەش پێویســتی بەڕۆڵ و بەدواداچوون هەیە بۆ خۆلادان لەکارەسات.

## ڕێگەکانی پاراستن لەتوندوتیژیی

-١ دروســتکردنی نامیلکــە، شــانۆگەری، فیلمەکان و ئامڕازەکانی تر کە باس لەو زانیاریانە بکات کە ڕێگە دەدات بە توندوتیژیی دژ بەژنان و کچان و کوڕان لــە ڕێی بوونی دابونەریتەکانەوە، هەروەهــا ســەبارەت بەمافەکانیــان لــەو ژیانەی خاڵییــە لەتوندوتیژیــی و خزمەتگوزارییەکانــی بۆیان دابینکراوە.

-٢ پێکهێنانی وەرشــەی کار لەگــەڵ ئەوانەی دووچــاری توندوتیژیــی بوونەتــەوە ســەبارەت بەگفتوگۆکــردن لەســەر توندوتیژیــی و هۆکار و دەرئەنجامەکانی بــەوەی چۆن بەرەنگاری ببنەوە و بەرەو کوێ هەنگاو بنێت لەکاتی ڕوودانیدا.

-٣ ڕێکخستنی وەرشــەی کار لەگەڵ ئەوانەی دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە بۆ متمانە بوون بەخۆیان و سەربەخۆیەتی و مافەکانی مرۆڤ.

-٤ خســتنەڕووی ڕێگەکان بۆ پاراستنی خود بەشێوەیەک ئەو کەسانەی دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە دەتوانن فێری پشتبەستن بن بەخۆیان

لەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیداو پەرەپێدانی هەستکردن بەکەرامەت و ئەوەی گونجاوە یان نەگونجاوە بۆیان.

-٥ هاندان بۆ پابەندبوون بەرێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدارە بەیاسادانان و شێوازەکانی تر بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی.

## دۆزینەوەی پێشوەخت بۆتوندوتیژیی

-١ڕاهێنانی سەرەتایی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لەڕووی وەچەخستنەوەوە جگە لەمامۆستایان و کارکردوان لەخوێندنگەکان و گشت ئەو کۆمەڵانەی مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەن کە دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوەو دەرکەوتنی نیشانەکانی توندوتیژیی جەستەیی یان سێکسی، یاخود دەروونیی بەرەچاوکردنی توخمی کۆمەڵایەتی و تەمەن.

-٢ بناغەدانانی تۆڕەکان بۆ زانیارییەکان لەنێوان کۆمەڵگەی شارستانی و حکومەتداو ئەوەی ڕێ بەزوو دۆزینەوەی توندوتیژیی دەدات.

-٣ ناساندنی هاووڵاتیان بە وێنە جۆربەجۆرەکانی توندوتیژیی.

-٤ هاندانی ئەو هەڵمەتانەی هاووڵاتیان هاندەدات بۆ ڕاگەیاندنی هەر کارێکی توندوتیژیی کە دەیبینین یان گوێبیستی دەبین.

-٥ نیشـانەکردنی ئەو کەسایەتییانەی دووچاری مەترسـی بوونەتـەوە بـۆ یارمەتیـدان و گەیاندنـی خزمەتگوزارییـەکان بۆیـان لەڕێـی خوێندنگـە و کۆمەڵـە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگـە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییـەکان واتە (وەڵامدانـەوەی هاوئاهەنگیی لەڕێی دەستە سەرەکییەکانەوە)، هەروەها لە گەورەوە بۆ بچووک.

## ڕێگەکانی خۆتێهەڵقورتاندن

-١ چـوار گۆشـەی سـەرەکیی لەخۆدەگرێت (تەندروسـتیی، دەروونیی، یاسایی و خۆپاراستن ).

-٢ مامەڵەکردووەکان دەشـێت لـەم بوارانەدا بێت:

-ئەنجامدانـی توێژینـەوە لەسـەر ئـەو دیاردەیـە و بڵاوبوونـەوەو کاریگەرییەکانـی و ڕادەی سـەرکەوتنەکانی بەدەسـتهاتن پـاش دەستێوەردانەکانی پێشوو.

-گەڕان بـەدوای نەریتی وڵاتان و بیروباوەڕە ئاینییەکان لەسەر ئەو شتانەی پاڵدەنێت بەڕێگرتن

لە توندوتیژیی.

-هاندانـی یاسـادانەر بـۆ دەرچوونـی ئـەو یاسـایانەی توندوتیژیـی بەتـاوان دەزانێـت و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی.

-دۆزینەوەی شـوێنی ئارام بۆ ئەو کەسانەی دووچاری توندوتیژیی بوونەتەوە بۆ سـکاڵاکردن بێ ترس لەتۆڵەسەندنەوە.

ڕۆڵـی کارکردوان لە بواری تەندروسـتی یان فێرکردندا

دابینکردنی ڕۆڵ بۆ مامۆستایان و کارکردووانی تەندروستی لە کارراییە فەرمیی و نافەرمییەکاندا، بـە شـێوەیەکی وەکیـەک و ئەوانـەی تایبەتن بە سـکاڵاکانەوە. بە زامنکردنی ئەوەی کارکردووان لـە هـەردوو بـواری تەندروسـتی و وفێرکردندا بێـت و ملکەچی لێپرسـینەوە بن بەرامبـەر کیانە سەربەخۆکان.


سەرچاوە:

**کتاب الدليل التدريبي لنبذ العنف**

**اعداد: د. عادل المدني(استاذ الطب النفسي جامعة الازهر)**

**د. محمد خليل (اســتاذ علــم النفس و وكيل كلية الاداب جامعة)**

## توندوتیژی خوێندنگەیی

یەکێـک لــە قوتابخانەکانــی کچان لــە ( مدینە المنورە ) ڕووداوێکی غەمباری بەخۆوە بینی، بووە هۆی لەدەســتدانی گیانی دوو خوێندکار و تووش بوونــی پێنج خوێنــدکاری تریش کــە دووچاری بەرکەواندنــی جۆر بەجۆر بــوون، هەندێکی زۆر مەترســیدار بوو ئەنجامی گاڵتەجــاری گەنجێک، پیادەی سەرچڵی و نمایشی بە ئۆتۆمبیل دەکرد بۆ دەرخستنی کارامەیی و توانای شێتانەی خۆی.

- خوێندکارێـک لــە قۆناغــی ســەرەتاییدا لــە یەکێـک لــە خوێندنگەکانــی دەســتەی مەلەکی لە جبیلــی پیشەســازیدا لە لایــەن مامۆســتاکەیەوە بــە پێلاوەکانــی دووچــاری لێدان بــۆوە بە هۆی ناکۆکی لە گەیاندنی وەرەقە بۆ تۆمارکردنی ناوی خوێندکارە دابڕاوەکان.

- فەرمانبەرێک لە کۆمپانیای گەیاندن  لە کاتی دەوامیـی فەرمیـدا بە لێدان هێرشـی کردە سـەر مامۆستایەک لە یەکێک لە خوێندنگە سەرەتاییەکان لەبەردەم فەرمانبەرانی خوێندنگەکە و مامۆستایان و هـاوڕێ و کۆمەڵێکـی زۆر لـە خوێندکارانـی خوێندنگەکە.

- باوکی منداڵێک کە دەرئەنجامی شەڕ و ناکۆکی خۆی و یەکێک لە هاوتاکانی خوێندنگەکەیان کوژرا مەرجـی بری ٣,٥ ملایینی ڕیالی دا بۆ لێبوردن لە تاوانبـار فواز محمد مشـع  بە حوکمی(١٤) سـاڵ یان  بە سزای تۆڵە سەندنەوە.

- کارگێڕی قوتابخانەی ناوەندی لە ڕۆژهەڵاتی ڕیازدا خوێندکارێکی بە ناوی نیشـتمان دەستگیر کـرد، لـە کاتێکدا (سـی دی ) سـێکێس لەڕێگەی کۆمپیوتـەرەوە نیشـانی برادەرەکانـی ئـەدا، کە بابەتـی ڕووتی لە خـۆ گرتبوو بـە دانانی نرخی (٥٠) ڕیال بۆ هەر (سی دی)یەک.

ئەمانە نمونەن بۆ هەندێ لەوانەی بەشـێوەیەکی بەردەوام لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دووبارە دەبینەوە و ئاماژەی ترسـناکن لەسـەر ڕەفتارە لادەرەکان لە نێوان خوێندکارانی خوێندنگەکاندا و سەبارەت ئاستی بەرزبوونەوەی توندوتیژی تیایدا.

ئایا دەکرێت بووترێـت خوێندنگەی هاوچەرخ

لەمــڕۆدا وەک هێڵێکــی داکۆکیــکاری دووەم بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تاوان و لادانی نەوجەوانان ســەنتەری کۆمەڵایەتی لەدەســتداوە ؟ وە ئایــا دەکرێت بــە چالاکی لە دروســتکردنی ڕەفتــاری وەکیەکیــدا هاوبەشــی بکەیــت؟ و ئایا ڕۆڵی پڕۆگرامە خوێندنگەییەکان چییە لە پێکهاتنی وشیاری ئەمنیی لای تازەپێگەیشتووەکان ؟ لەبەر ئەوەی خوێندنگە یەکەیەکی فێرکردنی بنەڕەتییە و مامۆستا شانە زیندووەکەیەتی، کتێبەکانی ئامێری دەمارگیریەکەیەتــی ؟؟؟ ئــەم توێژینەوەیە ئەنجام درا.

**١- خوێندنگە:**

لــە لێکۆلینەوەیەکدا بە ناونیشــانی ( قاوشــی نەوجەوانــان) – کێشــە و هــۆکار – ی د. عدنان الدوری: وتی هەندێ لە لێکۆلینەوە و توێژینەوەکان تاوانی بەشــداریکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەخەنــە پــاڵ دروســتکردنی هەمــان بــەش یان گەشــەکردنی هەنــدێ لــە ســەرەتاکانی یاخــود نیشــانەکانی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ببێتە بەشــێکی فەرمیی.

**٢- کتێبی خوێندنگەکان:**

لــە لێکۆلینەوەیەکــدا بــە ناونیشــانی: ڕۆڵــی پڕۆگرامــی فێرکردن لە بلاَوکردنەوەی وشــیاری

ئەمنیی لە نیشــتمانی عەرەبیدا: کە لە لایەن عاکف یوســف ســوفان ئەنجامدراوە ســەرنجی ئەوەمدا کتێبــی خوێندنگەکان بایەخ بــە بەها بنیادنەرەکان دەدەن، واتە ئەوانەی بەشــداریدەکەن لە بنیادنانی وەکیەکــی خوێندکارانــدا بــەڵام بایــەخ بــە بەهــا خۆپاراستنەکان نادەن کە خوێندکاران لە چوونە ناو تاوان ولادان دەپاریزێ، ئەوەش لای خوێندکاران یارمەتیدەرە لە دروستکردنی ڕای گشتی و لایەنە گشــتییەکان دژ بە ڕەفتارە تاوانکاریەکانی، وەک فەرمــان بــە چاکە و لادان لە خراپــە، جگە لەوەی بایــەخ بە مەودای چارەســەری نادات و بەتایبەت لــە تاوانەکانــی وەک زینــا و وەرگرتنــی مــادە بیهۆشکەرەکان و دزین و کوشتنی بە مەبەست.

**-٣ مامۆستا:**

-لــە لێکۆلینەوەیەکــدا بــە ناونیشــانی: کتێبی پەروەردەی ئیســلامی نوێ بۆ قۆناغی سەرەتایی لــە وڵاَتی ئیمارات و ئارامیــی دەروونی منداڵ - زانکــۆی ئیمارات – کۆلیجی پــەروەردە – ١٩٩٨ م دا لێکۆڵینەوەکە گەیشــتە ئامانجی دۆزینەوەی ڕادەی بایەخدانــی کتێبی پەروەردەی ئیســلامیی نــوێ بــە قۆناغی ســەرەتایی بــە ئارامــی منداڵ، چونکــە وانەکانی بیروباوەڕ لــە دەروونی منداڵدا بــاوەڕ بوون بە یەزدان و گەڕانەوە بۆ لای بەهێز

دەکات لە ناخۆشی و دڵتەنگی وتەنگانەکاندا، جگە لەوەی ئارامیی دەروونی لە دەروونی منداڵاندا دەچەسپێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە ڕاهێنانی مامۆستایان هەیە بۆ شیکارکردن و تەغتیەکردنی چالاکییەکانی بەشێوەیەک کە ئامانج بپێکێ.

## کاریگەریتی خوێندنگە لەسەر زاڵبوون بەسەر توندوتیژیدا:

-لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دامەزراوە پەروەردەییەکان لە کاری خۆپاراستن لە تاوان و ڕەفتاری لادەردا هاوبەشی دەکەن بەشێوەیەک وایلێهات خزایە نێوەندی بەرنامەی خوێندنی خوێندنگەکانەوە هەروەک ئەوەی لە فنلندا و ئوستراليا هەیە. بەشێوەیەک فنلندا پشتی بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە ئەهلی و حکومییەکان بەست کە دامەزراوە پەروەردەییەکانیش یەکێک بوو لەوان و بابەتی خۆپاراستن لە تاوانیش تێهەڵکیشی بەرنامەکانی خوێندنی خوێندنگە ئامادەییەکان بوو بەوەش دەرئەنجامی بەرجەستەی بەدیهێنا. بەشێوەیەک فنلندا بوو بە یەکێک لەو وڵاتە کەمینانەی لە جیهاندا توانیان تێکرای تاوان نزم و کەم بکاتەوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی

ڕێژەی منداڵان لە سعودیە ئەم داواکارییە ڕوو لە زیادبــوون دەکات بە پێی داتای ئەژماری تەمەنی دانیشتوان بۆ ئەو دانیشــتوانەی ئاماژە بۆ ئەوانە دەکات تەمەنیان دەگاتە ١٤ ســاڵ یان کەمتر و بە پێی دوا ئەژمــار دەگاتە ٪٤٩،٢٣ لە کۆی ژمارەی دانیشتوان.

## دیارترین کێشەکان:

### -١ سەرچڵی:

بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو ئامارە فەرمییەکانی وڵاتــی عەرەبی ســعودی ئەنجامــی ڕووداوەکانی هاتووچۆی بەم ژمارانە تۆمار کرد:

-ژمــارەی ڕووداو (١٥٥١٣٢٦) ملیــۆن و پێنج ســەد و پەنجا و یەک هەزار و ســی سەد وبیست و شــەش.وە ژمارەی برینداربووەکان گەیشــتە ( ٥٨٨٠٨٤) پێنج ســەد و هەشــتا و هەشت هەزار و هەشــتا و چوار لە کاتێکدا ژمارەی مردووەکان گەیشــتنە ( ٧٨٤٦٧) حەفتــا و هەشــت هــەزار و چوارســەد و شەســت و حــەوت. هەروەهــا ســاڵانە ئامــارە فەرمییــەکان نزیکــەی ( ٤٠٠٠) چــوار هەزار مردوویان تۆمار کردووە. وە ئەگەر ژمــارەی ئەوانەی لە کاتی وەرگرتنی چارەســەر لــە نەخۆشــخانەکاندا دەمرن بە هەنــد وەربگرین

ژمارەکــە دەبێتــە دوو ئەوەنــدە، وە لە ڕاســتیدا ئامارە فەرمییــەکان تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە لە شوێنی ڕووداوەکاندا دەمرن وە زیانە مرۆییەکان تەرکیز دەخاتە ســەر توێژی گەنجــان کە دەگاتە ٪٤٠ ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ زیانیکی کارەسات لە نێو توێژی کۆمەڵەی بەرهەمهێنی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات وە ســێ بەشی خێزانی نەخۆشخانەکان بە برینــداری ڕووداوەکانــەوە ســەرقاڵن و زیاتر لە نێــوەی ڕووداوەکانی هاتوو چۆ لە وڵاتی عەرەبی ســعودیە بە هۆی خێرایی و پەیوەست نەبوون بە نیشانەکانی هاتوچۆوە ڕوو دەدات.

**٢- تاوانە بچوکەکان:**

ئامارەکانی وەزارەتــی کاروباری کۆمەڵایەتی ســعودیە ســپاردنی ١٢٦ منداڵی بەدەرخســت لە ڕۆڵی تیبینەری کۆمەڵایەتی کە تاوانی کوشــتنیان ئەنجــام داوە وەماڵــی تیبینــەری کۆمەڵایەتی لە شاری جدەی ناوچەی مکەی مکرمە سەرۆکایەتی ناوچەکانی وڵاتی ســعودیەی کرد بە تۆمارکردنی بەرزتریــن ڕێــژەی ســپاردنی ئــەو منداڵانــەی تاوانەکانی کوشتنی ئەنجام دا.

**٣- وازهێنان لە خوێندن:**

وازهێنــان و دابــڕان لــە خوێنــدن لــە وڵاتی عەرەبی ســعودی بــەو دیاردانــە دادەنرێت کە لە زیادبووندایە، لە ڕاپۆرتێکدا کە لە سندوقی نەتەوە یەکگرتــوەکان – یونســیف خراوەتە ڕوو ڕێژەی ڕێکی و دروستی پاک لە خوێندنگە سەرەتاییەکانی کوڕان و کچانی ســعودیە لە ماوەی نێوان ســاڵی ١٩٩٢-٢٠٠٢ ڕێژەی ٪٥٦ بوو جگە لەوەی هەندێ لە گەنجانی تەواوکردو لە قۆناغی ناوەندیدا واز لە خوێندنی قۆناغی ئامادەیی دەهێنن وهەندێ لەوانەی خوێندنــی ئامادەیی تەواو دەکەن بەردەوامیەت بە خوێندنیــان نــادەن و ئــەو دیاردەیــە زیاتر دوای قۆناغی ئامادەیی ئاشکرا و لە زیاد بووندایە.، جگە وازهێنان لە بەدواداچوونی خوێندنی زانکۆ. وە لە لێکۆلینەوەی مامۆستا عەبدوڵلاَ بن ناسر سەرماندا کە دەربارەی کێشــەی بەسەربردنی کاتی دەست بە تاڵی و پەیوەندی بە لادانی نەوجەوانانەوە بوو ئەوەی سەلماند ڕێژەی ٪٣٧ ی سووکە تاوانەکان نارێک و پێکن لە خوێندنیان بەڵکو ٪١٢ لەوانە زۆر پەیوەست نابن بە دەوامەوە واتە غایب دەبن.

**٤- تەشقەڵەپێکردن:**

دانیشــتنەکانی دادگاییکردن لە دادگای گشتی ڕیازدا دەریخســت لــە کۆی ١٠ گەنجــی تاوانبار ٦ یــان مابوون جگە لــەوەی جەنابی گوییبیســتی

یــەک بە یەکی وتەکانی شــەش گەنجەکــە بوو لە کاتێکـدا تاوانــی « گێچەڵپێکــردن وێنەکردنــی کچانیان «خســتە پاڵ ئەو ڕوویداوە. ڕۆژنامەکانی کەنــداو هەواڵێکیان بڵاوکردەوە ســودەکەی ئەوە بوو پاســەوانە ئاساییشــەکان لــە (منامە- بحرین ) ی یەکێــک لە کۆمەڵگــە بازرگانییەکاندا لە کاتی وێنەگرتنیــان بــۆ کچــان گەنجانێکــی ســعودیان دەستگیر کرد لە یەکێک لە کۆمەڵگە بازرگانییەکان لــە ڕێ کامیرای گەڕۆکــی لای خۆیان بێ مۆڵەت وەرگرتن یان ڕەزامەندی کچەکان، لە کۆمەڵگەکەدا بەرپرسێک باسی لەوە کرد ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە ڕەتکراوەیــە لە دووبــارە بوونەوەدایە و زۆربەی حاڵەتەکان و بە داخێکی زۆرەوە لەســەر دەستی گەنجانــی ســعودی ڕوو دەدات لــەو ڕوانگەیەوە ڕۆژنامــەکان پێــش چەند ڕۆژێک لەســەر لێدانی ٢٠ گەنج لە شاری مدینە المنورە هەواڵێکیان بڵاو کردەوە بەهۆی تەشقەڵەپێکردنی کچان.

**٥- وەرگرتنی قەدەغەکراوەکان:**

لایەنــە ئەمنییەکان لــە ( منامــە ) دا گەنجێکی ســعودییان بۆ دادگاییکردن گواستەوە کە هەستا بــوو بــە نمایشــکردنی ( کۆئەندامــی زاوزێی ) لە یەکێک لە شــەقامەکانی ( منامە ) دا لە بحرین وە ســەرچاوە ئەمنییەکان بۆ( ڕۆژنامەی نیشــتمان )

ی سـعودی ئەوەیان دەرخست کە هاولاَتییەک لە تەمەنـی هەرزەکاریدا بەهـۆی وەرگرتنی بڕێک لە مـاددە بێهۆشـکەرە ڕۆحییەکان لـە یەکێک لە ئۆتێلەکانـدا بیهـۆش بوو تـا ئەو ئاسـتەی بێئاگا بوو پاشـان چووە سـەر شەقامی گشـتی و بەو کارە هەسـتا وە لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا لەسـەر پەرەسـەندنی بێشـوماری حەشیشـەدا لە ڕیزی نەوجەوانانی سـووکە تاوانکارەکان کە نێرینەکان بـە ڕێـژەی ٪٦٧،٨٣و مێینـەکان بـە ڕێـژەی ٪١٢،٥درێژەبووی پەرەسەندنی بوو لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەک لێکۆڵینەوەکە لەسەر گشت نەوجەوانە نیشتەجێبووەکاندا ئەنجامدرا کە ژمارەیان گەیشتە سـەد و پانزە تاک کە لـە گرتووخانەی ناوخۆییدا مایەوە.

**-٦ لێدانی خوێندکاران:**

کۆمەڵێـک زانایانـی دەروونیـی کـۆک بوون لەسەر ئەوەی لێدانی منداڵ لە قۆناغەکانی یەکەمی تەمەنیـدا لـە داهاتـوودا مرۆڤێکـی ترسـنۆک و تۆقیویان لێ دەردەچێ کە بە ڕاسـتگۆیی ناتوانیت گوزارشت لە ڕاو بۆچوونەکانی بکات لەبەر ئەوەی ئـەو منداڵە یان هەسـت دەکات بەوەی فڕێدراو و چەوسـاوەیە یاخود هەسـتکردن بە خۆیەتی تیدا زیـاد دەکات و دەبێتـە منداڵێکـی زۆردار، بەڵکـو

یەکێـک لــە زانایانــی دەروونــی و پەروەردەیــی دوورتر لەوە ڕۆی ئەو کاتەی وتی شــێوازەکانی لێدان ئاسەوارێکی خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵ بەجــێ دەهیلێ بــە شــێوەیەک توانای لەدەســت دەدات بــۆ جیاکردنــەوە و بــاوەڕ بەخۆبوونــی جگــە لەوەی هەســت بــە خەفەکــردن و نواندنی ڕەفتــاری زۆرداری دەکات بەرامبــەر کۆمەڵگەی دەرەوە. ئەو کاتــەی منداڵەکانمان دەگاتە قۆناغی ناڕاســت سزاکەی بێبەشــبوونیتی لە بەشێک لەو شــتانەی بایەخی پــێ دەدات وەک بێبەشــبوونی لە تەماشــاکردنی تەلەفزیۆن یــان ڕێگریکردنی لە ســەیرانگا و لە هەمان کاتدا دەبێت تەرکیز بخرێتە سەر بیروباوەڕی پاداشت و خەلاَت.

**٧- سەیرکردنی فیلمە سێکسییەکان:**

ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ لە لیکۆڵێنەوەیەکی مەیدانی کۆمەلاَیەتیـدا لەســەرنەوجەوانانی گرتووخانــەی ( حلــب المرکــزی ) دا: دۆزرایــەوە کــە ٪٨ ی نەوجەوانە ســووکە تاوانکارەکان کار لە فرۆشتن وبلاَوکردنــەوەی ( ســی دی ) دەکــەن کــە فیلمە سێکسییەکان لەخۆ دەگرێت. وە لە ئینگلترا هەندێ لە لێکۆلینەوەکان توانیان لە ماوەی هێنانە قســەی ١٣٤٤ توێژینــەوە دەربــارەی پەیوەنــدی نێــوان سینەما و لادانی منداڵاَن لە کەسایەتییەکانی خوار

١٦ ســاڵی. ٦٠٠ کەس لەوانــە وەڵامیان بە بوونی پەیوەندی داوەتەوە لە نێوان لادانی ڕووداوەکان و سینەمادا !!!!

-٨ کاولکردنی پێداویستی خوێندنگەکان:

وەک کتێــب، کەلوپەل و شــکاندنی شــوفێری مامۆســتاکان !! وە تا ســووتانی پۆلــەکان درێژە دەکێشــێت ؟؟ ئاگاداری حاڵەتــی خوێندکارێکم لە پۆلی شەشــی ســەرەتایی کە هەستا بە سووتانی بەشــەکە وەک ناڕەزاییــەک لەســەر ڕەخنەگرتنی مامۆســتاکان بۆ ئەو گۆرانیبێژانەی خوازراون لە لایەن خوێندکارانەوە.

## هۆکارەکان:

### -١ تەلەفزیۆن:

لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە بەرنامەی منداڵان دیمەنەکانی توندوتیژی دەردەخات زیاتر لە ( ٥٠-٦٠ ) جــار لە بەرنامەکانی تایبەتە بە گەورەکان ئەوەش بــەدەر نییــە لەو فیلمــە کارتۆنییانــەی زیاتر لە ٨٠ دیمەنی توندوتیژی دەگرێتەوە لە کاتژمێرێکدا.

-لــوردن بیج کــە پەیوەندییــەکان دەخوێنێت لە نێــوان تاوانە بچوکەکان و شــێوازەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆی جرونۆبل کاریگەرییەکی ئاشکرای هەیە، لێکۆلینەوە ڕســتەکانی لەسەر سەدان منداڵ ئەنجام

درا بۆ زیاتر لە ٣٠ ســاڵ لەســەر ئەو چوارچێوەیە دەڕوات و لە ڕێی ســەرنجی ژمارەی کاتژمێرەکانی کە هەرزەکاران بەسەری دەبەن لە نێوان بەرنامەکانی پڕە لە توندوتیژی و ژمارەی کارە دوژمنکارییەکانی لــە دواییــدا ئەنجامــی دەدەن دەتوانیــن جەخــت بکەینــەوە کە توندوتیژی بینــراو لە ڕێی تەلەفزیۆن وەڵامدانەوەی دوژمنکارانە بۆ بینەرانی زیاد دەکات بــە ڕێژەیەک کە لــە نێــوان (٥-١٠)٪ هەڵدێرەکانی نێوەندە کۆمەڵایەتییەکەی هەرچییەک بێت یان ئاستی خوێندنی کە پێی گەیشــتوون یاخــود مامەڵەکردنی باوانیان لــە گەڵیاندا. لەگەڵ جەختکردنەوە لەســەر مەترســییەکانی دیمەنەکانی توندوتیــژی و ئەوەی دەیهێنێتــە ئــاراوە لــە کەوڵکردنــی هەســتەکان و دۆزینــەوەی کەش و هەوای پڕ لە مەترســییەکانی منــداڵان و هــەرزەکاران ، لــە دوای ئــەو ڕۆژەوە خرۆشــاندن و توندوتیژییەکەیــان دەگوێزنــەوە بۆ خوێندنگاکانیان و دەشــێت مەسەلەکە بە مەینەتی فعلــی کۆتایــی بێت ئەو کاتــەی ئەوان ئــارەزووی جێبەجێکردن و تەقلیدکردنەوەی ئەوەی بینیویانە لە تاوانــەکان لە ڕێی شاشــەی تەلەفزیۆنەوە جێبەجی دەکرێت ؟ وە ڕێکخراوی یونسکۆ ڕاپۆرتێکی لەسەر مەترســی بەرنامــەی ڕاگەیاندن لەســەر هەرزەکار دەرکــرد بەشــێوەیەک ڕێکخراوەکــە فیلمــی چەتە

و ڕێگرەکانــی دانا بەوەی دەبێتە هۆی شــلۆقی  لە ڕووی ئەخلاقییــەوە کە تاوانە جۆربەجۆرەکانی لێ دەکەوێتەوە.

## لاوازی پەیوەندی لە نێوان مامۆستا و خوێنکار دا:

-٢لــە لێکۆڵینەوەیەکــی (نغیمشــی) (١٤١٥) ە لەســەر نموونەیەک لە (١٥٦٠) خوێندکاری کوڕ و کچ لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری ڕیاز لە وڵاتە عەرەبییەکانی ســعودی ئاشکرا بوو  هەرزەکاران لە تەمەنی ( ١٦-١٧-١٨) ســاڵ واز لە ڕاوێژکردن و ئالودە بوون و ڕێنمایی مامۆستاکانیان دەهێنن. ئــەوەش ئامــاژە بــە ســەربەخۆیەتی دەکات کــە هــەرزەکاران خوازیاری دەبن جگە لەو کۆچکردن و دابڕانــەی هەرزەکاران لە نێوەنــدی کۆمەڵگەدا تیایــدا دەژین بەهۆی ئەوان و خەڵکی دیکە یاخود لە ڕوویەکی دیکە مامۆستاکانیان.

## -٣ هاوڕێیەتی خراپ لە خوێندنگەدا:

لێکۆڵینــەوەی قحتانــی لــە ســاڵی (١٤١٤)ە دا ئــەوەی ڕوون کــردەوە دیارتریــن ســەرچاوە ڕۆشنبیرییە لادەرەکان لای نەوجەوانە لادەرەکان، هاوڕێیانــە لەو لێکۆلینەوەیــەی ( متلق ) (١٤٠٩)ە لەســەر ماڵــی تیبینەر لــە ( قســیم ) دا دەرکەوت

ڕێژەی ٧٣٪ ی نەوجەوانان کردەوە لادەرەکانیان بە بەشداری کەسانی دیکە ئەنجام داوە.

**٤- پەیوەندی تەمەن بە توندوتیژییەوە:**

لە هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان دا دەردەکەوێ کە کۆمەڵەیەکی تەمەنی دیاریکراو هەن زیاتر لە کەسانی دیکە ئارەزووی مارسەکردنی ڕەفتاری لادەرانەیان هەیە وە زیاتر لە ٩٥٪ ی نەوجەوانە لادەرەکانی ماڵئاواییان کرد لە ماڵی تیبینەری کۆمەلایەتی لە ماوەی هەرزەکاریدا دەژین و تەمەنیان ٦٠٪ تاوانبار لەنێوان (١٦-١٨) ساڵی ئەوەش قۆناغیکی تەمەنە و بە توندترین قۆناغەکانی مرۆڤ دادەنریت کە جیێ بایەخە و بە قۆناغی جەستەیی و دەروونی وکۆمەلایەتی جیادەکرێتەوە.وە لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (قاوشی نەوجەوانان - کێشە و هۆکاری د. عدنان الدوری ) ١٩٨٥ -م زۆربەی تاوانبارەکان چوونە جیهانی تاوانی ژێرەوە وە زۆربەی دەستدرێژکردنە ترسناکەکان لەمرۆدا لە لایەن کەسانێکەوە دەکرێت تەمەنیان کەمترە لە هەژدە ساڵ لە کۆمەڵگە گەورەکاندا.

**خوێندنگەکاندا:**

- بەدەر لە گەورەیی قەبارەی بە شێوەیەک پێشــتر نموونەی نییــە وە بودجەکانی بۆ خوێندن تایبەت کراوە و بەشی پێداویستیەکانی گەشەکردن ناکات چونکە ئەوەی لە خوێندندا بۆ تاکێک خەرج دەکرێت تا ئێستا کەمترە لە تێکرای نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتە پێشــکەوتوەکاندا، بەشێوەیەک لەقۆناغی خوێندنــی بنەڕەتیدا ئەوەی لەســەر خوێندکارێک خــەرج دەکرێت بەم شــێوەیەیە ( یابــان ٦٩٥٩،٨، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٤٧٦٣،٤ و سعودیە ١٣٣٧،٦ دۆلار. ).

**٦- گرژبــوون لــە تاقیکردنــەوە گشــتییەکاندا:**

**پێشنیارەکان:**

- دابینکردنــی دەرفەتی خوێنــدن بۆ گەورە و بچوک لەگەڵ بایەخدان بە منداڵیتی پێشکات.

- پێشکەشــکردنی چاودێــری بــۆ ئەوانــەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانن ( لە خاوەن بەهرە و کەمئەندامەکان ).

- دیاریکردنی نەخوێندەواری و قەلاچۆکردنی بە زۆر.

- کەمکردنەوەی چری پۆلەکان لە ٣٥ خوێندکار

لــە پۆلــدا، وە تازەکردنــەوەی ئامادەکردنــەوەی خوێندنگە کۆنەکان.

- بەرزکردنــەوەی ئاســتی خزمەتگــوزاری خوێندن بــۆ خوێندکار و ئاوێتەکردنی تەکنەلۆجیا لە بەرنامە جۆربەجۆرەکان و بەکارهێنانی گشــت مامۆستایان و خوێندکاران بۆی .

- بەکارهێنانــی بەرنامــەی گونجــاو و پێشــکەوتوو کــە ڕێ بە ئــازادی هێنانە بوون و ڕاهێنانــی خوێنــدکاران بدات وە چاندنــی توانا لە ناخیاندا لەســەر دەستپێشخەری تاک و ڕێزلێنانی هەروەهــا پەرەپێدانــی کارامەیــی جۆربەجۆر بە پیــێ داخوازییەکانــی بــازاڕی کاری جیهانی لای خوێندکار.

- نزمکردنەوەی گرژبوون لە نێو خێزانەکانداو ئەو دڵەڕاوکییــەی دەرئەنجامــی تاقیکردنەوەکان ڕوو دەدات.

- گەیشــتن بــە خوێندنــی هونەری تا ئاســتی جیهانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری.

- ئامادەکردنــی مامۆســتا بەشــێوەیەک دروستکەری گەشەپێکردنی یەکەم وئامرازەکەیەتی

و پێویســـتە پیاچونـــەوە بـــە بـــاری کۆمەڵایەتی و داراییانـــدا بکرێت و کارکـــردن بۆ بەرزکردنەوەی شوێنیان لە کۆمەڵگەدا.

## بڵاوکردنەوەی وشیاری ئەمنیی لای منداڵ:

-لـــە لێکۆلینەوەیەکـــدا بـــە ناونیشـــانی: بەرەو ستراتیجی پەروەردەی هاتووچۆ لە ڕیازی منداڵان -زانکۆی ئیمارات – د. سهام محمد بدر ١٩٩٨- ە کە لێکۆڵینەوەکەی کورت کردەوە لەسەر گرنگیتی ســـەیرکردن بـــە بەرنامەکانـــی ڕیازی منـــداڵان و گەشـــەکردنی بەشـــێوەیەک لایەنێکـــی ســـەرەکی لەخـــۆ بگرێت لەوانـــە پـــەروەردەی هاتووچۆ بەو مەبەســـتەی بەشـــێکە لە ڕۆشـــنبیری زانســـتی و هونەری و کۆمەڵایەتی.

-تێهەڵکێشـــانی بەرنامە ئاساییەکانی فێرکردن بـــە زانیارییـــە ئەمنییـــە جۆربەجـــۆرەکان گـــەر بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ بێـــت وەک بابەتـــە تایبەتـــەکان بە دزین و پاراســـتنی مافی گشـــتی و موڵکیەت و مافەکانی دراوســـێ و بێهۆشکەرەکان بـــە تایبەت لە ماددە زانســـتییەکاندا یان لە مادەی پـــەروەردەی ئاینی و مێژوو یاخود لە ئەدەب یان

لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان.

- گەمارۆدانـــی منداڵانـــی خـــاوەن ڕەفتـــاری دوژمنکارانـــە و دانانیـــان لـــە ژێـــر چاودێـــری ئاراستەکردن.

- پشـــتیوانی پەیوەندی نێوان خێزانی منداڵ و خوێندنگەکاندا.

-دادگای نەوجەوانـــان: هەڵدەســـتیت بە گەڕان بـــەدوای هـــۆکارەکان و بارودۆخەکانـــی بوونەتە هۆی ڕووداوەکە بۆ ڕوودانی تاوانەکە.

سەرچاوە

العنف المدرسي-

فوزيه الخليوي

www.Saaid.net-

## له بڵاوكراوەكانی تری نووسەر

١. ژن له بازنەیەكی داخراودا.
٢. پێگەی ژن له كۆمەڵگەی كوردەواریدا.
٣. توندوتیژیی وەزیفی دژی ژنان له فەرمانگە حكومیەكاندا.
٤. كاتێک تەنیایی سەپێنراو ڕوو له ژن دەكات.
٥. كوشتنی ژنان له ئاماری میدیاكانەوە.
٦. بەشداریكردنی سیاسی ژنان.

## كورتەیەك له ژیاننامەی وەرگێڕ

كنێر عەبدوڵڵا حمە عەزیز له دایكبووی ١٩٧٠/٥/١٢، دەرچووی كۆلێجی ئاداب بەشی زمانی عەرەبی، زانكۆی هەولێر. ساڵی ١٩٩١ له ڕێكخراوی یەكێتی ژنانی كوردستان كاری كردووە و ئەندامی سكراتاریەتە لەو ڕێكخراوەدا، ساڵی ٢٠٠١ دەستی داوەتە كاری نووسین ساڵی ٢٠٠٣ وەک ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ڕیفراندۆم له كوردستان كاری كردووەو ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیە.